هاوویلاتییانی هەرێمی کوردستان داواکارن لایەنەکان پەلە لە پێکهێنانی حکوومەتدا بکەن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5667) سێ شەممە 8ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

شاندی پارتی بۆ گەڕی سێیەمی دانوستانەکان ئەمڕۆ دەچێتە سلێمانی و لەگەڵ یەکێتیدا کۆ دەبێتەوە، وەک هاووڵاتیانیش دەڵێن، لە دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت نیگەرانن و داوا دەکەن لایەنەکان دۆسیەکان تێکەڵ بە یەکدی نەکەن و پەلە لە پێکهێنانی حکوومەتدا بکەن. پارتی بە دڕووشمی کوردستانێکی بەهێز بەشداری لە هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەماندا کرد و وەک هێزی یەکەم بە جیاوازییەکی زۆر لە پێش حزبەکانی دیکەوەیە، مەسروور بارزانی، کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ڕێبوار تاڵەبانی: چاوەڕێی هەڵوێستیی سەرۆک بارزانی دەکەین

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبێتەوە و لە بارەی هەوڵی لادانی ڕێبوار تاڵەبانی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

40ەمین ساڵەی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی لە ڤییەنا

پیلانی 1979 و 2017 نەیانتوانی چۆک بە ئیرادەی گەلی کوردستان بدەن



دوای نسکۆی 1975 ڕژێمی بەعس، لە دریژەپێدانی خەباتی خەڵکی کوردستان دەترسا، بەتایبەتیش دوای بلاوبوونەوەی دەنگویاسی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە لە هەموو لایەکەوە کەوتە پەلاماردانی کوردو، لە ئەوروپا لە 1979/1/8 هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی دا. دوای نسکۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو مافە نەتەوەییەکاندا، دریژەی بە خەبات داو، دەستی بە جموجۆڵ کردەوەو جارێکی دی خۆی ڕێکخستەوە، وێڕای جموجۆڵی ناوخۆی کوردستان و پێکهێنانی سەرکردایەتی کاتی، پارتی لە دەرەوەی کوردستانیش، بەتایبەتی ئەوروپا دەستی بە چالاکی کرد. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل4 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی بزووتنەوەی عەتا و ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتیمانیی عێراق کرد



جەخت لە هەماهەنگیی هەردوولا کرایەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

دوێنێ دووشەممە 7ی 1ی 2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە فالح فەیاز سەرۆکی بزووتنەوەی عەتا و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و دواپێن هەنگاوەکانی تەواوکردنی حکوومەتی تازەی عێراق تاوتوێ کرا. هەر لەو دیدارەدا جەخت لە هەماهەنگیی هەردوولا لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان کرایەوە.

لەسەر فەرمانی نێچیرڤان بارزانی بوودجە بۆ تەواوکردنی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی تەرخانکرا

بە هۆی قەیرانی دارایی کارکردن لە شەقامی 100 مەتریی سلێمانی ڕاوەستابوو، بۆ دەستپێکردنی کارەکانی ئەم شەقامە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان بڕیاری دا بە دووبارە کارکردن لەو پرۆژەیە، بۆ ئەو مەبەستەش 90 ملیار دیناریی تەرخانکرد. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر کرد

پێکهێنانی حکوومەتی نوێ و پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان تاوتوێکران



دوێنێ دووشەممە 2019/1/7 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ستیڤ ڤاگن کونسوڵی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە قۆناغەکانی ڕابردوو ئێستادا و زیاتر لە دیدارەکەدا باسی ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان کرا و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ و بەردەوامبوونی چاکسازی و دوا پێشهاتەکانی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا.

بەڕێز ڤاگن سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە بایەخدان بە کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی بەرز نرخاند و سوپاسی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کرد بۆ ئەو هاوکارییەی پێشکەش بە کونسولگەریی وڵاتەکەیان لە هەولێر دەکرێت. تاوتوێکردنی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق چەند پرسێک تاوتوێدەکات

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە پەرلەمانی عێراق کۆبێتەوە و بڕیاریش وایە گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاسای بودجە بکرێت و دەنگ بە کاندیدی ئەو وەزارەتانەیش بدرێت کە تا ئێستا پڕ نەکراونەتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



لایەنە سیاسییەکان زیاتر لە قەبارەی خۆیان داوای پۆست لە پارتی دەکەن

نزیکەی سەد ڕۆژ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە و هێشتا لایەنەکان نەگەییشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. شرۆڤەکارێکی سیاسییش دەڵێ، پارتی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا، هەموو کات لە مافەکانی خۆی خۆش بووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان:

خەرجکردنی پارەی سێ ساڵی جووتیاران خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، وردەکارییەکانی خەرجکردنی پارەی سێ ساڵی جووتیارانی هەرێم کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و بۆ بڕیاردانی کۆتاییش وەزارەتی بازرگانی عێراق نووسراوێکی داوەتە حکوومەتی عێراق. **(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)**



ئەمەریکا سەربازگەی کەیوانی لە پارێزگای کەرکووک فراوانترکردووە

ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێ رایگەیاند ماوەیەکە ئەمەریکا جموجۆڵی هێزەکانی لە سەرتاسەری عێراق زیادکردووە و جگە لە سەربازەکانیان دەیان کەلوپەلی دیکەی سەربازییان لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی عێراق و ناوچە کێشە لەسەرەکان جێگیرکردووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پارتی و گۆڕان لەبارەی شێوازی دابەشکردنی پۆستەکان یەک بۆچوونیان هەیە

عەلی حەمە ساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دڵنیایی دەدات، کە بزووتنەوەی گۆڕان ڕێگر نییە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەت، لە بەرامبەردا ئومێد خۆشناو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دەڵێت، ئەگەر پەرلەمان دەستی بە دانیشتنەکان کردبا، فراکسیۆنەکان دەیانتوانی هاوکاربن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

دوای هەڕەشەی داعش گوندێکی کوردنشینی لە سنووری دوبز چۆڵکرا

کوردانی دانیشتووی گوندێکی سەر بە شارۆچکەی دوبزی سەر بە پارێزگای کەرکووک، بە هۆی هەڕەشەکردن لێیان لە لایەن داعشەوە، گوندەکەیان چۆڵ کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دۆنالد ترەمپ: نەمگوتووە زۆر بەخێرایی لە سووریا دەکشێینەوە

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ئاماژەی بەوەکرد کە سوورە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا، بەڵام هیچی لەوبارەوە نەگوتووە کە هێزەکان لە ماوەیەکی کورتدا بکێشێنەوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

پارتی و گۆڕان لەبارەی شێوازی دابەشکردنی پۆستەکان یەک بۆچوونیان هەیە

عەلی حەمە ساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دڵنیایی دەدات، کە بزووتنەوەی گۆڕان ڕێگر نییە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەت، لە بەرامبەردا ئومێد خۆشناو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دەڵێت، ئەگەر پەرلەمان دەستی بە دانیشتنەکان کردبا، فراکسیۆنەکان دەیانتوانی هاوکاربن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبوونەوەی ئەنجوومەکە بە نایاسایی دەزانێت

رێبوار تاڵەبانی: چاوەڕێی هەڵوێستیی سەرۆک بارزانی دەکەین



خەبات/تریفە ئازاد:

دووربخەنەوە مەبەستیان کارانەی هەندێک کەس ئەمڕۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆدەبێتەوە و لە بارەی هەوڵی لادانی رێبوار تاڵەبانی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت.

رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات، گوتی: ئەو کۆبوونەوەی بڕیارە ئەنجام بدرێت، کۆبوونەوەیەکی نایاساییە، چونکە ئەوانەی دەیانەوێت من لە پۆستەکەم دەیکەن، مەرامی سیاسی لە پشتە و لە داهاتووشدا چاوەڕێی هەڵوێستیی تری سەرۆک بارزانین، چونکە ئەو دەزانێت کەرکووک لە چ دۆخێکدایە و هەرگیزیش داگیرکردنی کەرکووکی قبوڵ نییە، گوتیشی: لەو بڕوایەش دانیم رێژەی یاسایی دانیشتنەکە تەواو بکرێت و بەڕێوەبچێت، خۆ ئەگەر بەڕێوەشچوو، ئەوا لە دوای دووبارە گەڕانەوەی کەرکووک ئەوان دەسەلاتیان نامێنێت .

دووبارە سەلماندی کە ئەو کاری یاسایی و ئیداری نییە، بەڵکو مەبەستەکە مەبەستێکی سیاسییە و نایەوێت دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، من ئەو کۆبوونەوەیە بە یاسایی نازانم، چونکە ئێستا کەرکووک داگیرکراوە و لە ژێر حکومی عەسکەرتاریەتدایە، هەروەها گوتیشی: لە چەند رۆژی پێشوودا لەبارەی بڕیاری دەستگیرکردنم سەرۆک بارزانی هەڵوێستێکی بەرزی نواند و دووبارە سەلماندی کە ئەو ئەمرۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆدەبێتەوە و لە بارەی هەوڵی لادانی رێبوار تاڵەبانی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت.



مەکتەبی سیاسیی پارتی لەگەڵ گرووپی ئاشتی ئافرەتانی سەرکردە کۆبۆوە

گرووپەکە پڕۆژەیەکیان بۆ کارنامەی حکوومەتی داهاتوو پێشکەشکرد

دوێنێ دووشەممە 2019/1/7 لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە گرووپی ئاشتی ئافرەتانی سەرکردە، فازڵ میرانی خۆشحاڵی خۆی دەبڕی بۆ ئەم دیدارە و بە گرنگ وەسفی کرد.

سکرتێری مەکتەبی سیاسی تیشکی خستەسەر بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و گرنگی پاراستنی سەقامگیری و ئاشتەوایی و دەستکەوتەکان و گوتی: پارتی سینگ کراوەیە بۆ هەر هەوڵ و کۆششێک لە پێناو پاراستنی ئاشتەوایی و ریکخستنی ناوماڵی کورد و هەرچی زووتر دەبێ حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت و ئێمەی پارتی هاوسۆزی خۆمان بۆ ئەم وێڕای بەخێرهێنانی گرووپی ئاشتی ئافرەتانی سەرکردە، فازڵ میرانی خۆشحاڵی خۆی دەبڕی بۆ ئەم دیدارە و بە گرنگ وەسفی کرد.

سکرتێری مەکتەبی سیاسی تیشکی خستەسەر بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و گرنگی پاراستنی سەقامگیری و ئاشتەوایی و دەستکەوتەکان و گوتی: پارتی سینگ کراوەیە بۆ هەر هەوڵ و کۆششێک لە پێناو پاراستنی ئاشتەوایی و ریکخستنی ناوماڵی کورد و هەرچی زووتر داوە و هەزار سەرکردەی گەورەی پێگەیاندووە و شەونخوونی و خۆڕاگری کردووە لە پێناو ژیانی داواکارییانە دەردەبڕین و پاڵپشتیی تەواوی ئافرەتانین بۆ بەشداری کارایان لە هەموو بوارەکاندا.

هەروەها میرانی ئاماژەی بەوەشکرد کە پارتی لە ساڵی 1952ەوە گرنگی زۆری بە ریکخراوەکان داوە بەتایبەت ئافرەتان و پاڵپشتیی رۆڵیان بووە تا ئێستا و رۆڵی ئافرەتی کوردی لە دێرزەمانەوە هاوشانی پیاوان لە هەموو بوارەکان بەرز نرخاند کە لە بزاڤی رزگاری و ئازادیخوازی کوردستاندا قوربانی زۆری دیموکراسییەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا تاکو رۆڵی گەشتری شارستانیمان پێشان بدات و بەشداریکردنی کارای ئافرەتان لە گشت ئاستەکان و بەرپرسیارەتی و سوودوەرگرتنی زیاتر لە توانا کانیان بیت.

لە کۆتاییدا گرووپی ئاشتی ئافرەتانی سەرکردە لە داهاتوودا سەردانی پارت و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار دەکەن بۆ هەمان مەبەست و جێی ئاماژەیە گرووپی ئاشتی ئافرەتانی سەرکردە لە زۆربەی لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی پێکهاتوون.

ئەمەریکا سەربازگەی کەیوانی لە پارێزگای کەرکووک فراوانترکردووە

شاخەوان عەبدوڵڵا: جموجۆڵی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا بە تەنها لە پارێزگای کەرکووک نییە

ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێ رایگەیاند ماوەیەکە ئەمەریکا جموجۆڵی هێزەکانی لە سەرتاسەری عێراق زیادکردووە و جگە لە سەربازەکانیان دەیان کەلوپەلی دیکەی سەربازییان لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی عێراق و ناوچە کێشە لەسەرەکان جێگیرکردووە.

شاخەوان عەبدوڵڵا گوتیشی: لە چەند رۆژی رابردووەوە هێزەکانی ئەمەریکا، هێزە عێراقییەکانیان لە سەربازگەی کەیوان ئاگادار کردووەتەوە کە هێزەکانی ئەمەریکا پێویستییان بە شوێنی زیاترە بۆ مانەوەیان لە سەربازگەکە، بۆ ئەو مەبەستەیش ئەمەریکا سەربازگەی کەیوانی لە پارێزگای کەرکووک فراوانترکردووە و هێزی زیاتری رەوانەی ناوچەکە کردووە.

ئەو ئەندامەی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە هاوکات ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریش بوو دەڵێت جموجۆڵی هێزەکانی ئەمەریکا بە تەنها لە سنووری پارێزگای کەرکووک نییە، بەڵکو ئەمەریکا هێزەکانی خۆی لە بنکەی سەربازی عەین ئەسەد لە رۆژئاوای پارێزگای ئەنبار زیادکردووە و لە چەند ناوچەیەکی شاری تکریت و ناوچە سنووریەکانی نێوان عێراق و سووریا جموجۆڵی هێزەکانیان زیادتر بووە.



هاوکات سەرۆکی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، هاوکات محەمەد کەمال گوتی: ئێمە دەزانین ئەمەریکا هێزی خۆی ڕەوانەی کەرکووک کردووە و لە سەربازگەی کەیوان جێگیری کردوون، بەڵام تا ئێستا نەمانزانیوە ئامانج لە هاتنیان چییە.

محەمەد کەمال دەشڵێت پێمان باشە هێزەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە کەرکووک، چونکە ماوەیەکە جموجۆڵی داعش لە سنووردکە زیادی کردووە، ئەو هێزە عێراقییانەی لە سنووری کەرکووکن ناتوانن جموجۆڵەکانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن.

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق چەند پرسێک تاوتوێدەکات

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە پەرلەمانی عێراق کۆبێتەوە و بڕیاریش وایە گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاسای بودجە بکرێت و دەنگ بە کاندیدی ئەو وەزارەتانەیش بدرێت کە تا ئێستا پڕ نەکراونەتەوە.

دوای پشووەکانی سەری ساڵ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆ دەبێتەوە و تاوتوێی چەند پرسێک دەکرێت، کە یەکێک لەوانە پرۆژەیاسای بودجەیە کە لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.

د.ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دوێنێ دووشەممە بە مالپەڕی



فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا یەکێک لەو پرسانەی کە باس دەکرێت، پرسی بودجەیە، چونکە یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە بۆ هەموو لایەک گرنگە، بە تایبەت بۆ خەڵکی کوردستان. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ڕاشیگەیاند: لەوانەیە چەند پرسێکی تریش تاوتوێ بکرێن، ڕەنگە شاندی حکوومەتی هەرێمیش بێنەوە بەغدا و گفتوگۆ لەسەر پرسی بودجە بکەن. سەبارەت بە پڕکردنەوەی وەزارەتە بەتاڵەکانیش، سەبری گوتی: هیوادارین لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ئەو پرسە یەکلابکرێتەوە، بەڵام تا ئەم ساتەیش ڕوون نییە کە وەزارەتەکان پڕ دەکرێنەوە، ئەمەیش بە هۆی ململانێ سیاسییەکانەوەیە کە تا ئێستا یەکلا نەکراونەتەوە.

دوای هەڕەشەی داعش

گوندێکی کوردنشینی لە سنووری دوبز چۆڵکرا

کوردانی دانیشتووی گوندێکی سەر بە شارۆچکەی دوبزی سەر بە پارێزگای کەرکووک، بە هۆی هەڕەشەکردن لێیان لە لایەن داعشەوە، گوندەکەیان چۆڵ کرد.

عەبدوڵڵا مەجید، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی شارۆچکەی دوبز، دوێنێ دووشەممە 2019/1/7 باسنیوزی ڕاگەیاندووە: تیرۆریستانی داعش دانیشتوانی گوندی تەقتەقی سەر بە دوبزیان ئاگادار کردەوە کە گوندەکەیان چۆڵ بکەن، ئیتر بەشێک لە مالەکان گوندەکەیان چۆڵکردووە.

گوتیشی: ئەو گوندە عەرەبیشی تێدا دەژیت و تەنانەت داعش ئەو عەرەبانەشی ئاگادار کردووەتەوە کە گوندەکە چۆڵ بکەن.

بەپێی زانیارییەکان ئەو گوندە لە بنەڕەتدا گوندێکی کوردنشینە، بەڵام ژمارەیەک خێزانی عەرەبیش لەو گوندەدا دەژین، ئێستاش بە هۆی هەڕەشەکانی داعشەوە کوردەکانی ئەو گوندە چۆڵیان کردووە و ئاوارەی سەنتەری شارۆچکەی دووبز بوونە. هەر بەپێی زانیارییەکان، مەترسی داعش لەسەر گوندە کوردنشینەکانی دیکەی دوبز دروست بووە .

لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، شارۆچکەی دوبزیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار داگیرکرد و لەو کاتەوە دۆخی سنووریکە نالەبارە.

عەلی حەمە سالّح: گۆڕان ڕێگر نییە لەبەردەم پێکهێنانی حکوومەت

پارتی و گۆڕان لەبارەی شێوازی دابەشکردنی پۆستەکان یەک بۆچوونیان هەیە



عەلی حەمە سالّح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دڵنیایی دەدات، کە بزووتنەوەی گۆڕان ڕێگر نییە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەت، لە بەرامبەردا ئومێد خۆشناو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دەڵێت، ئەگەر پەرلەمان دەستی بە دانیشتنەکان کردبا، فراکسیۆنەکان دەیانتوانی هاوکاربن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ.

لە کاتێکدا پارتی ئامادەیی خۆی بۆ گەڕی سێیەمی دانوستانەکان لەپێناو پێکهێنانی حکومەت نیشاندداوە و لەم چوارچێوەیەشدا بڕیارە بە جیا لەگەڵ هەرێەک لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆران، دڕێژە بە گفتوگۆکان بدات، لەمبارەشەوە عەلی حەمە سالّح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان 24 ئاشکرای کردووە کە بزووتنەوەکەیان بەو لێکدانەوە بیرکاریەی کردوویەتی لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم، لە 14.5٪ی پۆستەکانی بەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی بەرنامەی کابینەکەیان لا گرنگە، ئەوەندە سەرنجیان بە لای پۆست و پلەکاندا نییە.

ئێستاش کە دوو مانگ بەسەر سوێندخواردنی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم تێدەپەڕێت، ئەو دانیشتنەی سوێندەکەی تێدا خورا، تا ئێستا بە کراوەیی ماوەتەوە و چاوەڕێ نەدەکرا بەم شێوەیە درێژە بکێشێت، لەمبارەشەوە ئومێد خۆشناو، کە یەکێکە لە 45 پەرلەمانتارەکەی پارتی لە خولی پێنجەم و لە خولی چوارەمیش سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بوو، ئەو جەخت دەکاتەوە ئەگەر لیژنەکانی پەرلەمان دەستیان بەکار کردبا و دانیشتەکانی پەرلەمان ئەنجامدرابان، فراکسیۆنەکان هەم ڕووبەڕووی هەندێک کێشەی نەخوازراو دەبوونەوە هەمیش دەیانتوانی هاوکاری حزبەکانیان بن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ.

پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان لە دابەشکردنی پۆستەکان بە پێی خاڵ و ژمارەی کورسیەکان، یەک بۆچوونیان هەیە لە بەرانبەردا یەکێتی نیشتمانی جوگرافی و یەک پاکێجی و مێژووی حزبەکەی لە پێش قەبارەی کورسیەکانی داناوە، چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و بەغدا و پێکهێنانی حکوومەتیش بە یەک پاکێج لە لایەن یەکێتییەوە، لای پارتی قبوولکراو نییە.

لایەنە سیاسییەکان زیاتر لە قەبارەی خۆیان داوای پۆست لە پارتی دەکەن

شرۆڤەکارێکی سیاسی: پارتی بۆ بەرژەوەندیی گشتی لە مافی خۆی خۆش بووە



نزیکەی سەد ڕۆژ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە و هێشتا لایەنەکان نەگەییشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. شرۆڤەکارێکی سیاسییش دەڵێ، پارتی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا، هەموو کات لە مافەکانی خۆی خۆش بووە.

عەبدولسەلام بەروازی، شرۆڤەکاری سیاسی باوەڕی وایە، گوشاری لایەنەکان بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا بۆ ئەوەیە لە کابینەی داهاتوودا زۆرترین پلە و پۆست بەدەست بێنن، پارتییش هەمیشە بۆ بەرژەوەندیی گشتی، زۆرجار ئامادە بووە لە پشکی خۆی ببەخشێت لە پێناو خزمەتکردنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندیی گشتیدا.

ئەو شرۆڤەکارە سیاسییە، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتیشی: ئەگەر یەکێتی وەک ئێستا باسی لێوە دەکات بیەوێت بگاتە ڕێککەتنێک لەگەڵ پارتی، دەبوایە پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەردوولا پەیمانێک ببەستن، بەڵام کە ئێستا زیاتر لە سێ مانگە هەڵبژاردن کراوە، پێویستە بابەتەکە تەنیا ڕێککەوتن بێت لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نەک تێکەڵکردنی مەلەفەکان، چونکە بەستنەوەی چەند کێشەیەک، یان چەند پرسێک لە ڕووی لۆژیکی سیاسییەوە، پرسە بچووکەکانیش گەورە دەکات. بەرواری ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: ڕاستە پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دواکەوت، بەڵام هەر لایەنە و دەیەوێ سەقفی داواکاریی خۆی زیاتر لە قەبارەی خۆی بەرزبکاتەوە، ئەو هەموو گوشارەیش تەنیا لە پێناو بەدەستهێنانی زۆرترین پلە و پۆستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا و پێشتریش پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەییشتن بە ڕێککەوتن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی، ئامادەیە لە مافەکانی خۆش خۆش بێت، تەنانەت زۆر جار ڕەخنە لە لایەن ئەندام و کادیرانی پارتییەوە دەگیرێت بەوەی کە پارتی زۆر لە مافی خۆی دەبەخشێت.

چارەنووسی بەشێک لە کورد ئێزدییە بێسەروشوێنەکان ئاشکرا دەبێت

نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕەفێنراوان: ئاگاداری چارەنووسی بەشێک لەو کورد ئێزیدیانەین

داعش ئەو کورد ئێزیدیانەی کردووەتە قەڵغانی پاراستنی خۆی

چارەنووسی بەشێک لەو کورد ئێزدیانەی لە ئابی 2014 لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون ئاشکرا دەبێت هەندێکیان هێشتا لەو ناوچە کەمانەن کە بەدەست داعشەوە ماون لە سووریا، بەشێکیشیان لەو کەمپانەن کە لە مووسڵ بۆ خێزانی چەکدارانی داعش دروستکراون. کەسوکاری یەکێک لەو بێسەروشوێنانە دەڵێت: لە ناوچەی سوسە لە سووریا پەیوەندیان پێوەکردووین و دەڵێن بە هۆی بۆردوومانەوە ڕەوشمان زۆر خراپە.

داود ئیلیاس، خەڵکی گوندی کۆچۆیە، 15 کەس لە خێزانەکەی بێسەروشوێن، بەڵام ئەو هێشتا بێ ئومێد نەبووە لە دۆزینەوەیان. ئەو باسی چارەنووسی هەندێک لەو بێسەروشوێنانە دەکات و دەڵێت : دوو ڕۆژ لەمەوبەر خزمێکمان کە لە لایەن داعشەوە ڕفێندراوە، پەیوەندی پێوەکردم و پێیگوتم ئێمە زیاتر لە 10 کوردی ئێزدی دەبین لە ناوچەی سوسەین لە دێرەزوور، بەڵام هەر یەکەمان لە لایەکین.

داود زانیاری زیاتر لەسەر چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنانە لە زاری ژنەکەی خزمیانەوە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: ماوەیەکە فڕۆکەکان بۆردوومانی ئەو ناوچەیە دەکەن و لەو بۆردوومانانەشدا چەند ژن و منداڵێکی ئێزیدیش بوونەتە قوربانی، ڕەوشی ئێمەش زۆر خراپە، چونکە داعش ئێمەی کردووەتە قەڵغانی پاراستنی خۆی.

ئەو ژنە لە ڕێگەی داوەوە داوا لە لایەنی بەرپرس لە کوردستان و عێراق کرد کە بەهانایانەوە بچن. داود دەڵێت : ئەو ژنە داوای لە من کرد کە دەنگی بگەیێنمە لایەنی پەیوەندیدار لە کوردستان و عێراق، ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان، زۆربەیان ئێستا مەترسی کوشتنیان لەسەرە، چونکە سنووری داعش زۆر بەرتەسک بووەتەوە، هەموویان لە ناوچەیەک کۆبوونەتەوە، بۆیە ئەگەر فریامان نەکەون، هەموومان دەبینە ئامانجی هێرشی فڕۆکەکان.

بەسام خزر، بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕەفێنراوان، قسەکانی داود پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: ئێمەش ئاگاداری چارەنووسی بەشێک لەو کورد ئێزدیانەین کە تا ئێستا لە ژێر دەستی داعشدا ماون، بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچەی سوسەی سەر بە دێرەزوورن. هەروەها گوتی: جگە لەوانەی لە سوسەن، هەندێکیشیان لەو کەمپانەن کە لە مووسڵ بۆ خێزانی چەکدارانی داعش دروستکراون. سەبارەت بە ژمارەی ئەو ئێزیدیانەی تا ئێستا لە ژێر دەستی داعشن و شوێنەکانیان ئاشکرایە، بەسام خزر گوتی: ناتوانم ژمارەکە بڵێم، بەڵام بەدەیانن. کچ و ژن و منداڵ و پیاو و گەنجیان تێدایە، ئێستا خەریکین بەشێکیان ڕزگار دەکەین، بۆ بەشەکەی دیکەش بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی ئازادیان بکەین.

ڕۆژی سێی ئابی 2014 چەکدارانی داعش پەلاماری شنگال و دەوروبەریان دا، زیاتر لە 6000 کوردی ئێزیدییان لەو ناوچەیە ڕفاند، بەشێکیان بە تایبەتیش نێرینەکان هەر لە شنگال و شوێنی نیشتەجێبوونیان کۆمەڵکوژکران. هەروەها ژن و کچەکانیش کران بە کەنیزەک و چەکدارانی داعش لە نێوان خۆیاندا کڕین و فرۆشتنیان پێوەکردوون.

لە ساڵی 2014 لەسەر داوای نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوان دامەزرا کە سەر بە نووسینگەی تایبەتی نێچیرڤان بارزانییە و ئۆفیسی سەرەکیشی لە شاری دهۆکە، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا 3350 کەس لە ڕێگەی ئەو نووسینگەیەوە ڕزگارکراون. بەسام خدر دەڵێت لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ڕزگارکردن و دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ئێزیدییانەی تا ئێستا بێسەروشوێن هەتا یەک کوردی ئێزدی مابێت ڕزگار بکرێ ?ئێمە لەسەر کاری خۆمان بەردەوام دەبین.

سەرچاوە: ڕووداو نێت

تورکیا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ 100 سەرباز دەرکرد بە هۆی پەیوەندییان بە گولەنەوە

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، دەزگای ڕاگەیاندنی فەرمی تورکیا بڵاویکردووەتەوە کە دادوەری تورکیا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سەد سەرباز دەکردووە بە هۆی ئەوەی گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت پەیوەندییان بە کەسایەتی ئایینی تورکیا فەتحوڵا گولەنەوە، هەبێت و فەرمانی دەستگیرکردنەکەش لە دەزگامی ئەو لێکۆڵینەوانەوە بووە کە سەبارەت بەو پەیوەندییانەی لە ڕێگەی تەلەفونەوە کراون لە نێوان سەربازەکاندا کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت ئەندام بن لە تۆڕەکەی گولەندا، بە هۆی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانەوە فەرمانی دەستگیرکردنەکان دراون.

لە ساڵی 2016ەوە دوای کودەتاکەی تورکیا، پۆلیس بە ڕێکخراوی ئەو کەسانە دەستگیر دەکات کە پەیوەندییان هەبووە بە فەتحوڵا گولەنەوە، تورکیا گولەنی تۆمەتبار کردووە بە تۆمەتی پلانگێڕان بۆ کودەتاکە و گولەنیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە. هەتا ئێستا زیاتر لە 77 هەزار کەس دەستگیرکراون و چاوەڕێی دادگاییەکانیان دەکەن، لە کاتێکدا 150 هەزار کارمەند و سەربازیی دیکە لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە. ئەم دەستگیرکردنانەش هێشتا لە تورکیادا بەردەوامە.

ڕێزان شێخ دلێر: ئەوەی باسی دوو ئیدارەیی بکات بۆی نییە باسی کوردایەتی بکات



ڕاوێژکارێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە توندی ڕەخنەی لەو بەرپرسەی حزبەکەی گرت کە پشتیوانی لە دوو ئیدارەیی دەکات و ئاماژەی بەوەش کرد کە هەر کەسێک باسی دوو ئیدارەیی بکات، بۆی نییە باسی کوردایەتی بکات.

ڕێزان شێخ دلێر، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: دوو ئیدارەیی پلانێکی خراپە، چونکە پێشتر ئێمە ئەزموونی دووئیدارەیمان هەبووە و دەزانین کاریگەرییەکانی چەندە زیان بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت.

ئەوەشی نەشارەدەوە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان بکرێتەوە بە دوو ئیدارە، دوور نییە هەندێک حزب داوا لە عێراق بکەن، هەرێمی تێدا نەمێنێت. گوتیشی: حزبە سیاسییەکان لەپێناو مانەوەی خۆیاندا، گوێ بە مانەوەی هەرێمی کوردستان نادەن، چونکە مانەوەی خۆیان بەلاوە گرنگە. بە بڕوای ڕێزان شێخ دلێر، هەر کەسێک لە ناو یەکێتی بێت، یان حزبێکی دیکە، ئەگەر باسی دوو ئیدارەیی بکات، نابێ باسی کوردایەتی بکات، چونکە ئەگەر کەسێک باسی کوردایەتی بکات، چۆن قسە لەسەر دوو ئیدارەی دەکات؟.

لە کۆتاییشدا ئەو ڕاوێژکارەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دووپاتی کردەوە: دوو ئیدارەیی مانای لە دەستدانی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

40ەمین ساڵەی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی لە ژیەنێ

د. پیرۆت ئەحمەد: کاتێ پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و پێمان گووتن ئەمە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانییە زۆر ڕێزیان گرت

دڵشاد میران: پاش هەوڵەکە بۆ بەیانی پۆلیسی نەمسا بە حیمایە ئیمەیان گەیاندە فڕۆکەخانە و بۆ قوبرس چووین



لە ڕاستەوە: سەرۆک مسعود بارزانی، عارف تەیفوور، د.پیرۆت ئەحمەد، دڵشاد میران (ژیەنا، ساڵی 1979، چەند ڕۆژێک پێش پیلانەکە)



دڵشاد مستەفا وەسانی

دوای نسکۆی 1975 ڕێژیمی بەعس، لە دریژەپێدانی خەباتی خەڵکی کوردستان دەترسا ،بەتایبەتیش دوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بۆیە لە هەموو لایەکەوە کەوتە پەلاماردانی کوردو، لە ئەوروپا لە 1/8/ 1979 هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی دا. دوای نسکۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو مافە نەتەوەییەکاندا، دریژەی بە خەبات داو، دەستی بە جموجۆڵ کردەوەو جارێکی دی خۆی ڕێکخستەوە، وێڕای جموجۆڵی ناوخۆی کوردستان و پێکهێنانی سەرکردایەتی کاتی، پارتی لە دەرەوەی کوردستانیش، بەتایبەتی ئەورووپا دەستی بە چالاکی کرد.

ژیەنا ناوەندێک بۆ کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی پارتی

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی پارتی، کە بڕیتی بوون لە پێشمەرگەو کادیرو کۆمەڵێک قوتابی زانکۆو ژمارەیەک ئەندامانی سەرکردایەتی لە نەمسا نیشتەجێ بوون، بیریان لەوە کردەوە کە دریژە بە خەبات بدەن، ئەمەش بیرۆکەیەکی گرنگ بوو، بۆ ئەوەی تێکۆشانی تاراوگەو ناوخۆی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدەنەوە، بەمەش ئەوکات ژیەنای پایتەختی نەمسا، بووە ناوەندێکی گرنگی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارەگای لقی 6ی ئەوروپاش هەر لە نەمسا بوو.

چاوی ڕژێم لەسەر سەرۆک بارزانی بوو

ڕووداوەکانی دوای نسکۆی 1975 زۆر بەخێرایی دەڕێشتن، ڕژێم بە قەولی خۆی، کۆتایی بە شۆڕشی کوردستان هێنابوو و لە نەشئەی ئەو خەیاڵانەدا، کە زۆری نەبرد، تێکۆشەران تێهەڵچوونەوەو، شۆڕشی گوڵان دریژەی بە شۆڕشی ئەیلوول داو، بڕیاری نەپسانەوەی کاروانی تێکۆشان و شۆڕش درایەوە، ئەو دەسپێکردنەوەیە، زۆر بەخێرایی تەشەنەی سەند، هەروەک ئەوە وابوو، ئاگر دەپوش وپەڵاش بەردرابێ و وەستانی نەبوو، بێگومان ئەو جۆرە هەواڵە بۆ ڕژێمی بەعس، هەواڵی ناخۆش بوون، بۆیە لە هەموو لایەکەوە بەرنامەی دژایەتی کردنی شۆڕش و کوردستانی دەست پێکرد، بەو پێیەی ڕێککەوتنی جەزائیری لە 3/6/ 1975 لەگەڵ شای ئێران ئیمزاکردبوو، لە ئێرانیشەوە بەدوای کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر شۆڕش و ئەقڵ و داینەمۆی هەڵسانەوە، بۆیە هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵانی دریژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول، ڕژێم کاری لەسەر شۆڕشگێڕان دەکرد و جموجۆڵی سەرکردەکانی خستبووە ژێر چاودێرییەکی تووندەوە، سەرۆک مسعود بارزانی، کە لە جمۆجۆڵەکانیدا بۆ تاودانەوەی شۆڕش و بەرخودانی خەڵکی کوردستان و گرێدانەوەی خەباتی پێشمەرگە لە کوردستان و تێکۆشەرانی ئەوروپادا، ڕۆڵی سەرەکی و دیاری هەبوو، ڕژێم زیاتر چاوی خستەسەرو، دوای چوونیشی بۆ ئەوروپا، بەتایبەتیش نەمسا، کە بەغدا ئاگاداری ئەوبوو، ژیەنا ناوەندێکی گرنگی تێکۆشەرانی پارتییە، بۆیە بەغدا بە چڕی چاوی خستە سەر ژیەنا.

سەرۆک بارزانی لە نەمسا پیلانی بەغدا سەری نەگرت

سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ژیەنا، بۆ ڕژێمی بەعس، هەواڵێکی گرنگ بوو، بەتەمابوو لە ئەوروپا گورزی گەورەی خۆی بوەشێنێ و کۆتایی بە بەرنامەی گرێدانەوەی خەباتی پێشمەرگە لە کوردستان و خەباتی تێکۆشەرانی ئەوروپا بێنێ و بەرنامەی شۆڕش هەڵوەشێنێ و ئەو ڕووداوە بۆ دابەزاندنی وەرەی خەڵکی کوردستان بەکاربێنێت، بەڵام خوای گەورە پشتیوان بوو و مەرامی گلاوی بەغدا نەهاتەدی.

بۆ باسکردنی ڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی لە 1/8/ 1979 لە ژیەنا، باشترین سەرچاوە، شایەتحاڵەکانن، کە بریتین لەو هەڤاڵانەی یاوەری سەرۆک بارزانی بوون، بۆیە پەنا بۆ زانیارییەکانی د. پیرۆت ئەحمەد دەبەم، کە یەکێکە لەوانەی لەناو ئەو ڕووداوەدا بووەو چەند ساڵێک لەمەوبەر سەردانی ڕۆژنامەی «خەبات»ی کردو لەبارەی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی پێپراگەیاندین: لە کۆتاییەکانی مانگی 12ی 1978 جەنابی سەرۆک بارزانی گەیشتە ژیەنا، بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵەوە لە ژیەنا مابنەوە، ئیدی ڕژێمی بەعس لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە چۆن بتوانن جەنابی کاک مسعود تیرۆر بکەن" لەبارەی ئەو هەوڵە تیرۆریستییەوە کە لە 1/8/ 1979دا، گوتی:" کەسێک هەبوو داوای بینینی جەنابی سەرۆکی کردبوو، ئەگەرچی زۆربەی هەڤاڵان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون جەنابی سەرۆک ئەو کەسە ببینێ، بەڵام جەنابی سەرۆک پێداگیری لەسەر بینینی کەسەکە کرد، کاک مسعود لەگەڵ خوالێخۆشبوو فارس باوە لە ژوورێک دانیشتن و من و ئازاد بەڕواری و محەمەد ڕەزاو عەبدولخالق مەنتک لە چاوەڕوانی بووین، کاتژمێر 11ی شەوی تێپەڕاند، فارس باوە بە جەنابی سەرۆکی گوت: نەچیتە خوارەوە تا هەڤاڵان سەیرێکی ناوچەکە دەکەن، ئەوکات تۆش وەرە خوارەوە، ئەوبوو ئێمە چووینە خوارەوە، من و کاک ئازاد بەڕواری بەیەکەوە بووین، کەسێک بە دەستەچەپ لە نێو کابینەیەکی تەلەفۆن کردن بوو، بەرەو لای ئەو چووین، کاک حەمە ڕەزاو عەبدولخالقیش لەبەر دەرگاکە مانەوە، کاتێک ڕۆیشتین، کەسێکی دیکە لەوبەری شەقامەکە بەڕووی ئێمە هات، کاک ئازاد بەڕواری لەپێش منەوە بوو، کابرا دەمانچەی دەرهێنا، خۆشبەختانە گوللەی یەکەم نەتەقی، ئەوان وایانزانی کاک ئازاد، جەنابی کاک مسعود بارزانی یە، کاتێک تەقەی کرد، ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتین، کاک ئازاد گوتی پێکرام منیش گوتم بریندار بوومە، لەوکاتەشدا گلۆپی شوێنەکە کوژایەوەو بەهۆیەوە ئێمەش کەوتینە خوارەوە، بۆیە زیاتر لە 10 گوللە بەر دیوارەکە کەوت، ئەوەبوو جەنابی سەرۆک گوتی وامزانیوە گیانتان لەدەست داوە، چونکە چوار کەس تەقەیان لێکردبووین، دوای ئەوەی سەرقاڵی تیمارکردنی ئازاد بەڕواری بووین، جەنابی کاک مسعود بارزانی گوتی پیرۆت تۆش بریندارە، ئەوەبوو پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکەو ئێمەیان ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد" پاش ئەوەی تەقەکراوەو چەتەکان لەوێ نامێنن و دواتر پۆلیس دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە، لەبارەیەوە د. پیرۆت گوتی:" پاش ئەوەی پۆلیس گەیشتە شوێنەکە، ئێمەش هێزەکانی پۆلیسمان لە ڕووداوەکە ئاگادارکردەوە کە ئەمە جەنابی کاک مسعود بارزانی یە، کاتێک ئەمەیان زانی، لە شوێنی خۆیان کشانەوەو ڕێزو تەقدیرێکی زۆری جەنابی سەرۆک بارزانییان گرت، دواتر هەڤاڵەکانی دیکەش گەیشتنە لامان".

هەنگاوی دوای پیلانەکە

دوای ئەوەی پیلانەکە جێبەجێکرا، بەشدرابووانی ئەو پیلانە شوێنەکە بەجێ دەهێڵن بەو حیسابەی ئامانجی خۆیان پێکاوە، بۆ ئەوەی زیاتر لەبارەی ئەو پیلانە بزانین کە دوای تەقەکردنەکە بەکوێ گەیشت، پەیوەندیمان بە دڵشاد میران کرد کە لە نزیکەوە ئاگای لە ڕووداوەکە بووە و گووتی:"پاش هەوڵەکە بۆ بەیانی پۆلیسی نەمسا بە حیمایە ئیمەیان گەیاندە فڕۆکەخانە و بۆ قوبرس چووین"، لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بۆچی لە نەمساوە چوونە قوبرس دڵشاد میران گووتی:"چونکە من لەوێ شوێنم هەبوو و حکوومەتی قوبرسی یۆنانی دۆستمان بوو".

لەبارەی ژمارەی ئەوانەی لەو سەفەرەدا لە نەمساوە بۆ قوبرس پێکەوە بوون گووتی:"جەنابی سەرۆک و من و کاک عارف تەیفور بەیەکەوە سەفەرمان کرد".

قوبرس وێستگەی دوای پیلانەکەیە، بەوپێیەی سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ژیەنای پایتەختی نەمسا، بەردوام بوو بە خەبات و تێکۆشانی دەرەوە و گرێدانەوەی بە خەباتی پێشمەرگایەتی، بۆیە لەو وێستگەیەشدا زۆر نامێننەوە لەبارەی بەجێهێشتنی قوبرس دڵشاد میران گووتی: چەند هەفتەیەک لە قوبرس ماینەوە تا مانگی شوبات،کاتێ ڕژێمی شای ئێران ڕووخا، جەنابی سەرۆک لەگەڵ عارف تەیفور چوون بۆ تاران و منیش بۆ لوبنان".

هەوڵێر ناوەندێک بۆ پەیوەندی دیپلۆماسی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

کاروانی خەباتی سەرۆک بارزانی ئەگەر تەنیا لە ڕووداوی قیەنناوە بۆ ئێستا هەوڵێر بەرچاوبخەین، هەڵکشانێکی مەزن لە بەرزبوونەوەی کێرڤی خەبات و پەیوەندیی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان، ئێستا سەرۆک بارزانی لە هەوڵێر پێشوازی لە سەرۆک و وەزیرو بەرپرسە باڵاکانی جیهان دەکات. دوای ئەوەی داعش وەک فۆرمێکی نوێی دژایەتی کردنی کوردو کوردستان و ڕێگرتن لە بەرەوپێشەوەچوون، هێرشی کردە سەر کوردستان، ئەوە گەڵاڵە دەبێتەوە، کە دوژمنان لە بەرگی جیاجیاو بە پێی قۆناغ لە دژایەتی کردنی کوردستان بەردەوامن، ئەگەر لە 1979 دوژمن سەرۆک بارزانی کردبێتە ئامانج و زیان گەیاندن بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی ، بەتایبەتیش لە قیەننا کە ئەوکات ناوەندێکی دیاری تێکۆشەرانی پارتی بوو ، ئەوا داعش دریژەی بەو دژایەتیکردنە و چەند شوێنێکی داگیرکردو بەتەمابوو هەوڵێریش بریندار بکات، بەڵام ئازایەتی پێشمەرگەو بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی خەڵک وحیکمەتی سەرۆک بارزانی لە بەرزکردنەوەی ئاستی دیپلۆماسیی کورد لەگەڵ وڵاتان و پەیداکردنی دۆست، ئەو خوونە نەگریسەی دوژمن نەهاتەدی، پێشمەرگە لە نێو 60 دەوڵەتی هاوپەیمانی دژی داعش تاکە هێزی سەر زەویی بوو، سەرۆک بارزانی ڕابەرایەتی گەیشت باس لە دادگاییکردنی سەرۆک مسعود بارزانی بکات، ئەو هێز و گرووپەی ڕۆڵی کەواسوری بەرلەشکری بینی، بەم بڕیارەی بەغدا کەیفیان دەهات، بەڵام خەونی بەغدا و گرووپی خیانەتکار نەهاتەدی، چونکە نەیانتوانی هەولێر و دهۆک داگیر بکەن، پێشمەرگە بەسەرپەرشتی سەرۆک بارزانی لێنەگەڕا داگیرکەر لە پردێ بێتە پێشەوە، دواتریش بەرگرییەکی بێ وێنە لە سحێلا و مەحمودیە و تلسقۆف و مەخمور کرا.

ساڵی 1979بەغدا ویستی ڕێگە لە هەوڵی سەرۆک بارزانی بگرێت، بۆ ئەوەی نەتوانێ خەباتی کوردانی تاراوگە و ناوخۆی کوردستان بەیەکەوە گرێ بداتەوە و شۆڕش دامرکێننەوە، بەڵام ئەو پیلانەی بەغدا شکستی هێنا و شۆڕش بە خێرایی گەشەی کرد، لە 2017ش بەغدا نەیویست خەڵکی کوردستان ڕای خۆیان لەبارەی ئایندەی کوردستان دەربڕن، بۆیە کە خیانەتکرا و پیلانی ئیقلیمی و بێ دەنگی جیهان زەمینەیان بۆ جیهان خۆشکرد، جارێکی دی بەغدا دەیویست سەرۆک بارزانی کە سەرپەرشتیی ڕیفڕاندۆمی کوردوو و وەک سەربەخۆخوازێک دادگایی بکات، بەڵام ئەوەی بەغدا و کلەکەکانی خەون بوو نەهاتەدی، لە 2018سەرۆک بارزانی بە پێگەیەکی بەهێزەوە چووە بەغدا و فەرشی سووری بۆ ڕاخرا، کەواتە پیلان و توند و تیژی و داگیرکاری دادی دوژمنان نادات، بەهەڵەدا چووبوون، وایان زانی خەڵک لە هەڵبژاردن سەربەخۆخوازان سزا دەدات، بەڵام ئەوەی ڕوویدا و چاوەڕوان بوو، خەڵک ئەوانەی سزادا کە دژی ڕیفڕاندۆم بوون، لە عێراق هەموو ئەو لایەنانەی دژی کورد بوون، کورسیەکانیان کەم بووەوە، کەچی لە کوردستان کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زیادی کرد، ئەو حزبە سەربەخۆیەخوازە لە هەڵبژاردنی 12ئایاری 2018نەک لە سەر ئاستی عێراق بووە یەکەم حزب، لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوولی 2018شدا پارتی دیموکراتی کوردستان 45کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا.

دەنگدانەوەی هەواڵی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی

دوای سەرنەگرتنی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی، هەواڵەکە زوو بڵاوبۆوە و ڕووداوەکە بووە بابەتی ڕۆژنامەوانیی، هەروەها ئەو دەنگدانەوەیە بۆ ئەو کات زۆر گرنگ بوو، چونکە شۆڕش هەڵگیرسابۆوەوە گەرمەیدا بوو و، هەوڵی ڕژێمی بەعس بۆ قسەنەکردن دەربارەی شۆڕشی کوردستان و شاردنەوەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش سەری نەگرت. شایەنی باسە گرووپێک لە بەغداوە بە سەرپەرشتی برزان تکریتی برای سەدام حوسێن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە ئامادە کرابوو، کە ئامانجیان تیرۆرکردنی سەرۆک مسعود بارزانی بوو.

مەسرور بارزانی و سووریا

پاداشتی هەڵوێستیی نەتەوەیی مەدالیای شانازییە

ئەو کاتەی مەسرور بارزانی لە سەنگەری پاراستنی کوردستان و هاوڕێتیانی کوردستاندا بوو، ئەوکات ڕێزمی سووریا ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی سووریای دەکوشت و گازی کیمیایی لە دژیان بەکاردەهێنا



غەفوور مەخموری

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی گەلانی سووریا، گەلانی ناوچەکە و جیهان بە چاوی ئومێدەوە دەیانڕوانییە داهاتووی سووریا و ڕزگاربوونی لە دکتاتۆرییەت و زۆر وڵات و لایەنیش لەو باوەڕەدابوون کەوا سەرۆکی سووریا و ڕێزمەکەی پەند لە ڕاپەڕین و گۆڕانگارییەکانی تونس و میسر و لیبیا وەردەگرن و بۆ پاراستنی سووریا لە وێرانکاری و خوێنڕشتن دەستبەرداری حوکم دەبن، بەڵام ئەوەیان نەکرد و بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی خەڵکی ڕاپەڕیو و هێزە چەکدارەکانی سووریا بوونەوە، ئەوەتا دەبینین لە ئەنجامدا ڕێزمی سووریا نیوەی وڵاتەکەی خۆی وێرانکردووە و بە هەزاران هاوڵاتی خۆی کوشتووە و گازی قەدەخەکراوی کیمیاوی لە دژ گەلی خۆی بەکارهێناوە و زیاتر لە ملیۆنێک هاوڵاتی سووریای ئاوارە و دەربەدەری وڵاتان کردووە و ئابووریەکەی داڕووخاوە، لە ناوخۆدا متمانەی لای گەلی سووریا نەماوە، لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیشدا خۆی گۆشەگیر و بێرێز کردووە.

ڕۆژئاوای کوردستان وەک بەشێک لە جوگرافیای سووریا کەوتە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان و لەسەرەتای سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانی گەلانی سووریا گەلی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیان ئازادکرد و لە هێرشی تیرۆریستان پاراستیان، بە حوکمی ئەوەی کەوا ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان پەیوەندییەکی دیرۆکی و بەتینیان هەیە و لە سەرەتای کاری سیاسی ڕۆژئاوا ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستان و خودی مستەفا بارزانیی نەمر مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان دەکرد، هەر بۆیە تا ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان ڕێزو خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ مستەفا بارزانی نەمر و بارزانییەکان هەیە.

لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە دیرۆکییە سەرەڕای بوونی ڕەخنە و سەرنج و تێبینی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و ڕێبەرایەتیی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان بەردەوام هەوڵیداوە و ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا چارەسەر بکات و نەیانهێڵێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژ و هەوڵەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان لەبەرچاون، پشتیوانییە سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازییەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی هەر لە هەوڵەکانی بۆ لێکنزیکردنەوەی لایەنەکانی ڕۆژئاوا تا دەگاتە گەیاندنی دەنگی ڕۆژئاوا بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ناردنی پێشمەرگە و پێداویستی سەربازی بۆ کۆبانێ ئەوانە هەموو خاڵی دەرەوشاوەن لە دیرۆکی نوێی کوردستاندا، جەنابیان هەوڵێکی زۆریدا و بەردەوامە بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان یەکڕیز و یەکدەنگ بن بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردن و پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش کاتێکی زۆری خۆی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان تەرخانکردووە و لە خەمی پاراستنی ڕۆژئاوادایە و لەم پێناوەشدا چەندین کۆبوونەوەی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی ڕۆژئاوا ڕێککخستووە و لە ئەنجامدا (ڕێککەوتننامەی هەولێر) و دواتریش (ڕێکەوتننامەی دهۆک) بە هەوڵ و دەستپێشخەری و سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی لە نێوان (تەڤگەری کۆمەڵگەی دیموکرات -TEV DEM) و (ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا (ENKS) ئیمزاکران، بەڵام بەداخەوە هەردوو لایەن پابەندی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکان نەبوون، ئەگەر دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا هاوکاری سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکان جەنابیان وەربگرتبوایە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەزموونی ڕۆژئاوا زۆر پێشدەکەوت و قورسایی سیاسی و سەربازی و لەنێو هاوکێشە سیاسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان زێدەتر دەبوو، لە ڕووی ئابووری و دبلۆماسی و ئیداریشەوە دەوڵەمەندتر دەبوو، لەسەر ئاستی نەتەوەیش هاوسۆزو پشتیوانی زێدەتر دەبوو.

سەرەڕای هەوڵ و پشتیوانییەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ پشتیوانیکردنی ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکات مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان بووە و هەوڵیداوە مەینەتییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و زوڵم و چەوساندنەوەیان لە لایەن ڕژێمی سووریاوە بە ناوەندە نێودەوڵەتییە بڕبار بەدەستەکان بگەیەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە چەندین دیدار لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا پرسی ڕۆژئاوای کوردستان یەکێک بووە لە خاڵە گرنگەکانی ئەجێندای کۆبوونەوەکانی چ لە ئەورووپا و چ لە ئەمەریکا، جێی وەبیرهێنانەوەیە کەوا مەسرور بارزانی کاتێ سەردانی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپای کرد بە بایەخەوە باسی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد و داوایکرد کەوا وڵاتانی ئەورووپا ڕۆڵیان هەبێت لە پشتیوانیکردن و پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو داوایەی مەسرور بارزانی لە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا وایکرد کەوا ئەورووپییەکان و بە تایبەت فەڕەنسا پشتیوانی زیاتری ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کاتێک یەکێک لە ئامادەبووان ڕوو دەکاتە مەسرور بارزانی و دەڵێت: هەفتەی داهاتوو دەچم بۆ سووریا و بەشار ئەسەد دەبینم چیت هەیە پێی بڵێم؟، مەسرور بارزانی پێیدەڵێت: لە بەشار ئەسەد بپرسە کوردەکانی سووریا بۆ بێناسنامەمەن.، بەڵێ ئەو پەیوەندی و پشتیوانییە دیرۆکییەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و پشتیوانییەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان ڕێزمی سووریای هەناسە تەنگ کردووە، بۆیە لای خۆیەوە ناوی مەسرور بارزانی خستۆتە لیستی تیرۆرەوە، بە باوەڕی من ئەوەش مەدالیای شانازییە بۆ مەسرور بارزانی ، بێگومان پاداشتی هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی مێدالیای شانازییە، ڕژێمی سووریا باش جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و پاراستنی سەر و مالی هاوڵاتییان مایەوەو ڕۆڵی کاریگەرانەی خۆی بینی لە وەستانەوە دژ بە تیرۆریستان و تێکشکاندنیان، مەسرور بارزانی وەک پێشمەرگەیەکی چاونەترس بەردەوام شەڕی تیروریستانی کردووە و لە خەمی پاراستنی تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان و قوواڵکردنەوەی زیاتری گیانی بە یەکەوە ژیان بووە و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی لە پێشینەی کارەکانی خۆی دانا‌وە، شێوازی کار و خەباتی مەسرور بارزانی وایکردووە کەوا لە لایەن دۆست و دوژمن حیسابی وردی بۆ بکرێت، دۆست بە چاوی هیواوە لە داهاتووی مەسرور بارزانی بڕوانێت و دوژمنیش بە ترسەوە سەیری هەنگاوەکانی بکات، ئەمەش وایکردووە بێبەتە ئەو کەسایەتییە گەنجەی کەوا پێگەیەکی بەهێزی لە ناوخۆ و ناوچەکەو وڵاتانی عەرەبی و ئاستی نێودەوڵەتی هەبێت، هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین لەدوای ئەوەی کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی کوردستان پاڵاوت بەشێک لە میدیا ناوخۆی و عەرەبییەکان کەوتنە هێرشکردنە سەر بەرپرسیان، هەوڵەکانی ڕژێمی سووریاش بۆ دژایەتیکردنی مەسرور بارزانی لەو چوارچێوەیەدان.

هەر دژایەتیکردنێکی مەسرور بارزانی لە لایەن دەوڵەتێکی تیرۆریستیی وەک سووریا کەوا خۆی تیرۆری دەوڵەت پێرەو دەکات جێگەی بایەخ نییە و مەزنترین شانازییە بۆ مەسرور بارزانی ، ئەو کاتەی مەسرور بارزانی لە سەنگەری پاراستنی کوردستان و هاوڵاتییانی کوردستاندا بوو ، ئەوکات ڕێزمی سووریا ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی سووریای دەکوشت و گازی کیمیایی لە دژیان بەکاردەهێنا ، ڕژێمێکی وەک سووریا کەوا نیوەی هاوڵاتییانی خۆی دەربەدەر کردبێت و نزیکەی ملیۆنێک هاوڵاتی خۆی کوشتبێت و وڵاتەی خۆی وێران کردبێت، ئەوەی تیرۆریستان نەیانکردبێت ئەو کردبێتی چۆن لە ڕووی دێت باسی کەسایەتییەکی وەک مەسرور بارزانی بکات ؟

بێگومان ڕوانینی ڕژێمی سووریا بۆ کەسایەتییەکی تێکۆشەری وەک مەسرور بارزانی لای گەلی کوردستان جێگەی بایەخ نییە، لەو سەردەمەدا ڕژێمی سووریا گەورەترین تیرۆریستە و ڕژێمێکە لە کردەوەی تیرۆریستیدا کاری وای ئەنجامداوە کەوا ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ئەنجامیان نەداوە، وەک ئەو کردەوە تیرۆریستییەی کەوا لە (غوتە) ئەنجامیدا، ڕژێمێک وڵاتەکەی کردبێتە وێرانەو کورسی دەسەڵاتەکەی لەسەر دەربایەک خوێن و قەڵایەک لە ئیسک و پروسکی هاوڵاتییانی بێت چۆن لەڕووی دێت باسی لیستی تیرۆر بکات! سەرانی ڕژێمی سووریا لەجیاتی ئەوەی خەریکی دژایەیکردنی مەسرور بارزانی بن، با بچن خەریکی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان بن نەک زیاتر وێرانکردنی، با بچن خەریکی سپیکردنەوەی ڕووی ڕەشی خۆیان بن، کەوا لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکەو نێودەوڵەتیدا، هێندە ڕووڕەشن ڕووی هیچ ئاوەدانییەکیان نەماوە.

*** سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**
YNDK

شێخ موزاحیم ئەلحوێت: میلیشیاکانی حەشدی شەعبی چەندان تاوانی کوشتن و دزی و تاڵانی ئەنجامداوە



گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکانی ناوچە جێناکۆکەکان دەڵێت، چەکدارانی حەشدی شەعبی لە ناوچە جێناکۆکەکانی پارێزگای نەینەوا بە دەیان تاوانی کوشتن، ڕفاندن و دەستدرێژیان لە دژی کورد و عەرەبی سوننە ئەنجامداوە. حەشدی شەعبی بە فەتوای مەرجەعییەتی باڵای شیعەکان بۆ شەڕی دژی داعش لە ساڵی 2014 دامەزرا، بەڵام هەندێک لە عەرەبە سوننەکانی ناوچەجێناکۆکەکان ئەو هێزە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە چەندین تاوانی ئەنجامداوە، لەوانە دەستدرێژیکردنە سەر ژنان، ئاماژە بەوەشدەکەن کە حکومەتی عێراق لێکۆڵینەوەی لە هیچ تاوانێکی حەشدی شەعبی نەکردووە.

شێخ موزاحیم ئەلحوێت، گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بە ڕووداوی ڕاگەیاندووە: هەندێک لە هێزەکانی نێو میلیشیای حەشدی شەعبی چەندین تاوانی کوشتن و دزی و تاڵانیان ئەنجامداوە و ئەوەی مەرجەعی باڵای نەجەف داوای لێکردوون فەتوای شەڕکردن بوو دژی ڕێککخرای داعش هەندێکیان دژایەتی کورد و عەرەب دەکەن، خەڵکی بێتاوان و ئافرەتانیان دەستگیرکردووە، دەشتی نەینەوا لە لایەن لیوای 30یەوە دەستگیرکراون و ئەو هێزە تاوانی کوشتن و گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنجامداوە، ئەوەش بە سەرپەرشتی وەعد قەدۆ و سەعد قەدۆ و هەندێک لە میلیشاکانی حەشەی شەعبی کراوە.

ئەمیندارای هێزی ئەبولفەزڵ ئەلعەباس لە نێو حەشدی شەعبی جەختی لەوەکردەوە، لەنێو حەشدی شەعبیدا خەڵکێکی زۆر بە هۆی ئەنجامدانی تاوان لە کاتی جەنگەکاندا سزادراون، تەنانەت خەڵک هەیە لەسێدارەدراوە. شێخ ئەوس ئەلخەفاجی، ئەمیندارای هێزی ئەبولفەزڵ ئەلعەباس لە حەشدی شەعبی ڕایگەیاند: داوا لە بڕام شێخ موزاحم دەکەم سەردانی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی حەشدی شەعبی بکات بۆ ئەوەی ببینێت دەیان، بەڵکو سەتان دۆسیە هەن و لەسەریان چەکدارانی حەشدی شەعبی سزادراون، هەندێکیان سزای زیندانیی هەتاهەتایی و تەنانەت هەندێکیان بڕیاری لە سێدارەدان و هەندێکیان سزای زیندانیکردنی 5 ساڵ و هەندێکیان 10 ساڵیان بۆ دەرچووە.

هەرێمی کوردستان و ئێران ژمارەیەک زیندانی ڕادەستی یەکدی دەکەنەوە

بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان گوتی، بەپێی ڕێککەوتنێک، بڕیارە لەم مانگەدا 150 زیندانیی ئێران ڕادەستی ئەو وڵاتە بکرێنەوە، کە بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر زیندانیکراون.

عەبدولا ئاکرەیی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: بەپێی ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق کە بۆ ئالوگۆڕی زیندانیانی نێوان هەردوو لا واژۆ کراوە، دوو جار ئالوگۆڕی زیندانیان کراوە، ئێستایش نزیکەی 150 زیندانیی ئێران لە زیندانەکانی هەولێر و سلێمانی هەن و دوای ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران، لەم مانگەدا ئالوگۆڕی زیندانیانی نێوان هەرێم و ئێران دەکرێتەوە، کە بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر سزای زیندانیکردن دراون لە هەرێم و لەسەر داوای خۆیان دەیانەوێت ماوەی سزاکەیان لە زیندانەکانی ئێران تەواو بکەن. ئاکرەیی گوتیشی: لیژنەیەک دروست دەکرێت و تەنیا ئەو زیندانانە ڕادەستی ئێران دەکەینەوە کە بە ماددەی هۆشبەر سزا دراون و هیچ زیندانییەکی سیاسی ڕادەستی ئەوان ناکرێتەوە، هەروەها لە زیندانەکانی ئێرانیش حەوت کەسی هەرێمی کوردستان هەن کە زیندانی کراون و ئەوانیش ڕادەستی ئێمەیان دەکەنەوە و پرۆسەی ئالوگۆڕیش لە مەرزی حاجی ئۆمەران بەڕێوە دەچێت. دەشڵێ، هەر کەسێک بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ زیندانەکانی ئێران، بەڵێننامەی پێ پڕ دەکرێتەوە کە لەسەر داوای خۆی دەبێت و هیچ زیندانییەکی سیاسی ڕادەستی ئەوان ناکرێتەوە، ئەویش بە ڕەزامەندیی خۆیانە نەک بە زۆری.

دۆنالڵد ترەمپ: نەمگوتووە زۆر بەخێرایی لە سووریا دەکشێینەوە



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالڵد ترەمپ ئامانجی بەوەکرد کە سوورە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا ، بەڵام هیچی لەوبارەوە نەگوتووە کە هێزەکان لە ماوەیەکی کورتدا بکێشنەوە.

لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەنووسان لە کۆشکی سپی، دۆنالڵد ترەمپ لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دوا. سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەشی وەبیرهێنایەوە کاتێک دەسەڵاتی گرتووەتەوە دەست بەشێکی زۆری خاکی عێراق و سووریا لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا بووە و هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا عێراق بە تەواوی لە داعش پاککراوەتەوە و لە سووریاش زۆر کەمی ماوە و گوتی: ئیدی لە سووریا دەکشێینەوە، بەڵام هیچ کات نەمگوتووە کە بە خێرایی دەکشێینەوە .

لە لایەکی دیکەوە، دۆنالڵد ترەمپ ئامانجی بەوەکرد کە ئیدی پێویستە وڵاتانی ناوچەکە دژ بە داعش بجەنگن و گوتی: ڕووسیا و ئێران لە ئێمە زیاتر نەفرین لە داعش دەکەن. ئەگەر تورکیاش بە هێندەی ئێمە نەبێت نەفرین لە داعش دەکات. هەموو ئەو وڵاتانە نەفرین لە داعش دەکەن. وەک ئەوەی ئێمە کردمان، با کەمێکیش ئەوان لە ناوچەکەی خۆیاندا بجەنگن.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتن لە میانی سەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل دوێنێ بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندبوو کە کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا پەیوەستە بەوەی تورکیا گەرەنتی ئاسایشی جەنگاوەرە کورد بکات کە مەبەستی یەپەگە بوو، لەگەڵ شکست پێهێنانی داعش.

ئەمریکا سیاسەتەک دووسەرە دگەل کوردان پەیرەو دکە

نەوزاد بارزانی

ب رەنگەکێ گشتی ل هیچ وەختەکی سیاسەتا ئەمریکا سیاسەتەک روون و ئاشکرا نەبوویە، بەلکو هەردەم پەیاما و سەردەریا وێ یا سیاسی ئاشوب و مژاوی بوویە، ئەوژی دزڤریتەڤە بو ئەو سیاسەتا دووسەرە یا ئەمریکا پەیرەو دکە، کو دڤێ دبن ڤێ سیاسەتێ دا مەرەمێن خوە بێژن سەرەکی پەردە پوش بکە و د هەمان دەم دا ئارمانجێن خوە بپێکە و بەرژەوەندیێن خوە بپارێزە.

پاش شەرێ ئازادیا عیراقێ ونەمانا رژێما حزبا بەعس ل سالا 2003، ئەمریکا کاری راستەوخو دەستێ خوە بکە دناڤا کاروبارێن عیراقێ دا و کاریگەریا خوە هەبویە ل سەر چەوانی و چەواتیا بریڤە چوونا پروسا سیاسی ل عیراقێ، کو ئەڤە حەزەکا ئەمریکا یا سەرەکی بوویە پێخەمەت پەیدا کرنا پێگەهەکێ و پاراستنا بەرژەوەندیێن خوە.

ل ئالیەکێ دی ڤە و کاری دەستێ خوە بگەهینە رەوشا نافخویا سوریا و ل وێرێ ژی ئەجندێن خوە بجھ بینە و ب هەمان سیاسەت پێگەها خوە بهێز و سیاسەتا خوە بسەپینە. مەرەما ئەمریکا ل ڤان دەست تێوەردانا پەیدا کرنا گوهرینەکا بنەرەتی یە د نەخشێ سیاسی ل ڤان ولاتان وەکو دەستپێکەک، زێدەباری ئارمانجێن وێ یێن ستراتیجی و سیاسی و ئابوری ل دەڤەرا رۆژهەلا ناڤین ب گشتی، ژبلی هێز و بەرژەوەندیان دگەل ولاتێن زل هێزێن دیتر ئەوێن بزاڤێ دکەن ئەوژی بەن خودان هێز و پێگە.

پاش بورینا 15 سالان بسەر رەوشا ئالزا عیراقێ و لدویف دا سوریا، هیچ گورانکاریێن ئەرینی بنەرتی پەیدا نەبوینە ل سەر ئاستێ سیاسی و ئابوری و حوکمرانی و ئەمن و ئاسایشێ دا، بولکو رەوش روژ بو روژێ بەرەف خرابتر ڤە دچە، ئەگەرێن ڤێ چەندێ ژی دەستێوەردانێن دەرەکی بوینە ل ئەمریکا و هەڤپەیمانێن وێ ل ئالیەکی و هەڤدژێن وێ ل ئالیەکێ دیتر ڤە.

ئەمریکا بزاڤ کرینە سیاسەت و ستراتیجیەتا تایبەتا خوە پەیرەو بکە، ئەوژی ل ریکا بکارئینانا کارت و ئەجندێن سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی، بڤێ سیاسەتێ ئەو دکارە زورب‌ەی لایەنان ملکەچ بکە و لدەمێ پێدڤی بکاربینە، هەروەها بهێزکرنا پێگەها خوە و بدەست گرتنا سەرەداڤێن پروسا سیاسی ل ڤان هەردوو ولاتان، کو کورد ژی د هەمان بازنەدانە و ئەمریکا چ جوداهیان ناکە.

بەلام بە هیچ شێوەیەک ئامارە بە قەلای دێرینی هەولێر نەکراوە هەر هیچ نەبی وەک بەشێک لە کەلەپور و شوێنەواری مرۆڤایەتی لە عیراق و ناوچەکە، ئێمە وەک خەم خۆرانی قەلای سەرکەشی هەولێر کە بە ناسنامە و شوێنەوار و شانازیی کوردی دەزانین ، زۆر جار ئامارەمان ئەمریکا نها هەمبەر ب کوردان سیاسەتەک دووسەرە پەیرەو دکە و دڤێ کورد وەکو کارتەکا فشارێ بکاربینە ل هەر وەختەکێ بەرژەوەندیێن وێ بخازن، تا نها ب هیچ رەنگەکی گەرەنتی ب کوردان نەدایە ب گەهشتن ب هیچ دەستهەلات د ڤان سالێن بوری دا، بەردەوام د پەیاما خوە یا سیاسی ژی دا، ل سەر ئاستێ نافخویێ عیراقێ و سوریا جوداهی نەکریە دناڤبەرا کوردان وەکو لایەنگر و پشتەڤانێن ئەمریکا و لایەنێن دیتر یێن دژی سیاسەتا وێ، بەلکو ل هند جاران کورد بێ هیڤی بوینە ل ئەمریکا و پشتەڤانیا وێ.

بو نمونە، ئەمریکا ل ڤێ دوماهیێ بریاردا هێزێن خوە ل سوریا ڤەکشینە، بڤێ چەندێ و ل سەر عەرێ واقعی پشتا خوە د کوردان کر ل سوریا و چارەنڤیسێ وان هێلایە د دەستێ دوژمنێن وانادا، لێ سەروکێ ئەمریکا د پەیامەکا خودا دبێژە، ئەم دێ بەرەڤانیێ ل کوردێن سوریا کەین!.

هەروسا سەبارەت ب کوردێن عیراقێ، کو لایەنگر و پشتەڤانێن سەرەکی بوینە بو ئەمریکا ل شەرێ دژی تیرورێ و بجھ ئینانا سیاسەتا ئەمریکا ل عیراقێ ب تایبەت، کو ل هن پەیامان دا پەسنا هێزێن پێشمەرگەی و سەرکردایەتیا سیاسی یا هەرێما کوردستانێ کریە بو رولێ وانا ل شەرێ دژی تیرورێ و هن پرسێن دیتر، لێ د هەمان وەخت دا سەروکێ ئەمریکا د پەیامەکێ دا دبێژە، کورد ل عیراقێ پترولێ دفروشن ئیرانێ، ئەڤەژی دژی حەزا مەیە و نابی کورد وی کاری بکەن!.

د ڤان هەردوو رەوشان دا و دگەل جیاوازیا دناڤبەرا هەلوێست و پەیامان دا، ئەو چەند خویا دبە کو ئەمریکا سیاسەتەک دووسەرە و ئاشوب دگەل کوردان پەیرەو دکە، ئەو گەهشتیە قەناعەتێ کو بتنێ د ریکا کوردان دا ئەو دکاریت پلان و سیاسەتا خوە بجھ بینە ل دڤەرێ، د هەمان وەخت دا نەڤێ سیاسەتا وێ یا روون و ئاشکرا ببە بو کوردان، ئان کو وێ دڤێ کورد بتنێ وەکو کارتەک دەستێ وێ دا بە و لدویف پەرژەوەندیێن خوە بکاربینە، ئان کو کورد دڤێ نەگەهن ئارمانجێن خوە و بتنێ ب هیڤی بمینن و چاڤێ وانا ل ئەمریکا بە.

ژ ئالیەکێ دیتر ڤە ئەمریکا باوەری ب رەوشا ئانی ل عیراق و سوریا نەمایی و نەڤێ سیستەمێ حوکمرانیێ بڤی رەنگی بمینە، ئەمریکا دخازە گورانکاریەک جودا پەیدا ببە ل سەر ئاستێ سیاسی و حوکمرانی کو لدویف ستراتیجیەت و بەرژەوەندیێن وێ یێن نو بە، بەلگە ژی بو ڤێ چەندێ سەرەدانا سەروکێ ئەمریکا یا نهێنی ڤە بو عیراقێ، کو هەتا حکومەتا عیراقێ ژی هایدار نەبوو ل ڤێ سەرەدانێ، ئێک ژ رامانێن وێ ئەوە کو سەروکێ ئەمریکا هیچ حسابەکێ بو حکومەتا عیراقێ ناکە.

بڤێ سیاسەتێ و ئەو مەرەمێن ل پشت هەی، ئەم وەها دبینین کو ئەمریکا دڤێ شەرەک نافخویی ل عیراق و سوریا پەیدا بە، بێ کو ئەو دەستێ خوە بکە دناڤدا و قوربانیێ بدە، بەلکو دڤێ هێزێن سیاسی ل ڤان ولاتان هەمبەری ئێک بن و پروسا سیاسی ژناف بچە و ل وی دەمی ئەمریکا دەستێ خوە بسەردا بگرە و سیاسەتا خوە بسەپینە، بتنێ ئەو لایەن دێ مفادار بن ئەوێن بکارن شیکارێن دروست بو سیاسەتا ئەمریکا بکەن و خوە دگەل بگونجینن.

ئەمریکا دڤێ کورد دگەل وانا بن، هەردوولایان ژی چ گەرەنتی ب کوردان نەداینە و سەبارەت ب ئاینەدە و چارەنڤیسێ وانا، لێ هەر چەوا بیت بەردەوامی دان ب سیاسەتا لایەنگریا ئەمریکا و روژئاڤا ئەو پتر خزمەتا کوردان دکە.

لەوما تاکە ریک لبەر دەم کوردان ئەوە ڤێ خالێ بو بەرژەوەندیا خوە بکاربینن، دکارن بەن پشکەک ل معادلا سیاسی ل دەڤەرێ و لدویف بەرژەوەندیێن خوە بگەرن، ئەو ژی ب ریکا ریکەفتنا هێزو لایەنێن سیاسی ژ ئالیێ ئێک هەلوێستیی و ئێکگرتنا پەیاما سیاسی و خو گونجاندن وێ دگەل سیاسەتا دژێ خایەنا ئەمریکا ل دەڤەرێ.

ڤێ کورد ب واقع بینانە بەرێ خوە بدەن یاریا سیاسی و وێ چەندێ بزانن کو ئەمریکا یاریکەرێ سەرەکی و بهێزە، خو گونجاندن دگەل وی یاریکەری رەنگە تاکە ریک بیت بو دەرباز بوون بەرەف قوناغەکا دیتر و پتر بهێز بەن و نزیک بەن ژ ئارمانجێن خوە، زێدەباری وێ چەندێ کو ڤێ ل سەر ئاستێ نافخویی یێ هن جاران توپ د دەستێ کوردان دا بە و ئەو یاریکەرێ سەرەکی بە.



د. سۆزان ئامێدی

ئەو تۆمەتەی مایەی پێکەنینە؟!

وەک میدیاکان ئاماژەی بۆ دەکەن حکومەتی دیمەشق لیستێکی 615 کەسی و 105ی قەوارەیی بلاوکردۆتەوە گوایە ئەوان یارمەتیدەری گرووپە چەکدارەکانن و ئۆپۆزسیۆنی سوریا تاوانباریان دەکات.پێدەچێت حکومەت بەپێی هەڵوێستی سیاسیی ئەو لیستەی رێکخستبێت، چونکە هەر لە سەرەتای شۆڕشی سوریاوە راستییەکە روون و ئاشکرایە و شتێکی نامۆ نییە، کە حکومەتی سوریا ناوی هیچ کەسێکی لە لیستەکەی خۆی نەهێناوە کە بە ڕەگەز ئێرانی بێت.! ئەمەش لەو کاتەدایە، کە چەندین جار هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئێران پەیوەندی بە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانەوە هەیە لە سوریا و بە هەموو جۆرێک هاوکارییان دەکات، کە ئەمەش شتێکی جێگیرەو بەڵگەیەکی زۆر هەیە. هەروەها حکومەتی عیراقی و ئەمەریکی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە بۆ ئەم مەبەستەش ئێران بنکەی ڕاهێنانی بۆ کەسایەتی و گرووپەکانی قاعیدە کردۆتەوە و مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. هەروەها بەپێی زانیارییەکانەوە شتێکی نامۆ نییە، کە لیستەکە لە مەژهەبی سونی بن. ئەوەی بەڵای ئێمەوە گرنگە وەکو کورد ئەوەیە کە بەبێ هیچ بنەمایەک ناوی مەسرور بارزانی لەم لیستە هاتووە، ئەمەش مایەی پێکەنینە بەوپێیەی کەسایەتیەکی ناسراوە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوەو یەکێک بووە لە کەسایەتیە گرنگەکانی ناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر و ڕۆژێکی سەرەکی بینیوە لە نەهێشتنی داعش و سەقامگیری ئاسایش و ئارامی کوردستان بە گەواهی وڵاتانی زلهێز. ئەمەش بێگومان لە لێدوان و چاوپێکەوتنەکانیان بەدەردەکەوێت، کە دواهەمینیان لێدوانەکانی جیل دی کرۆف ڕێکخەری کاروباری نەهێشتنی تیرۆر بوو لە یەکێتی ئەورووپا.

لە ڕاستیدا هەڵوێستی ڕێزدار مسعود بارزانی بەرامبەر بەوەی کە هەرێمی کوردستان نەبێتە ڕێڕەوێکی ئەمین بۆ گواستنەوەی لۆجستی ئێران بۆ سوریا و سەرکەوتنی مسرور بارزانی لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خێرخوازی لەپێناو یارمەتیدانی پەنابەرو ئاوارەکان و سەرکەوتنی حزبەکەی لە هەردوو هەڵبژاردنەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان و پاڵاوتنی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی دادێی هەرێم لە 3ی کانونی یەکەمی 2018، بۆتە مایەی گوشارێکی زۆری بۆ سەر حزبێکی نزیک لە ئێران. ئەوە بۆیە سوریا بەهەموو توانایەکییەوە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەستێرەی ئەو کەسایەتییە بەهێزەی کورد لاواز بکات تەنها لەبەر ئەوەی کە مسرور بارزانی لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بەرگری لە کوردی سوریا کردووەو لە حکوومەتی سوریای پرسیوە بۆچی لە سوریا کوردیان لە ناسنامە بێ بەش کردوون و بە هاوواڵاتی پلە دووەمین و سێیەمینیان دادەنێت و لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. ئەگەر مییلەتی سوریا خۆی بڕیاردەری ئەوەی دابا ئاخۆکێ و چ لایەنێک؟ موستەحەقی ئەوەیە کە بخرێتە نێو لیستی تیرۆرەوە، ئەوا دەماندیت کە چەندین ڕژێمی سیاسی خۆیان و بەرپرسەکانیان و حزب و ڕێکخاروەکانیان دەبوایە بخرێنە لیستی تیرۆرەوە ئەوانەی کە دروستکەری تیرۆرن لەو لاتان و ناوچەو دەڤەرەکاندا، لەپێناو ئەجیندای ئابووری و سیاسیی. لە ڕاستیدا بوونی ناوی ئەو کەسایەتییە کوردیە تۆمەتێکە مایەی پێکەنینە، یان وەک پەندەکە دەڵێت" لێیدام و گریان کرد و بەرلەمن شکاتی کرد"، پاش ئەو هەموو تاوانەی دەرهەق بە کورد کردوویەتی حکومەتی بەعسی دێمەشق، کە دەستی بە خوێنی گەلانی سوریاوە سوورە تۆمەت دەخاتە پاڵ تاکی خێزانێک، کە خۆیان قوربانی دەستی تاوانەکانی بەعسن، لەکاتێکدا بەعس خۆیان بنکە و بنەمای گروپە تیرۆریستیەکان.

لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی



قەڵای هەولێر و دراوی تازەی عێراقی

ئەکرەم عەباس ئاغا ـ هەولێر

لە دراوی عێراقی تازە لە جۆری (1000) دیناری لۆگۆی تازە دانراوە بە بۆنەی چوونی ئەهوار و شوێنەواری باشوری عێراق بۆ لیستی کەلەپوری جیهانی لە ساڵی 2016دا بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە. لە کاتێکدا بە حیساب قەڵای هەولێریش لە ساڵی 2014 - 2015 چۆتە نێو ئەم لیستەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ ئەم کارە کراوە.

بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئامارە بە قەلای دێرینی هەولێر نەکراوە هەر هیچ نەبی وەک بەشێک لە کەلەپور و شوێنەواری مرۆڤایەتی لە عێراق و ناوچەکە، ئێمە وەک خەم خۆرانی قەلای سەرکەشی هەولێر کە بە ناسنامە و شوێنەوار و شانازیی کوردی دەزانین ، زۆر جار ئامارەمان بە چەندین لایەنی ئەکادیمی و زانستی داوە لە پرۆژەی قەلادا، بەڵام لێژنەی قەلا کە سەرپەرشتی کاری ناساندن و دووبارە بنیادنانەوە قەلا دەکات دیارە لە ئاست ئەم بەرپرسیاریەتەدا نیە کە نەیتوانیوە دەستکەوتی چوونی قەلای هەولێر بۆ لیستی کەلەپوری جیهانی بە بەرپرسانی عێراق بگەیەنێت و قەلای هەولێر شایستەیە لە دراوی تازەی عێراق دابنرێت، وادیارە ئەم کارەشیان خستۆتە ئەستۆی بەرێز پارێزگاری هەولێر خۆشیان هەر بەدوای سەفەر و ئیفادکردن بوون. ئێمە سێ جار چوینە بۆ بینینی بەرپرسانی قەلای هەولێر هەر سێ جار جەنابیان لە سەفەر بوون دواجار بە زمانێکی نامۆ وتیان ((سەرۆک ئیفادی یابان کراوە تێناگەی !)).

بێگومان لێژنەی قەلای هەولێر کەم تەرخەمە لە گەیاندنی دەستکەوتەکانی حکومەت بۆ رای گشتی و عێراق و ناوچەکە لەوانەش چوونی قەلای هەولێر بۆ لیستی کەلەپوری جیهانی و جێگیر کردنی وەک لوگۆی تازە لە دراوی عێراق یا هەر هیچ نەبی تانە لەم جۆرە دراوەی عێراقی بکەن کەوا بۆچی قەلای هەولێر پەراوێز خرا.ئەوەنەی بۆ مەدحی خۆیان ئازان بۆ مەدحی قەلای هەولێر ئاز بن.

لە رۆژنامەکان و کۆڤارەکاندا باس لەوە کراوە کەوا کاری قەلای هەولێر دەبی لێژنەیەکی پسپۆر بێت و بەشێوەی زانستی ئەنجام بدرێت بگونجێت لەگەل ئەدەبیاتی ئەم کارو بە تویژینەوەی زانستی چژنیەتی پرۆژپاگەندە کردن بکرێت بۆ ئەم دەستکەوتە تا دیار بێت کاریگەری قەلای هەولێر چۆنە لەسەر میوانان و گەشتیاران و سەردانکەران بەڵام هەموو ئەم رایانە رەتدەکراوە.

خەڵکی کوردستان بە گشتی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خۆیانە بپرسن بۆچی قەلای هەولێر نەچۆتە لیستی کەلەپوری جیهانی وەک لێژنەی قەلای هەولێر ئاماژەی پیکرد؟ ئەی ئەگەر چۆتە ئەم لیستە بۆچی لە عێراق دانی پێنەنراوە ؟ تا شانازی خۆی بمێنیت و ببێتە لۆگۆی دراوی ولات، یاخود لە پێشهاتی تر ئاماژەی بۆ بکرێت.

گەر چوونی قەلای هەولێر بۆ لیستی کەلەپوری جیهانی نەبوبێتە هۆیەک بۆ زیاتر بوونی میوانان و گەشتیارانی بیانی بۆ کوردستان ، هەروەک نەچۆتە نێو لیستی کەلەپوری عێراق و ناوچەکەدا، ئەی بۆچی ئەم هەموو پارە بە حکومەت سەرف کرا بۆ چونی قەلای هەولێر بۆ لیستی کەلەپوری جیهانی؟!. جگە لەمانەش چەندین خانوی ناوازەی کەلەپوری لە نێو قەلادا روخاون و لە نێو چوون بەڵام لێژنەی قەلای ئەم راستیە دەشارنەوە و تەنها گرنگی دەدرێت بە خانوویەک یا چەند خانویەکی دیاری کراو ئەمەش نا عەدالەتیە گەورەیە لە ئاست خزمەتکردنی قەلای هەولێر، هەر بۆیە چەندین خانووو خاپوور بوون و لە نێو چوون. ئومێدخوازین کەوا جەنابی سەرۆکی حکومەت و بەرێز پارێزگاری هەولێر هەڵبەستە لەسەر ئەم حالەتە بکەن بۆ ئەوەی ئاماژەی شانازی قەلای هەولێر لە نێو نەچێت..



لەسەر فەرمانی نێچیرڤان بارزانی

بوودجە بۆ تەواوکردنی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی تەرخانکرا

زیاد کاکە ڕەزا: چاودێریی وردی هەنگاوەکانی کارکردن بۆ تەواوکردنی شەقامەکە دەکەین

بە هۆی قەیرانی دارایی کارکردن لە شەقامی 100 مەتریی سلێمانی ڕاوەستابوو، بەڵام لە ئێستادا خۆشبەختانە لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکوومەت کارکردن لە پرۆژەی شەقامی 100 مەتری دەستپێدەکاتەوە، لە یەکەم گوزمەی پارەی تەرخانکراویشدا، 90 ملیار دینار خراوەتە سەر حیسابی وەزارەتی شارەوانی.

مەبەستەش 90 ملیار دیناریە تەرخانکرد.

زیاد کاکە ڕەزا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: بە هۆی قەیرانی دارایی کارکردن لە پرۆژەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی، کە بە چواردەورەی شاری سلێمانیدا دەسووڕێتەوە، لەگەڵ تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە، قەرەبالغییەکی زۆر لە شارەکە کەم دەبێتەوە. کاکە ڕەزا گوتیشی: 469 ملیار دینار بووجەی تەرخانکراوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە و لە ئێستادا بە سوپاسەوە لە سولفەی یەکەمی پارەی تەرخانکراو بۆ دەستپێکردنەوە لە شەقامی 100 مەتریی سلێمانی، 90 ملیار دینار دابینکراوە، کە بێگومان پرۆژەکەیش، سیمایەکی جوان بە شاری سلێمانی دەدات و کارئاسانیی زۆر بۆ هاوڵاتیان دەکات.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕایگەیاند: ئەو کارکردنەی لە شەقامی 100 مەتریی سلێمانی ئەنجامدراوە بۆ دەستپێکردنی ئەو پرۆژەیە، بە هیچ شێوەیەک کاریگەری نەبووە لەسەر ئەو ماڵ و موڵکانەی کە دەکەوێتە نێوان ئەو شەقامەی کە ئێستا کارکردنی لەسەر دەکرێت، بەڵکو تەنها بە ئەندازەی ئەو زیانەی کە بە هۆی ئەو پرۆژەیەوە بە هاووڵاتیان گەیشتووە، قەرەبووی دەکرێتەوە.

هاووڵاتیان داواکارن لایەنەکان پەلە لە پێکهێنانی حکوومەتدا بکەن

غەفور ڕەشید: پێویستە لایەنەکان پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکوومەت

سالار سەفین: هەرچی زووترە دەبێ بگەنە ڕێککەوتن



شاندی پارتی بۆ گەڕی سێیەمی دانوستانەکان ئەمڕۆ دەچێتە سلێمانی و لەگەڵ یەکێتیدا کۆدەبێتەوە، وەک هاووڵاتیانیش دەڵێن، لە داواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت نیگەرانن و داوا دەکەن لایەنەکان دۆسیەکان تێکەڵ بە یەکدی نەکەن و پەلە لە پێکهێنانی حکوومەتدا بکەن. پارتی بە دڕووشمی کوردستانێکی بەهێز بەشداری لە هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەماندا کرد و وەک هێزی یەکەم بە جیاوازییەکی زۆر لە پێش حزبەکانی دیکەوەیە، مەسروور بارزانی، کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

پێوەست بەو پرسەش غەفوور ڕەشید، مامۆستا لە مێرگەسۆر، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێ: پێویستە لایەنەکان پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکوومەت، دەبێت دابەشکردنی پۆستەکانیش بەپێی کورسییەکان بێت، ئەو لایەنانەی بەشداریی حکوومەت دەکەن پابەندی ڕێککەوتنەکان بن، نەک لەناو حکوومەت بن و خۆیشیان بە خاوەنی حکوومەتەکە نەزانن.

هاوکات سالار سەفین، فەرمانبەری کەرتی تایبەت لە سۆران، ڕوونیکردەوە: سێ مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تێدەپەڕێت و لایەنەکان نەگەییشتوونەتە ڕێککەوتن، دەبێت هەرچی زووترە بگەنە ڕێککەوتن و داوا دەکەم هەرچی زووترە حکوومەت پێک بێت، هەروەها پێکهێنانی حکوومەت بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بێت، چونکە خەڵک بۆ ئەوە دەنگی داوە تا قەبارە و سەنگی لایەنەکان دەربکەوێت، ئێستا کە خەڵک دەنگی بە پارتی داوە، بۆ ئەوە بووە کە پارتی لە ڕابردوودا خزمەتی خەڵکی کوردستانی کردووە و بەرگرییشی لە کوردستان کردووە، ئێستایش دەیەوێت پارتی ئەو بەڵێنانەی کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بە خەڵکی داوە، جێبەجێیان بکات، بۆ ئەوەی کوردستانێکی بەهێزمان هەبێت، بۆیە داوا لە پارتی دەکەین ئەگەر لایەنەکانی دیکە نەیەنە پێشەوە، چیدیکە چاوەڕێ نەکات و حکوومەت پێک بهێنێت، بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵک خۆش بێت.

ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر دروستکردنی کابینەی نوێەم، هاووڵاتیانی دووڵ کردووە، چونکە ئەوان چاوەڕوانی پێکهێنانی حکوومەت دەکەن، بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانیان خۆشتر بکرێت، چونکە ئەگەر لایەنەکان ڕێک بکەون، ژیانی خەڵک باشتر دەبێت و کار پەیدا دەبێت و جوولە دەکەوێتە بازاڕەوە.

میرخان شوکری، قوتابیی زانکۆش، ئاماژەی بەوەدا: دۆسیەکانی کەرکووک و بەغدایش تێکەڵ بە کابینەی نوێەم نەکرێن، چونکە ئەوانە هۆکارن کە پێکهێنانی حکوومەت دوا بکەوێت.

سەفین دەشڵێ: پێموایە کابینەی نوێەم جیاواز دەبێت لە کابینەکانی دیکە و بارودۆخی ئابووریی هەرێم باشتر دەبێت و ژیان و گوزەرانی خەڵکیش خۆشتر دەبێت.

هۆزان عیسا، چالاکوانی بواری سیاسی، گوتی: حکوومەت دەکەن پابەندی ڕێککەوتنەکان بن، نەک لەناو حکوومەت بن و خۆیشیان بە خاوەنی حکوومەتەکە نەزانن.

هاوکات سالار سەفین، فەرمانبەری کەرتی تایبەت لە سۆران، ڕوونیکردەوە: سێ مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تێدەپەڕێت و لایەنەکان نەگەییشتوونەتە ڕێککەوتن، دەبێت هەرچی زووترە بگەنە ڕێککەوتن و داوا دەکەم هەرچی زووترە حکوومەت پێک بێت، هەروەها پێکهێنانی حکوومەت بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بێت، چونکە خەڵک بۆ ئەوە دەنگی داوە تا قەبارە و سەنگی لایەنەکان دەربکەوێت، ئێستا کە خەڵک دەنگی بە پارتی داوە، بۆ ئەوە بووە کە پارتی لە ڕابردوودا خزمەتی خەڵکی کوردستانی کردووە و بەرگرییشی لە کوردستان کردووە، ئێستایش دەیەوێت پارتی ئەو بەڵێنانەی کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بە خەڵکی داوە، جێبەجێیان بکات، بۆ ئەوەی کوردستانێکی بەهێزمان هەبێت، بۆیە داوا لە پارتی دەکەین ئەگەر لایەنەکانی دیکە نەیەنە پێشەوە، چیدیکە چاوەڕێ نەکات و حکوومەت پێک بهێنێت، بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵک خۆش بێت.

هەدەپە و ژمارەیەک پارتی دیکە بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردن دەکەن

پارتەکان: ئامانج لەو ڕێککەوتنە دروستکردنی یەکێتیی کوردە لە بەرانبەر گوشارەکان



لە باکووری کوردستان حەوت پارتی سیاسی بوونە هاوپەیمانی هەدەپە و پشتیوانی خۆیان بۆ کانیدیدەکانی ئەو حزبە لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیا ڕاگەیاند.

بەگوێرەی کوردستان تیڤی، دوێنێ دووشەمە 2019/1/7 هەریەک لە پارتەکانی (حەرەکەتی ئازادی، دەبەپە، کۆمەڵەی کوردی شۆڕشگێڕ و دیموکراتیک، پارتی ئینسان و ئازادی، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان، پلاتفۆرمی دیموکراتی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستانیی تورکیا) و هەدەپە بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکانی مانگی ئاداری تورکیا لیستێکی هاوبەشیان دامەزراند بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن. ئەو پارتە کوردیانە ڕایانگەیاند: ئامانج لەو ڕێککەوتنە دروستکردنی یەکێتیی کوردە لە بەرانبەر گوشارەکانی دەسەڵاتی تورکیا و لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی هاوسەرۆکانی هەدەپە و بەرپرسی ئەو پارت و کۆمەڵانە ناوبڕۆکی ڕێککەوتنەکە ڕاگەیەندرا. هەر لەو مەراسیمەکەدا ناوەڕۆکی هاوپەیمانێتیەکە بۆ ڕایگشتی خرایەڕوو و جەختیانکردەوە ئامانجیان یەکێتیی گەلی کورد و بەهێزبوونیانە لە بەرانبەر دەسەڵاتی تورکیا.

لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا هاتووە: ئێمە پارتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان، بە بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆمان و بە ئەرکی نیشتمانی و دیموکراتیک خۆمان دەزانین کە بەرامبەر بە هەڕەشەکانی سەر گەلەکەمان و بەرامبەر بە ئاڵنگارییەکانی ناوچەکە و جیهان بە هاوبەشی هەڵوێست وەربگرین و بە یەکگرتوویی بەرەنگاری ببینەوە.

بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەدا: ئێمە پێویستە بە هەموو هێزێکی دیموکراتیک و ئازادیخواز بڵێین کە ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانمانە بە هەموو شێوازێکی ناحکومەتی و دیموکراتیک بەرەنگاری سیاسەتەکانی داگیرکاری و دیکتاتۆری ببینەوە.

بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەدا: ئێمە پێویستە بە هەموو هێزێکی دیموکراتیک و ئازادیخواز بڵێین کە ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانمانە بە هەموو شێوازێکی ناحکومەتی و دیموکراتیک بەرەنگاری سیاسەتەکانی داگیرکاری و دیکتاتۆری ببینەوە.



شەنگە هاوار کاکەیی

لە قوتابخانەی بارزانی (باوەڕ) چ واتایەک دەگەیەنێت؟

ئەگەر سەرنج بدەینە دۆخی ململانێ و تاکتیکی دونیای سیاسەت کە تەواوی ژیانمانی داگیرکردووە مەفهوم و واتای سیاسەت گەیشتووەتە ئاستێک بە واتا هاودژەکەی بکەر بووە. دەستەواژەی (مەبدەء نەماوە بەرژەوەندی ژاڵە) بنیشتە خۆشەی سەر زارانە بۆیە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی بەرێوەبەرانی کۆمەڵگا لەپیرەوبوونی مەبدەئدا چ، لە کەناڵە حزبییەکان ، چ لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری فەرهەنگی و کوردیدا چ لە کەناڵە جیاوازەکانیدا مامەڵەی ژیانی ڕۆژانەماندا دەرئەنجامی دەبێ دوای هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان بە ئەرێنی و یا نەرێنی توانای ئاماژە گەیاندنی پەیامی ئەم واتایە دەستنیشان دەکرێ ئاخۆ تا چەند هەڵگری ئەم واتایەیە چەند و چۆن؟ پیادەی نمایندەی مەبدەئی کردووە لە کاتی سپاردنی ئەرکەکانی دا. ئەم هەنگاوەش پلەبەندی لە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵدا هەستی پێدەکرێ، کاتێک تاک دەکەوێتە نێوان بەراوردکردن و هەڵسەنگاندن لە نێوان ئەو ئایدیا و ئەو باوەڕەی کەوا لەسەری پەروەردەکراوە و کە بنەما مەعریفی و زەینییەکان و ئایدیاییەکانی نێوان ئەو پاروە چەوڕەی لەدەوروبەری دەبریقێتەوە هەڵمی گەرمی لێ بەر بلاوبووە بۆ گەدە برسییەکان. کاری مەبدەء بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەم بەستەڵەکەیە کەوا بنجەوانی ڕاستین، هەڵاوێ ڕاستگۆیی لێدەباریێت بەو پێیەی ئەو بنکۆڵە بڕوایانە کە ئەمڕۆ لە ژیانی ڕۆژانەماندا کاڵبووەتەوە کە بووەتە مایەی دڵگرانی باوەڕدۆستان و هەڵگرانی، چونکە لە پراکتیکدا بەرەو نشوستە بوون چوون، کە ئەمڕۆ خاک ئامادە نەبووە و پەین نەکراوە بۆ گەشەی ئەمجۆرە واتایانە کە مەبدەئە. کە لە قوتابخانەی بارزانیدا لە نیو سەدە زیاترە کاری بۆ کراوە ـ خاکی بۆ هەڵکۆڵاوە قوربانییەکی ڕادەربەدەرو بێ وێنەی داوە. بۆیە ئەمڕۆ هەر تاکێک هەقە دەسەڵاتی هێز لەم قوتابخانە وەرگرێت خۆی ببێتە دەسەڵات نەوەک چاوەڕێ بکات بەرپرسێک ئەم ڕەهایەتییەی پێ بگەیەنێت، چونکە ئەگەر بەم بریتیبوونە نەبێت، واتا جەمسەرگیریە و جەمسەرگیری سەرهەڵدەدات و دروست دەبێت. بۆیە ئەم قوتابخانەیە کە وەچەخەری هێزە بۆ پەیڕەوانی ئەگەر ڕێگاکانیان تەڵبەندە بە درکی ئاسنین و فەرشی سوور بۆ دانەنراوە . بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کەوا کۆڵ نەدەن، بۆ گەڕانەوەی شکۆی مەبدەء کە ئەم هەنگاوە دژوار و پڕ قەیرانایییە تەنها یەک ئامرازی گەرەکە ئەویانیش بڕیار دانە، کەوا ئەم ئەرکە تەنها بەو قوتابییە جەسوورانەوە بەخشراون کەوا بە تەواوەتی توانەتەوە لە ڕێوڕەتی مەبدەء هەر بۆیە ئەم ئەرکە ئەخەنە سەرشانی خۆیان بێ ئاوڕدانەوە لەدواوە بۆ بینینی ئەو خەسارەت و ئەو قوربانییانەی کە بەئەنجام هاتووە لە کاتی پیادەکردنی ڕێڕەوی مەبدەئدا. چونکە دەسەڵاتێکی بە خۆی داوە کەوا بەرژەوەندخواز نەبێت، هیچ خودێتی و تاکڕەوی نەخەملێنێتە ناو باوەڕییەوە و بە هیچ شێوەیەک و لە خزمەتی بەرژەوەندی باڵا جڵەوی دەسەڵات وەگەڕخات و هەرگیز سڵ نەکات لە خزمەتکردنی تاک بەتاکی ئەم نیشتمانە لە سەرووی هەموویان چینی قوربانیانی بزاوتی سیاسیی کوردی، وەکو خانەوادەی شەهیدان ئەنفالکراوەکان، زیندانیانی سیاسی، کەمئەندامانی شەڕ ناوخۆ، ئاوارە مێژینەکانی خەڵکی کەرکووک، مەندەلی، خانەقین هتد... کە پاش وەرگرتنی پاداشتە شایستەکانی ئەم چینانە جا نازی خۆی ببڕێنێتە سەر فەرمانڕەوای میری، بڵێ من هەم .

بەم شێوە بارزانی تێگەیشتنی بۆ قوتابییەکانی ڕاڤەدەکردن، تەنانەت پێی وابوو نابێت هیچ بەرپرسێک لە پارتی دایک کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بستێک خاک بە تۆمار، واتا تاپۆ بەسەر ناوبەوە هەبێت، چونکە ئەوە بەو واتایە کەوا ئەو خاوەن ئەو چەند مەترەبە لە مولکدارێتی گشتی بێبەش دەبێت. بۆیە لە ئەجێندای ئەم گەنجینە فەرهەنگییەدا زۆر بە نەرمی شرۆڤەکراوە لە لایەن بارزانی باوکەوە، خۆ ئەگەر یا کوردستان یا نەمان بە نموونە وەربگرین.

لە ڕابردوو هیچ پێشمەرگەیەک ئەگەر ڕووی بکردایە سەنگەری بەرگریکردن هەرگیز پرس و مەشورەتی بە دەوروپشتی خۆی نەدەکرد و لە زهنییەتی مژوولی ئەوە نەدەبوو، کەوا مانگانەی چەند موچەی هەبە، یا نا، تەنها بیری لە نەسجی کوردستان یان نەمان بوو، چونکە ئەم بنەما فیکرەیەی لەو قوتابخانە ڕاستەوخۆ وەری دەگرت. تەنات وتەی پێشمەرگە خۆی لە خۆیدا واتا مەبدەء و کە ئەمڕۆ کوردستان نیمچە سەر بەخۆییەکی هەیە، گوناە نییە پێشمەرگە موچەی هەبێت، بەڵام با موچەکی شایستەی هەبێت! ئەوەی بەڵای بەندە تاوانە قەسەم و سوێندی پەرلەمانتاران بەر پرسە بالاکانە کە سوێند دەخۆن کە دەست بە کلامی خودا ئەنێن کە پارێزگاری بەرژەوەندی میللەتەکەیان بن، کەچی لە کەس شاراوە نییە هەموومان درکمان بەو ڕاستییە کردووە، ئەگەر پەرلەمان و پۆست وەزارەتەکان ڕامالێن، لەم شایستە شاهانەیە، کەس مەبدەئی کوردستان یان نەمان پەیڕەو ناکەن، تێکڕایان لە دەوری پارچەکێکی بەرژەوەندی دەخولێنەوە، ئەگەر ئیستیحقاقە داراییەکان ببڕێت نە لەبەردەم پەرلەمان نە لەپێش وەزارەتەکان بۆ پیاسەکردنیش ناڕۆن. بەو پێیە کەوا تەماحی بەرژەوەندی ئەمەش تاوان نییە، ئەم حکوومەتە لەم سەروبەندەدا پێی باشە بەمجۆرە پاداشتی کادیرانی خۆی بکاتەوە، لە هەموو ئەحزابەکان بە چەپ و ڕاستەوە.

بۆیە پێشنیازمان بۆ ئەم حکوومەتە بۆ زاتی سەرۆکی حکوومەتی داهاتوو، ڕێزدار مەسرور بارزانی، قەسەمی وەزیفی نەمێنێت، وەلانرێت، هەرچەندە دڵنیاین ئەمە مەرجێکی پرۆتۆکۆڵیی ڕووکەشییە ، بەڵام بۆ تۆخبوونی بۆ گەڕانەوەی شکۆی مەبدەء کە ئەم سوێندخواردنە ئەمڕۆ لە مەتبەخی سیاسەتدا بە ئاگرێکی گەرم پێگەییە و بەڵام ڕێک پێچەوانەی واتای مەبدەئە و لە پراکتیکدا پەیڕەو و بڕیاری یەکلاکەری گەرەکە، نە خاسمە کە ئەم قەسەمە بۆ هەڵگرانی ڕێبازی بارزانی دووجار نەنگییە. لە پای گوناهێک دووجار دووچاری گوناهن، جارێک بە ناوی خودا، جارێکیش بە ناوی مەبدەئی بارزانی.

بە هیوان هەڤاڵانی ڕێبازی بارزانی پردێکی پتەوی باوەڕ دروست بکەن، لەم حکوومەتە و لەم کابینە تازەیەدا تا خەونی دوێنێ بە تەڵخاوی ئەمڕۆمان تێوە نەگەڵێن، چونکە تا دەمرین لە یەک کانی تونێتیمان دەشکێت، قورگمان تامەزرۆی یەک ئاو، یەک سەرچاوەیە ، کە ئەوییشان کانیاوە زەوەندەکەی پێشەوایە.

* ماستەر لە پاسای گشتی

وەزارەتی بازرگانی:

خەرجکردنی پارەی سێ ساڵی جووتیاران خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە



بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، وردەکارییەکانی خەرجکردنی پارەی سێ ساڵی جووتیارانی هەرێم کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و بۆ بڕیاردانی کۆتاییش وەزارەتی بازرگانی عێراق نووسراوێکی داوەتە حکوومەتی عێراق.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی بە باسنیوزی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی کە دادگایەکی بەغدا بڕیاری خەرجکردنی پارەی سێ ساڵی 2014 ـ 2015 ـ 2016 ی جووتیارانی هەرێمی کوردستانی دا، ماوەی مانگێکی دیاری کرد بۆ تانەدان لە بڕیارەکە.

ئاماژەی بەوەش دا، جگە لەوە وەزارەتی بازرگانیی عێراق نووسراوی بۆ حکومەتی عێراق کردووە و داوای کردووە کە دوای یەکلاییکردنەوەی ئەنجامی بڕیار و تانەی دادگا، پارەکە خەرج بکات کە 555ملیار دیناره. ڕوونیشی کردەوە کە بەپێی بڕیاری دادگا دەبێت هاوشێوە و بەو نرخەی کە گەنمی جووتیارانی عێراقی لەو سێ ساڵەدا کڕدراوە، هەمان پارەش بدرێتە جووتیارانی هەرێمی کوردستان.



شاندێکی کونسوڵخانەی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر سەردانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات

ڕێککەوتی 2019/1/7 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق، پێشوازی لە شاندێکی کونسوڵخانەی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری هەولێر کرد.

لەو دیدارەدا کە د. عەبدوڵلا ئاکرەیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادەی بوو، هەردوولا جەختیان لە بەردەوامی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کردەوە و شاندی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش پاڵپشتی و پشتیوانی خۆیان بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، سوپاسی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد، کە لە بارودۆخە سەختەکاندا هاوکار و پشتیوانی خەڵکی کوردستان بووە و لە ڕۆژانی پڕ زەحمەتی کۆڕەوی ساڵی 1991 ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانیان لە باوەش گرت و حەوانەوە.

سەرباری تیمارکردنی بریندارانی شاری هەڵەبجە کە ڕژێمی پێشووتری عێراق ساڵی 1998 چەکی ژەهر ڕژێژی بەرامبەر گەلی کوردستان بەکارهێنا. ئومێدی کرد جارێکی دیکە کوردستان دووچاری ئەو کارەسات و کۆمەڵکوژیانە نەبێتەوە.

هەر لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندی کونسوڵخانەی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران جەختیان لە باوەش گرت بەرەو پێشبردنی پەیوەندییە بازرگانی و زانستی و فەرهەنگییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کردەوە.

دژە تیرۆری سەر بە ئەنجومەنی ئاسایش دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکی ڕاگەیاند



دژە تیرۆری سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکی ڕاگەیاند کە لەپێناو پارە و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەڕەشەی لە هاوواڵتییەک کردووە.

پێگەی فەرمیی دژە تیرۆری کوردستانی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە، دوای ئەوەی هاوواڵتییەک لە شاری هەولێر، بەناوی پ. ن، لەلایەن کەسێکەوە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڕەشەی کوشتنی کوڕەکەی و خانەوادەکەی لێکرا، ئەگەر بڕی 150هەزار دۆلار نەدات، ئەو هاوواڵتییە سکاڵای لای هێزە ئەمنییەکان تۆمار کرد.

ئەوەش ئاشکرا کراوە کە دوای سکاڵاکە، توانراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دژە تیرۆر، ئەو کەسە بدۆزرێتەوە بەناوی ن. ع. ح. ع و دوای ئەوەی لەلایەن دادگاوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، ناوبراو لە ڕێکەوتی 2018/12/20 دەستگیر کرا و خرایە ژێر لێکۆڵینەوە.

پێگەی دژە تیرۆر ڕوونی کردووەتەوە کە تۆمەتبارەکە لە لێکۆڵینەوەکانیدا دانی بەوەدا ناوە، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڕەشەی لە سکاڵاکارەکە کردووە کە ئەگەر 150 هەزار دۆلار نەدات، ئەوا ژیانی کوڕەکەی و خانەوادەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەوەش ئاشکرا کراوە: تۆمەتبار لەمیانی هەڕەشەکانی لە سکاڵاکار، هەوڵیداوە خۆی وەک گرووپێک نیشان بدات و، ئاماژە بەوە دەکات کە زانیاریی تەواویان لەسەر جموجۆڵی ڕۆژانەی خۆی و خانەوادەکەی هەیە، هاوکات ئاماژەی بەوە داوە کە ناوی چەندین هاوواڵتییتر لە لیستی ئەوانەدان کە دەبێت پارە بە گرووپەکە بدەن.

پێگەی دژە تیرۆری کوردستان کە سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، هاوواڵتییانی دڵنیا دەکەینەوە، بە هەوڵ و کۆشش و شەونخوونیی بەردەوامی هێزە ئەمنییەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کورستان پارێزراوە و سەروماڵی هاوواڵتیانیش پارێزراو دەبێت. هاوکات داوای لە هاوواڵتییان کردووە، زیاتر لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان هاوکار بن، هەروەک چۆن هەمیشە پاڵپشت و هاوکار بوون.

نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر ئاماری کاروچالاکییەکانی خۆی ڕاگەیاند

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

دکتۆر شاخەوان دزەیی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕزگاری فێرکاری ئاماری ساڵی 2018ی خستەڕوو و ڕایگەیاند: پارسان لە نەخۆشخانەی ڕزگاری لە هەموو بەشە ڕاوێژکاری و بەشەکانی دیکە، توانراوە پێشوازی لە 250 هەزار هاوواڵتی بکات بەمەبەستی چارەسەرکردن و نزیکەی24 هەزار نەشتەرگەری جۆراوجۆر



و زیاتر لە دە ملیۆن پشکنینی تاقیگەیی ئەنجامداوە و لەگەڵ چارەسەرکردن توانیویەتی زۆربەی بەشەکان و نهۆمەکانی نەخۆشخانەکە نۆژەن بکاتەوە. هەروەها لەبەشی تیشک نزیکەی 25231 پشکنینی تیشک بۆ نەخۆشان بگرێت و نزیکەی 11783 پشکنینی ڕەنین موگناتیسی ئەنجامداوە و نزیکەی 4174 پشکنینی سی تی سکانی ئەنجامداوە لەگەڵ 5121پینۆری گەدە و نزیکەی 459 پینۆری قورشگیشی بۆ نەخۆشان ئەنجامداوە لەگەڵ ئەوەش هەر لەو نەخۆشخانەیە توانراوە35 چاندنی گورچیلە ئەنجام بدات جگە لەوەش لەبەشی چاندنی دانیش نزیکەی1609 کاری چاندنی ددان ئەنجامدراوە و ڕۆژانەیش پێشوازی لە هەزاران نەخۆش دەکات لەسنوری پارێزگای هەولێر.

جگە لە نەخۆشانی کوردستان ئەو نەخۆشخانەیە هەوڵیداوە نەخۆشانی ئاوارەش بەبێ جیاوازی چارەسەر بکات.

بەرگری شارستانی هەولێر ئاماری ڕووداوەکانی ڕاگەیاند



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، بێزار زەید گوتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێر دەربارەی ئاماری ڕووداوەکانی پارسان ڕاگەیاند: لە ڕووندا 2018 نزیکەی1768 ڕووداوی جۆراوجۆر ڕوویانداوە و بەو هۆیەوە 46 کەس گیانیان لەدەستداوە و 33 هاوواڵتیش ڕزگار کراون و 31 کەسی دیکەیش لە خنکان ڕزگارکراون و مۆڵەتی تازەش بە661 پرۆژە دراوە و لەو ڕووداوانەش نزیکەی734 ڕووداو بەهۆی کارەباوە بووە و 110 حاڵەتیش بە هۆی غازەوە بووە و چەندین حاڵەتیش بە هۆی کەمتەرخەمی هاوواڵتیان بووە و داوای لە هاوواڵتییانیش کرد کە لەکاتی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە هاوکاری تیمەکانی فریاکەوتنی بەرگری شارستانی بکەن و جەنجاڵی دروست نەکەن.

زانکۆی سەلاحەدین کار بۆ گەیشتن بە ئاستی ئەی دەکات



خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سمینارێکی پێشکەشکرد بە ناونیشانی سیستەمی بۆلۆنا تیایدا بە داتاشۆ هەموو ڕێوشوێنەکانی ئەم سیستەمەی دیاری کرد.

هاوکات د. دیلان ڕۆشاتی یاریدەری سەرۆکی زانکۆی بەیان سیمینارێکی بەناونیشانی STUDENTS CENTRE SYSTEM IN FOCUSS پێشکەشکرد.

هەروەها سمینارێک لەلایەن داهاتوو پرۆسەی بۆلۆنا جێبەجێ بکەین، هاوکات وەکچۆن زانکۆی سەلاحەددین لە ڕیزبەندی زانکۆکانی کوردستان پێشەنگ بووە، ئاواش دەمانەوێ کار بۆ ئەوە بکەین کە بچینە گروپی A کە تا ئێستا هیچکام لەزانکۆکانی کوردستان نەیتوانیووە بگاتە ئەو گروپە، چونکە زانکۆی سەلاحەددین هەردەم پڕ لەچالاکییە و کارەکانی بۆ ئەوەیە هەردەم بەپێشەنگی بمێنێتەوە، بێگومان ئەمەش بەهاوکاری وهەماهەنگی مامۆستایانی زانکۆکەمانە، لەپاشاندا لەلایەن پ. د. سەلاح یەحیا سەرۆکی ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکان لە وەزارەتی خوێندنی بەرزو توێژینەوەی زانستی بەئامادەبوونی ڕاگرەکانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین و ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا و سەرۆک بەشەکان، لەهۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی زانکۆ وۆرکشۆپی پرۆسەی بۆلۆنا ئەنجامدرا، ئەمەو لەسەرەتای وۆرکشۆپەکە پ. د. ئەحمەد ئەنوەر، دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا باسی لەو چالاکییانە کرد کە زانکۆی سەلاحەددین بەردەوام ئەنجامی دەدا سەبارەت بە پرۆسەی بۆلۆنا سەرۆکی زانکۆ جەختی لەوە کردەوە بەهۆی ئەو سمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە و وۆرکشۆپەکان کار بۆ ئەوە دەکەین لە ساڵی وەزیرەکانی پەروەردە ئەوروپا کۆبوونەوە بۆ یەکخستنی خوێندن لەهەموو ئەوروپا، بەسەرەتادا لە 27 وڵاتی ئەوروپی ئەو پرۆسەیە جێبەجێکرا، ئێستاش 45 وڵاتی جیهان ئەو پرۆسەیە جێبەجێ دەکەن، زانکۆکانی کوردستانیش دەیانەوێ هەمان سیستەم وپرۆسە جێبەجێ بکەن ئەمەش لەپێناوی یەکخستنی خوێندن.

ئەوەی شیاوی باسە، لەکۆتایی ئەم وۆرکشۆپەدا سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین ڕێزلێنانی پێشکەش بەو مامۆستایانە کرد، کە سمیناریان لەو بارەوە پێشکەشکرد.

گەشتیار و باران بووینە هۆیێ ژ ناڤچوونا شینواران



خەبات ـ ئالان شەهاب: محمد عارف تاتار شینواناس ب خەبات ڕاگەاند: شینوارێن قەزا ئامێدێ ئێکە لە وان شینوارێن ل کوردستانێ هەیە ، شینوارێن ئامێدی د زڤرنەڤە بۆ سەردەمێ میرگەها بادینان کۆ ئێکە ژ وان میرگەهێن کوردی کو هاتیە دامەزراندن ل سالا 1262ێ و پرانیا وان شینواریێن نها ل قەزا ئامێدیێ ڤەدگەرنەڤە بۆسەردەما میرگەها بادینان وە گەلەک سەردەمێن دی ل ئامێدیێ دەرباز بونە وەک سەردەمێ ئاشوری سۆمەری زەردەشتی شینوارێن بەر چاڤ ڤە دگەرنەڤە بۆسەردەمێ میرگەها بادینان، ئەو جهێن شینواری ئەم دبینین یێن کەتینە بن پێلا ریدانێن سروشتی یان کاریگەریا بارانێ و لافاو دهەمان دەم دا کو دبینین ئەڤە چەندین سالە ئەڤان جهە نەهاتینە نۆژەن کرن ژبەر هندێ بوویە ئەگەرێ هەرفتنێ زێدەباری ڤێ چەندێ دەمێ گەشتیار قەستا ڤان جیهان دکەن دەستکاریێ هندەک تشتان دکەن یان ناڤێ خۆ ل سەر دنڤیسن ئەڤەری دبیتە ئەگەرێ هەرفتنان. هەر وەها گۆت: میرگەها بەهدینان گەلەک جهێت شینواری هەنە وەکو دەرگەهێ ئامێدیێ و گۆرستانا میرا و دەرگەهێ زێبار و دەرگەهێ سەڤەڤا و گۆرا سریچێ و نیچ قەلا و مزگەفتا کەڤن و گەلەک جهێن دی. ئەڤان هەمی ڤە دگەرن بۆ سەردەمێ میرگەها بادینان

بەرپرسێ لقا ئێک دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان کۆمبو



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ژبو هایداربون لسەر ژین و ژیار و داخازی و پێتڤیێن مالباتێن سەربلندێن شەهیدا و لدیف بەرنامێ داریتی بێ لقا ئێک دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان ل سنورێ لیژنا ناوچا سەرهلدان کۆمبو.
بەرپرسێ لقێ گوت: هەر دلوپەکا خوینا عەزیزێن هەوە ل سەرقێ ئاخێ هاتبیتە ڕێڤ ئەزمونەکە بو نفشێ نوی وە عزیزێن هەوە بوینە خو گوری قێ ئاخێ کرین داکۆ ئەم ب ئارامی و تەناهی ل کوردستانێدا بژین و ڕوژ بۆ ڕوژێ کوردستان د وەرار و پێشڤەچونێ دایە و خزمەتکرنا هەوە سەربلندییە بو هەر تاکەکێ کوردستانێ و مە سوز داییە دگەل خو کۆ ئەم ژی دیکەفتێن پەیام و ریکا وان بین تا ژیان د لەشێ مەدا مابیت و ئەف هاریکارێن کۆ ئەم پێشکێشی هەوە دکەین چ یا مادی بیت یان چارەسەرکرنا نەخوشێن هەوە بیت ب منەت نزانین بەلکو ئەرکە لسەر ملێن مە.
ژلایێ خوڤە مالباتێن شەهیدا ژی سوپاسیا لقێ ئێک کرن کۆ هەمی شیانێت خودانە کار بو خزمەتکرنا مالباتێن مە.

لە سنووری ئاکرێ
12 گوند بەهۆی بۆردومانی تورکیاوە چۆڵ کراون



بە گوتەی بەرپێوەبەری ناحیەی دینارتەی سەر بە قەزای ئاکرێ، لە پارێزگای دهۆک هەتا ئێستا 12 گوندی سەر بەو قەزایە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە چۆڵ کراون کە زۆربەی خەڵکەکەی ئاژەڵدار و خاوەن ڕەز و باخ بوون.
لەمبارەوە شەعبان خەلیل بەرواری، بەرپێوەبەری ناحیەی دینارتە ڕایگەیاند: لەبەر بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر گوندەکانی دەڤەری زێباری لە ناحیەی دینارتە، تاکوو ئێستا 12گوند چۆڵ کراون کە زۆربەیان سەرقاڵی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوون.
ئاماژەی بەوەش کرد: سوپای تورکیا بە بیانووی بوونی بنکە و بارەگای گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بەردەوام سنووری ئەو گوندەانەیان بۆردومان کردووە و خەڵکەکەش ناچار بوون لە ترسی گیانیان گوندەکەیان چۆڵ بکەن و لە ناوچە و گوندەکانی دیکە نیشتەجێ بوون. بەرپێوەبەری ناحیەی دینارتە بۆ باسنیوز گوتیشی: دانیشتوانی ئەو 12 گوندەی کە چۆڵ کراون بەم زستانە سەختەدا لە گوندەکانی گربیش، بامشمش و جێگەکانی دیکە نیشتەجێ بوون و لەبەر فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا کە بەردەوام ئەو دەڤەرانە بۆردومان دەکات ناوێرن بگەڕێنەوە شوێنی ژیانی خۆیان و ئەمەش بووەتە گرفتی سەرەکی و ترس و دڵەڕاوکێیی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە.

شەقامی ئیسکان جگە لە نۆژەنکردنەوەی، جاریکی دیکە ڕێک دەخرێتەوە



خەبات ـ سەید فاتیح
بەرزنجی: نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر دەربارەی شەقامی ئیسکان ڕایگەیاند: یەکێک لە سیما شارستانییەکانی هەولێر شەقامی ئیسکانە و بەشەو و ڕۆژ، ئەو شەقامە بە ڕووی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش هاوڵاتیاندا کراوەیە. بەڵام جۆرە نارێکییەک بەو شەقامەوە دیارە، ئەویش سەرشوستە و جادەی بەردەمی دوکاندارەکان، لەلایەن چەند کەسانێکی ناپەرپرس بە کرێ دراون ئەوەبوو، لەلایەن حکومەتەوە هەست بە حاڵەتە کراوە و گلەیی و گازندەی زۆری هاوڵاتیانیش بەهەند وەرگیرا، بۆیە لێژنەیەکی هاوبەش بە سەرپەرشتی قایمقامیەت پێکهێنرا، تا لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی شەقامەکە ئەو سەرگەردانییە نەمێنێ و بەکرێدانی یاسایی کۆتایی پێدێت و لەگەڵ خەڵکی کاسبکاری ئەو شەقامە گفتوگۆ کراوە بۆ ڕێکخستنەوەی شەقامەکە و دووبارە گەڕاندنەوەی سیمای شارستانی جارانی ئەو شەقامە و لە ئێستادا شەقامی ئیسکان لە ژێر کۆنترۆڵی لایەنە پەیوەندیدارەکانایە و هاووڵاتیانیش هەست بە ئاسوودەیی و خۆشی دەکەن.

یەکێتیی پیاوان: تونددوتیژی دژی پیاوان ڕووی لە زیادبوون کردووە

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی یەکێتیی پیاوان ئامار و داتاکانی ساڵی 2018ی خستە ڕوو، هەروەها باسی لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تونددوتیژی دژی پیاوان کرد.
بورهان عەلی فەرەج، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی یەکێتیی پیاوان ڕاگەیاند: بەپێی داتا و ئامارەکانی ڕێکخراوی یەکێتیی پیاوانی کوردستان لە 1/1/2018 تا 2018/12/31، 558 جۆری سکالا و تونددوتیژی دژی پیاوانی تۆمار کردووە، 115 حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان و 5 حاڵەتی کوشتنی پیاوان لەلایەن ژنان بە هاوکاریی کەسانی دیکە ئەنجام دراوە.
گوتیشی: هۆکاری تەشەنەکردنی تونددوتیژی دژی پیاوان دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئابووریی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە، چونکە پیاو بەرپرسە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزان و ئەمەش کاریگەرە بۆ زیادبوونی تونددوتیژییەکان، خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پەخشکردنی دراما تورکییەکان بەبێ هیچ فلتەرێک دەبێتە هۆی دروستبوونی تونددوتیژی دژی پیاوان. بورهان عەلی فەرەج بۆ باسنیوز ئاماژەی بەوەش دا: لە گشت کۆمەڵگەیەکدا تونددوتیژی دژی پیاو ڕوو دەدات، بەڵام ئاستەکانی جیاوازە و لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگریکردن لێی، پێویستە لە ڕاگەیاندنەکان هۆشیاری بڵاو بکرێتەوە و تاکەکان هۆشیار بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە ئەنجامدانی تونددوتیژی دژی پیاوان.

گەرمیان... لەساڵی پاردا زیاتر لە پەنجا هاووڵاتی بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەوە بونەتە قوربانی

خەبات ـ سەبریە یوسف: لەماوە ساڵی پاردا لەسنووری ئیدارەی گەرمیان، زیاتر لە 500 ئاگرکەوتۆتەوە و بەهۆی ئەو ئاگرانەشەوە 11 هاووڵاتی گیانیان لەدەستاوە و 43یش بریندارببوون. بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان، کە وێنەیەکی بەخەبات دراوە، هاتووە: لەماوەی ساڵی ڕابردووداو واتە لە ساڵی 2018دا 563 حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لەسنووری ئیدارەی گەرمیان تۆمارکراوە و کە زۆرترینیان ئاگرکەوتنەوە لە دەغڵ و دان بووە کە 163 حاڵەت بووە و بەدوای ئەویشدا ئاگرگرتنی ئۆتۆمبیل بووە کە 88 حاڵەت بووە. هەر بەپێی ئەو ئامارە بەهۆکاری ئەو ئاگرانەوە 11 کەس گیانیان لەدەستداوە و43 کەسیش بریندارببوون .

گەرمیان.. لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا دوو کرێکار گیانیان لە دەست دا

خەبات ـ سەبریە یوسف: نەقیب کارزان مەجید، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان بەخەباتی ڕاگەیاند: سەر لە بەیانی دوێنێ لە سەر ڕێگای کەلار ژ کفری، نزیک بەنزینخانەی ئاسۆ، لە ناحیەی ڕزگاری ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر مارسیدس ئەکتروس، دوو هاووڵاتی دەشێلێت و بەداخەوە دەستبەجێ و لە شوێنی ڕووداوەکە، گیان لە دەست دەدەن. گوتیشی: ئۆتۆمبێلەکە بە ئاڕاستەی کفری ڕۆشتووە و ئەو دوو کرێکارەش کە بوونەتە قوربانی دانیشتووی ناحیەی ڕزگارین و بە مەبەستی کرێکاری لە ماڵ دەرچووبوون. نەقیب کارزان ڕاشیگەیاند: لێخوڕەکە بە بڕیاری دادوەر و بە پێی ماددەی 24ی هاتوچۆ دەست بە سەرکراوە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو سۆران ئەدیب حەمەکریم ئاغا

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵی تێکۆشەر و دڵسۆزی پارتیمان، بەرپرسی ڕێکخراو لە وڵاتی سوید، سۆران ئەدیب حەمەکریم ئاغا قەرەداغیمان پێگەیشت. لەم بۆنە خەمناکەدا، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و سەرجەم خزم و کەسوکار و هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردویشمان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

سوپاس و پێزانین

سوپاس و ڕێز و پێزانینی زۆرمان هەیە بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە هەر لە سەرەتای نەخۆشکەوتنی جوانەمەرگ، خەمخۆر و پەڕۆشبوون و بەشداربوون لە پێشوازی و هێنانەوەی تەرمی پیرۆزیان. هەربەم بۆنەوە سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ:
بەرپرس و کارگێڕان و کادیران و سەرجەم ستافی لقی 24ی سەفین، بۆ ڕێکخستنی ئەو مەڕاسیم و پێشوازییە، گەورەییان نواند. نوێنەری مەکتەبی جەنابی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، بەڕێزان لە مەکتەبی جەنابی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی د.یموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ هەولێر، ڕاوێژکارانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەندامانی ئەنجومەنی ئاژانسی پاراستن، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرپرسی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەر و فەرمانبەرانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری حزبی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، بەڕێوبەر و ئەفسەرانی ئاسایشی گشتی و هەولێر و شەقلاوە و دەروبەر، نەخۆشخانەی گشتی شەقلاوە، بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆ و پۆلیسی شەقلاوە، بەڕێزان لە پۆلیسی دارستانی/ شەقلاوە، گشت یەکە ئیداری و کارگێڕییەکانی سنووری قەزای شەقلاوە، کارمەندانی گومرگی ئیبراهیم خەلیل، ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرۆک فراکسیۆنی پ. د. ک، ئەندام پەڕلەمانانی کوردستان، سەرۆکی یەکێتی زانایانی کوردستان، ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، دەزگای بالای ئەیلول، لیوا و فەرماندە سەربازییەکان، بەڕێوبەری پەروەردەی شەقلاوە، لقی یەکێتی زانایانی شەقلاوە، مامۆستایانی ئایینی، ناوەندی بالای سەفین، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی کوردستان، ستافی کەنالی Ktv لەشەقلاوە، بەڕێز مام قەشە ئەنیس، لقی یەکگرتووی ئیسلامی ژ شەقلاوە، نوێنەری حزبی و لایەنە سیاسییەکان، بەرپرسی مەڵبەندی7 یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نەینەوا، بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی/ شەقلاوە، کۆمیتەی حزبی شیوعی / شەقلاوە، سەرجەم کەسایەتی و ڕێش سپی و سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان و سەرجەم ناوچە و ڕێککخراوەکانی سنوری لقی 24سەفین، هەموو خزم و دۆستان و ئەو خۆشەویستانەی کە ڕاستەوخۆ بەشداربوون لە پرسەکەمان، یا بە تەلەفۆن، نامە یا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوخەمان بوون.

پەندەماڵەی خوالێخۆشبیت
موقدەم محەمەد حەمید تەها

پرکردنەوەی نامیلکەی مۆڵەتی شۆفێر لە هەرێمی کوردستان دەبێتە ئەلیکترۆنی



بەڕێوبەری گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، پرکردنەوەی نامیلکەی مۆڵەتی شۆفێر لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا دەبێتە ئەلیکترۆنی و سەرەتاش لە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانییەوە دەست بەو کارە دەکرێت.
لیوا ڕزگار عەلی، بەڕێوبەری گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: پلانمان هەیە لە سەرجەم بەڕێوبەرایەتییەکانی هاتووچۆ داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری بکەینە ئەلیکترۆنی، تاوەکو خەڵکی لە ماڵ و شوێنی کاری خۆیەوە نامیلکەی داواکاری مۆڵەتی شۆفێری پڕبکاتەوە. وەک قۆناخی یەکەم لە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانییەوە دەست بەو کارە دەکرێت و دواتر لە بەڕێوبەرایەتییەکانی دیکەش جێبەجێ دەکرێت.
هەر پەیوەست بەو پرسە کاروان حەمە سدیق، گوتەبێژی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی بە ڕوودواوی ڕاگەیاند: پڕکردنەوەی نامیلکەی مۆڵەتی شۆفێری بەشێوازی ئەلیکترۆنی لە بەڕێوبەرایەتییەکەی ئەواندا لە ڕۆژی 8ی ئەم مانگەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. گوتیشی: ئیتر پێویست ناکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری لە قۆناخی یەکەمدا خەڵکی سەردانی بەڕێوبەرایەتییەکەمان بکات، دەتوانن لە ڕێگای ئۆنلاینەوە نامیلکەکە پڕبکەنەوەو دواتر ڕێکارە یاساییەکانی دیکە بکەن.
بەپێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتووچۆ، لە هەرێمی کورستاندا زیاتر لە 1ملیۆن و 600هەزار کەس مۆڵەتی شۆفێریان هەیە.

پشتی پێنج ساڵا جارەک دی سەنتەرێ ڕۆشەنبیری شێخان هاتە هەلبژاردن

خەبات ـ ئالان شەهاب: محەمەد عارف بەرپرسێ نوێ یا سەنتەرێ ڕۆشەنبیری شێخان ب خەبات ڕاگەهاند: پشتی دەربازبوونا پێنج سالان ل گرتنا سەنتەرێ ڕۆشنبیری شێخان و داخستنا وی دوهێ 2019/1/7 کۆنفرانسێ سەنتەرێ ڕۆشەنبیری شێخان هاتە گرێ دان ل ڕێڤەبەریێ ڕۆشنبیریێ شێخان و دەستەیەکا نوێ هاتە هەلبژاردن. مەرەم ژ ڤێ چالاکییێ سەنتەری ئەوە بەرفرە کرنا هزرێ و بیرا نەتەوەیی یە ل قەزا شێخان و گێرانا چەندین چالاکیا جۆراوجۆر و بزاڤا ڕۆشەنبیری ل قەزا شێخان و تاخێ گەنجان ب تایبەتی پشتی ڤێ چەندێ ئەف پلانە دێ پێکهێت ژ دابینکرنا گروپەکا میوزیک ل سەنتەرێ قەزا شێخان و ل گەل دەرکرنا گۆڤارەکی بۆ پتر ڕۆشەنبیری کرنا خەڵکێ شێخان کە بەرەف خاندنێ ڤە بچیتزیدەباری ڤێ چەندێ چەندین چالاکییێن چۆراو جۆر دهێنە ئەنجام دان ب ڕێکا ڤێ سەنتەری. پیرۆزبایی ل وان هەڤالا دکەم کو هاتنە هەلبژاردن.

هەڵەبجە ژمارەیەکی زۆر ماتۆرسکیل تێکشکێنران



ئەو ماتۆرسکیلانەی لە سنووری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای هەڵەبجە، دەستی بەسەردا گیرابوو، سەرجەمیان تێکشکینران.
ڕۆژی دووشەمە 7/1/2019 بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی هەڵەبجە لە ڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بە باسنیوز گەیشتووە، تێیدا ئاشکرای کرد، کە ئەو ماتۆرسکیلانە دەستگیرکرابوون لەلایەن بەڕێوبەرایەتییەکەیانەوە سەرجەمیان پانکرانەوە و تێکشکێنران، بۆ ئەوەی دووبارە سودیان لێ نەبینرێت و بەکار نەهێنرێنەوە.
ڕوونیش کراوەتەوە، کە ئەم ماتۆرسکیلانە لەسەر شەقامەکان هۆکاری هەراسانکردن و بێزارکردنی هاووڵاتیان و شۆفێران بوون.



سودوەرگرتن لەکات بۆبنیاتنانی ئایندە



نەوزاد شێخ کامیل- ئاپۆریناس

لەکۆمەڵچیرۆکی ویستگەی نەمری- ئازاد پێنجوێنی لەساڵی 2018 دەریکردووە یەکێک لەچیرۆکەکانی بەناوی پانۆرامایەکی پێشبینی کراو کەباس لەو کەسانە دەکات بەهۆی سەرقاڵیان بەئامێرەکانی مۆبایل و تەکنەلۆجیاکە(شەوداهات ملیان شۆڕ کردبووەوە بەدیار شاشەیەکەوە تا بەیانی ڕۆژدەبووەوە هەموئەمانەوای کردبووکەزۆربەی مرۆڤەکان بەپشت کوڕ بانگ دەکران) 1 بیریان بەڵای کارو کاسبی نامێنێ و کەسانی تەمبەڵ دەردەچن و کاتێک دەزانن چەند ساڵێک لەتەمەنیان ڕۆشتووە هیچیان دیارنییە.

ئەوەی من لێرە دا مەبەستەمە لەم ووتارەمدا ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان لەئێستادا ئەو دیاردەیە سەری هەڵداوەو زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا دوچاری کات کوشتنێکی زۆرو سەرهەڵدانی چەند نەخۆشیەکیش بون و زۆرلەوانە مەترسی کەوتۆتە سەر ژیانیان لەڕوی تەندروستی و هەندێکیشیان کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ دروست بوەو بەئاسانی لێی دەرناچێت.

ئەگەر سەیری ئەو دۆخەبکەین کەئێستا زۆر لەمالەکان و خانەوادەو گەنجان وتاڕادەیەک پیرەکانیشی گرتۆتەوە هەست دەکەین زوربەیان ئامێری پەیوەندی کردنی پێش کەوتویان پێیەو ئەنتەرنێتەکانیشیان کارایەو لەگیرفانیدایە دوکاندارو فەرمانبەرو گەنجانی بێ کارو ئافرەتانی ماڵ و منداڵی ساواوقوتابیان ولاوان لەوئامێرانە بێ بەش نین و بەکاری دەهێنن.

ئەگەربەشێوەیەکی ئابوریانە سەیری ئەو دۆخە کەین کە خەڵک وابەستەبون دەرئەکەوێت:

1- کوشتنی کاتێکی زۆر وبێ بەرهەم لەڕوی ئابوریەوە کەزیان بەداهات و ئایندەی ئابوری هەرێم دەگەیەنێت.

2- ماڵ نیە هەزاران دۆلاری نەدابێت بەوئامێرانە و زوربەیان بۆ ماوەیەکی کەم بەکاری دەهێنین ون یان لەماڵ دای دەنێت یان بەنرخێکی کەم دەیفرۆشێتەوە وکەئەم کارە لەڕوی یابوریەوە زیان بە داهاتی تاک دەگەیەنێت و دەکرا ئەو بڕەپارەی لەپرۆژەیەکی بچوکدا بەکاربهێنایەو سودی بۆخۆی وخێزانی وزۆرجار بۆ دەوروبەریش دەبوو.

3- دروستبوونی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و چونەکە دادگاکان ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنێت کە بەهۆی ئەو ئامێران دروست بون زۆر لە کاتی هەردولای کێشەکە دەبات و دەکرا ئەو کاتە بۆ پەیداکردنی داهاتێک تر بەکاربهاتایە.

4- ئاستی زانستی قوتابیانی لە خوێندنگا کان هێناوەتە دواوە و زۆر جا ردەبێتە هۆی لەدەست دانی خوێندن چونکە چەند ساڵێک لەپۆلێکی خوێندن دەمێنێ و ئەگەر لەکاتی خۆی دەربچوایە دەبوە تاکێکی بەرهەم هێن وسودی بۆخۆی کۆمەڵگا دەبوو.

5- هۆکارێکی ترکات کوشتن بە هەندێک کارکە تایبەت مەندنیە بەتۆی تاکی بەرهەم هێن جگە لەوەی زیان بەوکەسەدەگات و بەدەستی بەتاڵ لێی دەردەچێت و لەناو کۆمەڵگاش بەکەسێکی بێ سود ناودەبرێت ولەبەرچاو خانەوادەکەشی سەنگی نابێت.

لەکۆتایدا دەکرێت بڵێین تاکی بەرهەم هێن ئەوتاکەیە بەرژەوەندی خۆی وخانەوادەو کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرێت و کات بەفیڕۆ نەدات و ئەوەندەی لەتوانایدا هەیە خزمەت بکات و ئەوتەمەنەی کەهەیەتی بۆ پێگەیاندن و بەدیهێنانی ژیانێکی شایستە و بنیات نەر بێت.

سەرچاوە: کۆمەڵەچیرۆک- ویستگەی نەمری-ئازاد پێنجوێنی 2018_ ل76

ناژانسی پاراستن و زانیاری
(پاراستن)

با پاراستنی کوردستان ببێتە فەرهەنگی هەموومان



• هاونیشتیمانیان لەژێر شکۆی ئالای کوردستان، وەفادارییان بۆ خاکی کوردستان دەسەلمێنن.

• هەر هاوواڵتییەک، لەژێر ئالای پیرۆزی کوردستاندا بژی، پێویستە وەفادار بێت بەرامبەری و بە باوەڕی تەواوەوە خاکی کوردستان بپارێزێت و بەرەنگاری تیرۆریستان ببێتەوە.

• کوردستان سەرزەمینی لێبوردەیی و پێکەوەژیانە، هاوواڵتیانی هیچ جۆرە سازشێک لەسەر ئەو لێبوردەیی و پێکەوەژیانە و پاراستنی ئاسایش و ئارامیەکەی ناکەن.

• هاونیشتیمانی هێژا، بەهۆی سەرنجێکی قوواڵی چاوی تۆوە و گەیاندنی هەواڵێک بۆ دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکان، دڵنیابە پیلانی تیرۆریستان پوچەڵ دەبێتەوە و بەشدار دەبیت لەجەنگی دژ بە تیرۆر و تیرۆریستان و هاوکار دەبیت لە چەسپاندنی فەرهەنگی پاراستنی کوردستان.

ئەلیسا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە ڕەخنەی لێ دەگرن



بەگوێرەی هەواڵێکی هونەری گۆڤاری سەیدەتی: ئەلیسا خانمە شۆخی گۆرانیبێژی لوبنانی ماوەیەکی دوورودرێژ بوو وەڵامی ئەو کەسانەی نەدەدایەوە کە ڕەخنەیان لە لێوەکانی و شێوەی دەمی دەگرت، بەڵام ئەمجارەیان بۆ جاری یەکەم وەڵامی ڕەخنەکانی ئەو کەسانە دەداتەوە و لەم بارەشەوە ئەلیسا جەختی کردەوە کە ئەو قسەو قسەلۆکانە بە هیچ شێوەیەک کاریگەری لەسەر ناکات و لەسەر کاری هونەری خۆیشی بەردەوام دەبێت.

ئەلیسا دووپاتیکردەوە کە حەز دەکات پەیوەندی لەگەڵ پیاوێک ببەستێ کە ڕێز لە مرۆڤبوونی ئەو بگرێ، بەڵام هێشتا ئەو پیاوەی نەدۆزیوەتەوە. ئەلیسا کە بەهۆی نەخۆشییەوە منداڵی نابێ، ڕایگەیاند کە ئامادەیە منداڵێک بۆخۆی تەبنی بکات و پەروەردەی بکات.

4 ئەپڵیکەیشنی بەسود ڕۆژانە شتێکی نوێت فێردەکەن



لەوانەیە زۆرێک لەئەپلیکەیشنەکانی مۆبایل کاتێکی زۆرت لێ بەهەدەر بدەن، بەڵام بێگومان لەتواناشیاندا هەیە پەرە بە زانست و زانیاریت بدەن، دەتوانێت فێرمان بکات و شتی زۆرمان پێ ببەخشێت، بۆیە ئەمڕۆ ئەوە چوار ئەپلیکەیشنەتان پێ دەناسێنین کە ڕۆژانە شتێکی بەسودت فێردەکەن.

١- Curiosity : تەنها 5 خولەکی پێویستە ڕۆژانە تا سامانێکی گەورەت پێ ببخشێت لە ڕاستی و زانیاری نایاب سەبارەت بە جیهانی دەروبەرمان.

٢- Blinkist : زۆرجار کێشەی کەمی کاتمان هەیە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژانە ، بۆیە ئەو ئەپلیکەیشنیە هەندێک بابەتتت بۆ هەڵدەبژێرێ کورت و پوخت دەخاتە بەردەستت تا بیخوێنیتەوە یان گوێی لێبگریت لەماوەی 15خولەک.

٣- Dictionary.co یارمەتیت دەدات لەفێربوونی وشەی ئینگلیزی نوێ هەموو ڕۆژێک، هەروەها دەتوانی بەدوای پێناسی وشەی جیواز بگەڕێیت، کە پێکهاتووە لەهی ساده و زەحمەت.

٤- Duolingo: ئەمەشیان چیژێکی زۆرت پێدەبەخشێت لەفێربوونی زمانەکان لەماوەی چەند خولەکێک ڕۆژانە، بەجۆرێک نمونەی جیاوازت بۆ دەهێنێتیەوە، هەروەها ڕاهێنانت بەزیاتر لەبابەتێک بۆ یارمەتیدانت لەفێربوونی زمانی بیانی.

سوود و تایبەتمەندییەکانی ئەو مۆبایلانەی کە دەنوشتێتەوە

لێکسپای کە یەکێکە لەو مۆبایلانەی دەنوشتێتەوە، کە لە لایەن کۆمپانیای ڕۆیۆڵ دروستکراوە، خاوەنی شاشەیەکی بەهێز و خۆڕاگرە و توانای نوشتانەوەی تەواوی هەیە.

بەپێی هاواڵێکی وێبسایتی سکای نیوزی ئینگلیزی، کۆمپانیای ڕۆیۆڵی ئەمریکی خاوەنی بیرۆکەی ئەم مۆبایلەیە کە دەتوانرێت وەکو کیفی پارە بنوشتێتەوە، مۆبایلەکە بە ئاسایی و بە نوشتاوەیی کار دەکات و بە هەردوو شێوەکە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت. مۆبایلەکە خاوەنی شاشەیەکی ٧,٨ ئینجییە کە بە کراوەیی وەک تابلێتێک دەردەکەوێت، سیستمی ئەندرۆید بەکاردەهێنێت و خێرایەکی باشی هەیە.گرفتی سەرەکی مۆبایلەکە گەورەیی و ئەستوریەکەیەتی، بە ڕێژەی ٥٠ %لە ئایفۆن ئێکس ماکس گەورەترە، نرخی مۆبایلەکە لە هەزار و ٣١٨ دۆلارەوە دەستپێدەکات بۆ هەزار و ٤٦٩ دۆلار. بڕیارە ئەم موبایلە نوشتاوەیە لە کاتی بلاوکردنەوەی ڕابگەیەنرێت و لە (مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨)ەوە بخرێتە بازاڕەکانی جیهانەوە.لەپاش چەندین ساڵ لە پێشخستنی بەردەوامی مۆبایل، پێدەچێت نزیک بین لە بازدانێکی تەکنەلۆژی گەورە لەو ڕوانایانەی توانای نوشتانەوەیان هەیە، لەپاش ئەوەی تۆمارکردنی زۆرمان بینین لەداهێنانەکان، ئەوەبوو کۆمپانیایەکی چینی یەکەم ئامێری نوشتاوەی ڕاگەیاند، لە پاش ئەویش سامسۆنگ نمونەیەکی مۆبایلی ڕونما نوشتاوەی نمایش کرد، لەو بابەتەش هەوڵ دەدین گرنگترین سودەکانی بخەینە ڕوو.

1- دوو هێندە ڕووبەری ڕونما: ئامانجی ئێستای کۆمپانیاکان نەهێشتنی چوارچێوەی مۆبایل و دوگمەکانی بۆ ئەوەی قەبارەی ڕونماکە گەورەتر بکەن، گرنگترین خاڵ لێرەدا ئەوەیە کە بتوانی ڕونمایەکی قەبارە 7.3ئینچ دروست بکەیت بێ بونی کاریگەری لەسەر قەبارەی گشتی ئامێرەکە، ئەمەش واتا مۆبایلێکی بچوک و ڕونمایەکی گەورە.

2- توانای ئەنجامدانی کاری زیاتر: مۆبایلەکە ڕێگەت دەدات بە بەکارهێنانی ڕونمای دەرەکی وەکو مۆبایلێکی ئاسایی، هەروەها دەتوانن ڕونمای ناوەوەش بەکاربهێنیت وەکو تابلێتێک، دەشتوانیت هەردوو ڕونما بەکاربهێنیت پێکەوە و چوار ئەپلیکەیشنەی جیاواز بکەیتەوە لەسەر مۆبایل لەیەک کاتدا.

3- کامێرای باشتر: سامسۆنگ زۆر شتی ئاشکرا نەکردووە لەبارەی کامێرای مۆبایلەکەی، بەڵام هەندێک لە دەنگۆیەکان دەڵێن کە هەردوو ڕونماکە یەک کامێرایان دەبێت، ئەمەش واتا کامێرای باشتر و بەهێزتر دەبینین بەهۆی ئەوەی تەنها لە یەک لای مۆبایل کامێرا هەیە بۆیە هەموو توانایان لەو کامێرایە دەخەنەگەڕ.

4- ئەگەری کەمتر لە شکانی ڕونما: مەرج نیە ڕونما نوشتاوەکان 100% دووربن لە شکان، بەڵام بەسروشتی خۆی زۆر نەرم دەبێت، ئەمەش واتا ئەگەری شکانی زۆر کەم دەبێت بە راوورد بە وڕونما ئاساییەکان.

5- هەڵبژاردەی زیاتر بۆ بەکارهێنەران: لەگەڵ پێشکەوتنی زۆری مۆبایلەکان، بەڵام جیاوازی نێوان نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تری پێشکەوتوی مۆبایل تەنها لە ڕونما و بیرگەی کاتی و کامێرایە، بەڵام لەگەڵ ئەو جۆرە مۆبایلانە شتی زۆر نوێ و باشتر دێنە ئاراوە.

وون بوون

ناسنامەی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بەشی کارگێڕی کار بەناوی ئارام کامران سعید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە کفری

ژمارە: ٣١٤

بەروار: ١٠/١٢/٢٠١٨

اعلان

بناء علي الحكم الصادر من رئاسة محكمة استئناف كركوك/ كرميان، بالعدد (٥٧/ پێداچوونەوە/٢٠١٨) في (٢٦/٨/٢٠١٨) و القاضي بوضع اليد و التخمين و الاعلان لغرض بيع مشروع حقل دواجن شيخ لنكر في (شيخ لنكر/ كوكس/ كفري) بالمزايدة العلنية التبعة للمدعي (الدائن / محمد شمس الدين عبدالوهاب) و المدعي علية (المدين/ انور عبدالكريم رشاد) و بعد ثلاثون يوم من تأريخ نشر هذا الاعلان في صحيفة رسمية علي راغبين بالشراء مراجعة مديرية تنفيذ كفري مستصحبين معهم التأمينات القانونية بنسبة(١٠٪) من القيمة المقدرة للحقل ب (٠٠٠، ٢٠٠، ١٦٩) مائة و تسعة و ستون مليون و مائتان الف دينار و عند انتهاء المدة القانونية تبدأ المزايدة الساعة (١٢) ظهرا وفقا للاصول و اذا صادف تأريخ المزايدة عطلة رسمية سيكون اليوم الذي يلية موعد للمزايدة علما ان مصاريف الاعلان و الدلالية علي مشتري.

الاوصاف و الامحتويات

- الحقل متكون من حقل دواجن ذي قاعتين
- المساحة : ٢٩٣٠٠ م٢_ ١٧، ١١ دونم (١/١) قاطع (١/ شيخ لنكر)
- مولدة و تانكي ماء و مسيجة.

جێبەجێکاری داد/ هشام جمال عباس

***

دادگای موادی کەسی عەنکاوە

ژمارە: ٥٤/م/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٧

جاردان

بۆ داوالێکراو: روید یوحنا عتو شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (رجاء حنا یعقوب) داوای ژمارە ٥٤/م/٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردبوو داوای پوچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەریتان دەکات وە ئەم دادگایە لەڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٢٣ بڕیاری کۆتایی بەپاشملە دەرکرد بە پەسندکردنی پوچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەریتان لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئاشعاری مختاری گەرەکی ئاشتی و مارت شمونی لەشارۆچکەی عنکاوە، بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بڕیکاردارت لەماوەی یاسایيدا نارازیبوونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادەر/ نهاد صباح الدين علی

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٤٠٥/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٤

جاردان

بۆ داوالێکراو: محمد علی محسن شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (ماهر فرنسيس يعقوب) داوای ژمارە ٤٠٥/ب/٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردبوو تێدا داوای بڕی ٣٣٠٠$ کردبوو، وە ئەم دادگایە لەڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٩ بڕیاری کۆتایی بە پاشملە دەرکرد بەپابەندکردنت بەدانی بڕی ٣٩٨٠٠٠٠ دیناری عیراقی. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی ئاشتی لە عنکاوە، بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژانەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بڕیکاردارت لەماوەی یاسایيدا نارازیبوونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادەر/ نهاد صباح الدين علی

***

ئاگاداری دووەم

پارێزگای هەولێر- کارگێڕی خۆجێ یەتی هەڵدەستێ بەبەکرێ دانی شوێنی (دادگاو ڕەگەزنامەو کاروباری شارستانی هەولێر) کۆن بە ڕووبەری ١٠،٠٠٠م٢ بەمەبەستی گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل بۆ ماوەی دوانزە مانگ بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشدارکردنی هەیە لە زیادکردنە سەر لەبەڕێوەبەرایەتی مولکایەتی پارێزگا بدات کە ماوەی ١٥ ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەیەکی ناوخۆ لە سەعات ١٠ی سەر لەبەیانی بەمەرجێك ٢٠٪ بارمتەی یەدەگی پێ بێت وە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و مەرجەکانی سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکەن وەگشت خەرجیەکانی بەکرێدانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

ئەندازیار

طاهر عبدالله عثمان

جێگری پارێزگار

***

دادگای بەرایی شەقڵاوە

ژمارە: ١٤٩/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٦

جاردان

داوالێکراوان/ (نرمین و زینب و محمد و جلال و دلال و پەروین و افراح و سناء) کچ و کوڕانی (صابر حمدامین) و (مهدی و عامر و ثامر و وداد و اعتماد و نضال و عامره و رافده و خدیجه) کچ و کوڕانی (صالح حسین) و (سلمیه عباس) و (خلیل حمدامین توفیق) و (بایز حسن قادر) و (خدیجه احمد قادر) و (ماهر صابر کریم) و (خدیجه حمدامین توفیق)

داواکار/ (علی حسین قادر) بریکاری پارێزەر/ هاوار حسن ناصر

داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٤٩/ب/٢٠١٨) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای هەڵگرتنی نیشانەی کارپێ نەکردن دەکات لە مووڵکی ژمارە ٣١٤ کەرتی ٥٠ سپیگرە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (شەقڵاوە) بۆیە پێتان ڕادەگەینین بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١/١٣ ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملە و ئاشکرا.

دادەر/ اسمر طيب ابراهيم

***

سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران

بەشی ژمێریاری

ژمارە : ١٦/١٢٨

ڕێکەوت : ٢٠١٨/١/٢

ئاگاداری

ئاماژە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب.گ.ژمێرکاری ژمارە (٨٧٩٨/ لە٢٠١٨/٧/٢٧) وە نوسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٩٢٠٧/لە ٢٠١٨/١٢/٤) ئاگاداری گشت هاولاتیان دەکەین کە سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران هەلدەستێت بە فرۆشتنی (٨/هەشت) ئامێری گەورەی جۆراوجۆر لەکارکەوتوو بە پێ یاسای فرۆشتن و بەکریدانی مولکی دەولەت ژمارە (٣٢ی سالی ١٩٨٦) بە زیادکردنی ئاشکرا (مزایدە) لە سەعات ١١ی بەیانی ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٣ لە س.شارەوانی سۆران جا هەر کەس ئارەزوی بەشداری هەیە ڕێژەی ٢٠٪ لە تێچووی وەکو بارمتە لەگەل خۆی بهێنێت و گشت تێچووەکان لە ئەستوی کریار دەبێت .

ئەندازیار

امير فاخر جادر

سەرۆکی شارەوانی سۆران

***

وەزارەتا چاندنێ و ژێدەرێن ئاڤێ

ریڤەبەریا گشتی یا چاندنێ/ دهۆك

بەشێ زفی و زار/ دەستەسەرکرن ١١/٩

ژمارە: ٨٠

ڕێکەفت: ٢٠١٩/١/٧

ئاگەهداریا ژمارە (١) ل ٢٠١٩/١/٧

بو خودانێ ماڤێ ماتێچونێ یێ پارچا ژمارە (١/٨) کەرتێ ٦٨/نزراوە (حازم و مکیە و عزیزە و عقلیە اولاد حسن طە کشمولە و بلقیس حمدون ذنون و ایاد و حامد و احمد و عمر و فؤاد اولاد محمد صالح فؤاد و عبد و عبدە و هدی اولاد صالح مجید و مطیعە داود عبدالوهاب و سیروان عفان مصطفی و رافدە محمود یحیی و ابراهیم و محمد و جمال و عبدالله و اقبال و اعتدال و انتصار و نوال اولاد فاضل محمد و قهرمان و طارق و جمال اولاد قادر سعید و جاسم محمد عبدالله و محمد جمیل فریق و محمد علی رشید و عبدالوهاب علی حسن و صاریة محمد حسن و وعد علی صالح و کاکل رشید رمضان و خالد علی رشید و قدم خیر دلشاد خورشید و عامر علی رشید و امین جمیل فریق و غازی علی حسن و عبدالله علی صالح و جمال احمد و نجاة عبدالغفور محمد و هند اسکندر محمد و اسمر یاسین احمد و زیاد بایس عبدالرحمن و محمد و احمد ولدی هابیل محمد و حسین عثمان عارف و زبیر محمد رؤوف و شرکة بترویلد و لزکین مشیر اسماعیل و سامان یاسین محو و احمد مخلص عزیز و طاهر عبدالله حسن و اسماعیل کریم حسن و غائب و صائب و سعود اولاد عاصم امین و احمد محمد امین فریق و احمد جمال قادر و صدیق نعمان بابکر و سواره بشار مشیر و فاخر ابراهیم عبدالله و کمال احمد عتکو) لێژنا دەستەسەرکرنانێ ل پارێزگەها دهۆك دێ رابیت ب ڤەدیتنەکێ لسەر پارچا ل سەری ل روژا چار شەمبێ ڕێکەفتی ٢٠١٩/١/٢٣ ژ بو حەلکرنا روبەرێ ٨٨/١٠/٩١ دونم ژ پارچا لسەری لدیف برگا (ب) ژ مادێ سێزدێ ژ یاسایا ژمارە ١١٧ سالا ١٩٧٠ ئەڤجا بێتڤیە لسەر هەوە یان نینەرێ هەوە و هەر کەسەکێ پەیوەندی ب ناف و پارچا لسەری دیارکری هەبیت یێ نامادەبێت ل ژڤانا لسەری و بەرو ڤاژی ڤێ چەندێ لێژنە دێ بکارێ خو یێ یاسایی رابیت.

سەرۆکێ لێژنێ / اکرم صدیق عبی

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە: ٣٦٣/ش/٢٠١٦

ڕێکەفت: ٢٠١٨/١٢/٢٧

ئاگەهداری

بۆ/ داوالیکراو/ فرهاد رمضان طاهر/ جهێ ئاکنجێ بوونی نەدیارە

بریار هاتە دان ژ لای ڤێ دادگەهی دکێشا ژمارە وی ل سەری دیارکری دانانا تە بەژیو یا رابردوو و یا بەردەوام (نفقة ماضية و مستمرة) کوژمی (١٥٢٠٠٠٠) ملیونك پێنج سەدد بیست هزار دینار بو داواکار و هەردوو زاروکێن وی هەرئێك ژ (نیڤین و جودی) و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر و دەستەکا هەلبژارتنا ل پارێزگەها دهوکێ مالسیکی بەرامبەری مزگەفتا حجی طاهر ملا ئەڤ بریار بەلاڤەکر و تە ماقێ نەرازیبوونێ و پیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەھ روژا ژ بەلاڤکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی.

دادەر/ زيرك محمد صديق عبدالكريم

***

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ

ژمارە: ٣٠٢/ب/٢٠١٨

روژ: ٢٠١٨/١١/٧

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکەراو/ فرهاد رمضان طاهر/ شوێنی نیشتەجێبوون نەدیارە

ئەم دادگایە بڕیاریدا لە ڕۆژی ٢٠١٨/١٠/٢١ لە داوای ژمارە ٣٠٢/ب/٢٠١٨ ب ڤەگراندنا زێرا (مخشلات الذهبية) بو داواکار (وفاء امين حبش) ٤٥٠ چار سەدو پێنجێ غرام زێر عیار ٢١ یان بهایێ وێ (١٨,٩٠٠,٠٠٠) هەژدە ملیون و نەھ سەد هزار دینار، و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخێ ماسیکا ١ ل دهوکێ ل ڕۆژا ٢٠١٨/١٠/٢٨ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگەهدارکرنا تە ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەی پێ رابگەیەنێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت و تۆش مافی نەرازیبوون و تێبەلچوونەوە و پێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی ٣٠ ڕۆژدا و بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ ابراهيم خشمان گرگری

***

بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی دهوك

ژمارە/ ٣٥٣/٢٠١٦

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٦

راگەهاندن

بڕیار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە ٣٦٧/٩ کەرتێ ٨٠/دهوك الشرقية کو دکەڤیتە دهوك و تومار کریە بناڤێ قەردار محمد عبدالعزیز محمد و هاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر کومپانیا مللوك بکوژمێ ٢٨,٦٢٨,٠٠٠ بیست و هەشت ملیون و شەش سەدو بیست و هەشت هزار دینار, هەرکەسێ بڤێت بکرێت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ ١٥ پازدە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ و تەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت ڕێژا ١٠٪ ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ شیست ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی. بو زانین ڕەسمێ تومارکرنێ و دەلایەت لسەر بکرێ یەرو هاریڤان ایوب عبدالله/ جێبەجێکاری داد سالوخەت:-

جهِ و ژمارە: دهوك ٣٦٧/٩ کەرتێ ٨٠/ دهوك الشرقية

جور:- پێك هاتیە ژ ئافاهیێ ئاکنجیبوونێ (شرقی)

سنورو سالوخەت:- پێك دهێت ژ دوو نهومان یا ئێکێ دهێت ژسێ ژوور و لێنانگەھ و پێکهاتێن ساخلەمێ ویا دووێ پێك دهێت ژ سێ ژور و پێکهاتێن ساخلەمێ و بیتون.

رووبەری:- ١٨٤,٢٤م٢

کوژمێ خوملاندنی:- ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ شیست ملیون دینار.

***

سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی کەرکوك/ گەرمیان

دادگای بەرایی کەلار

ژمارە: ٤١٢/ب/٢٠١٨

ڕۆژ: ٢٠١٩/١/٢

ئاگاداری

بۆ/ داوا لەسەرکراو: جمال عبدالله ولی بشير

کە پێشتر نیشتەجێی: کەلار- شێروانە. بەڵام ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە و داواکار (عثمان محمد أمين حسن) داوایەکی بە ژمارە ٤١٢/ب/٢٠١٨ی لەم دادگایە لە سەرت تۆمارکردووە، ئەوەبوو پسولەی ئاگادارکردنەوە نێردرا بۆ ئاگادارکردنەوەت، بەڵام بە پێی ڕاقەی ئاگادارکەرەوە و پاش پشتگیری ئەنجومەنی گەڕەکی (کەلار- شێروانە) بینرا لەو شوێنە نەماویت و لە ئێستادا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بڕیاردرا بە پێی مادەی (٢١/١) لە یاسای دادبینی شارستانی کە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە، وە بۆیە دەبێت لە ڕۆژی ٢٠١٩/١/٢٢ لە کاتژمێر ١١:١٥ خودی خۆت یاخود بریکارێك لە بری خۆت ئامادەبێت لەم دادگا، بە پێچەوانەوە دادگا بە پێی یاسا بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکانی لە بینینی داواکە.

دادەری یەکەم/ قاسم اسماعيل علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٢٩٦٢/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (عبدالله قادر خضر)

داواکار (شوکریه احمد سلیم) داوای ژمارە ٢٩٦٢/ب/٢٠١٨ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (عبدالله قادر خضر) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی ڕۆژهەڵات) لە ٢٠١٨/١٠/٢٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەبڕیاری دا بەناوکردنی بەشی داوالێکراو (عبدالله قادر خضر) بەشتان کە یەك پشك لە کۆی دوو پشك لەم مۆڵکی ژمارە ٣٥٩/٤١٧م ٤٥ وارش و بەناوکردنی بەناوی داواکار (شوکریه احمد سلیم) زەوی و پێکهاتەکەی سەری بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبرو کۆتایی وەردەگرێت.

دادەر/ قباد شێرزاد نوری

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ٣٢٥٠/ ب/٥/ ٢٠١٨

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (سیامند محمد جمیل)

داواکار (دیار طاهر یحیی) داوای ژمارە ٣٢٥٠/ ب/٥/ ٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بڕی (١٢,٤٨٠) دۆلاری امریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گوندی اطالی ١) لە ٢٠١٨/١١/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١/٢٧) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادەر/ محمد بهاء الدين عبدالله

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە:٢٢٢/ش/٢٠١٨/٣

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ئامر نوری یاس) شوێنی دانیشتن نادیارە.

داواکار (جنان ناجح مجيد) لە داوای ژمارە (٢٢٢/ش٢٠١٨/٣)ی لەم دادگای لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات لە تو وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/گەرەکی حصارۆك) بۆیە دادگا بڕیاردرا بە پێراگەیاندنت بە بڕیاری پاشملە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبرِ وەردەگرێت.

دادەر/ صباح قادر كاملا

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٣٣٥/ش/٢٠١٧

ڕێکەوت:٢٠١٩/١/٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (جهاد انور علی) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٣٣٥/ش٢٠١٧/٥) بڕیاریدا بە (تفریق) بۆ تۆ و داواکار (چۆ صابر محمد سعید) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی کارێز بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبرِ وەردەگرێت.

دادەر/ پەژار عبدالله نصيف

***

دادگەها بەرایی/ زاخۆ

ژمارە: ٤٢٢/ب/٢٠١٨

میژوو: ٢٠١٨/١٢/٢٤

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراوان خالدە سمو محمود و نیجرفان سمو محمود جهێ ئاکنجیبوناوە یا بەرێ زاخو _ئامە٢/ و مروان سمو محمود جهێ ئاکنجینا وی بەری زاخو_نوروز « جهێ ئاکنجیبونا وە یا نوکە نەدیارە. ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا ٢٠١٨/١٢/١٣ ل داوا ژمارە ٤٢٢/ب/٢٠١٨ بڕیارا دا ب مولك ڕێکەوت:٢٠١٩/١/٧

جاردان

بۆ داوالێکراو (جهاد انور علی) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٣٣٥/ش٢٠١٧/٥) بڕیاریدا بە (تفریق) بۆ تۆ و داواکار (چۆ صابر محمد سعید) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی کارێز بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبرِ وەردەگرێت.

دادەر/ پەژار عبدالله نصيف

***

دادگەها بەرایی/ زاخۆ

ژمارە: ٤٢٢/ب/٢٠١٨

میژوو: ٢٠١٨/١٢/٢٤

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراوان خالدە سمو محمود و نیجرفان سمو محمود جهێ ئاکنجیبوناوە یا بەرێ زاخو _ئامە٢/ و مروان سمو محمود جهێ ئاکنجینا وی بەری زاخو_نوروز « جهێ ئاکنجیبونا وە یا نوکە نەدیارە. ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا ٢٠١٨/١٢/١٣ ل داوا ژمارە ٤٢٢/ب/٢٠١٨ بڕیارا دا ب مولك کرنا خانوبەرێ ژمارە ٢٢١٢/٢ کەرتێ ٨٨ بیدار عەرد و ئاڤاهی بناڤێ داواکار حسین شریف علی و دگەل خەرجی خستنە ئەستو ماندیبوونی پارێزەران بو بریکارێن داواکاری پارێزەران سعید یوسف صالح و ژیهاتی وەلات یاسین کوژمێ ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دینار، ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبینا وە نەدیارە لدیڤ نقیسیارا بنگەهێ بولیسین دەلا ژمارە ٤٣٣١ ل ڕێکەفتی ٢٠١٨/١٠/١١ نقیسارا بنگەهێ بولیسین کارێز ژمارە ٣٥٦٤ ل ڕێکەفتی ٢٠١٨/١٠/١٥ و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ تاخی نەوروز و پەسەندا هەلبژاری تاخی ئامە٢/ کو تێدا هاتیە دیارکرن ناڤێ وان د تومارا مەدا هەیە بەلێ نوکە نە ئاکنجی نە ل تاخی مە و لدیف پێزانینین مە چونە ژ دەڤەی وەلاتی و ژیەر نە دیاربینا جهێ ئاکنجیبینا وە دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە یێن نافخویی و ڕۆژانە دا هین بهێنە ئاگەهدارکرن ب بریارێ ئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر نەهێنانەبەر ژ سیندخارنێ ل دەمێ نکولی و نەرازیبوونی و تە مافێ نەرازیبوون و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاساییدا و بەرۆڤاژی بریار دێ پلا دوماهیکی وەرگرت.

دادەر/ احمد حسن خلف

***

وەزارەتی خوێندنی باڵاو تویژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی و میواندارای زانکۆو نیشتەجێکردن

ژمارە: ٩/٨/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٢


بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر

ئاگاداری

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە ١٧٣٠٣/١ لە ٢٠١٨/١٢/١٨ کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە ئێمە لاریان هەیە وە نارەزایی خۆمان دەردەبڕین دەربارەی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٣٩ لەسەر پارچە زەوی ژمارە ١٠٢/١٢٣ ك ٤٥ وارش کە ساڵانێکی زۆرە بۆ پارکی ئۆتۆمبێل بەکارهێناوە لەلایەن زانکۆکەمان ئەم زەویە پێشتر بەناوی زانکۆ بوە وە لەسنوری زەویەکانی زانکو بوە بەپێی تۆماری هەمیشەیی ژمارە ١٠٢/١ ك ٤٥ وارش و چەسپاندنی سنوری هاوپێچ کە ڕووبەرەکەی ٨٦ دۆنم بوە وە دوای نیفرازکردنی خانوەکانی دێی کۆنی زانکۆ کە لەسەر ئەم پارچە زەویە بوو بەپێی ڕێنماییەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی زۆربەی خزمەت گوزاریەکانی ئەو زەویەی زانکۆ کە ئامادەی پێدراوە وە هەموو جێبەجێکراوەکانی بۆتە بەشێك لەو ڕێگا گشتیە ئامادەتان پێدراوە کە ژمارەکەی ١٠٢/١٢٣ ك ٤٥ وارش ئەو زەویە سێگۆشەییەش یەکێکە لەو پارچە زەویانە کە خزمەت گوزاری پارکی لەسەرە هەر سەر بەو زەویە سەرەکیەیە زیاتر لە ٣٥ ساڵە مولکی زانکۆیە بەکارهێناوە لەلایەن زانکۆکەمان تکایە کاری پێویست ئەنجام بدەن و ئاگادارمان بکەنەوە هاوکاریتان جێگەی ڕێزمانە. هاوپێچ/ گشت بەڕاییەکان

پ.د.أ احمد انور دزەیی

سەرۆکی زانکۆ


JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

1- JOB TITLE: Shutdown/Start-up Manager

LOCATION: Office & Field

JOB SUMMARY

Provide leadership in consolidating the requirements defined by the "Flawless Shutdown and Start-Up" philosophy and goals specific to the surface process facilities within the TAQA Iraq asset. Enhance business value through the application of Continuous Improvement methodology for the identification and execution of opportunities to reduce the overall proposed planned shutdown period.

KEY RESPONSIBILITIES

- Develop robust short and long-term work scopes to ensure that all referenced work is completed for the enhancement of the reliability and profitability of the facility.
- Review and provide feedback on detailed technical assessment reports for the optimisation of new and existing systems, including recommendations for remedial and long-term action plans, prior to forwarding to Senior Management
- Respond quickly to challenging and varying production-related business interruptions as defined by the Operations, Drilling and Reservoir Engineering Groups
- Assure the timely delivery of the Engineering and Maintenance group remit

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Minimum of 10 years Mechanical Engineering or similar technical experience in Oil / Gas or petrochemical process facilities
- Fluency in English, both written and spoken
- Minimum of five (5) years of process plant operations experience
- Effective leadership and interpersonal skills

NOTE:

- These positions will remain open until one week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

«خەبات» ڕاپۆرتێک لە وڵاتی تونس ئامادە دەکات

ئەندازیاری بەهاری عەرەبی لەنێوان گوزەرانی خەڵک و بەرداشی پەشیمانی دا



ئەندازیارێک: لەرووی سیاسییەوە کێشەمان نییە، بەڵام گوزەرانی خەڵک زۆر خراپە

تونس: هاوار مورتکەیی
تونس بناسە

کۆماری تونس وڵاتێکە دەکەوێتە باکووری ئەفریقیا و دەریای سپی ناوەڕاست، هاوسنوورە لەلای باکوور و ڕۆژهەڵاتیەوە، لیبیاش دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە، هەروەها جەزائیریش دەکەوێتە ڕۆژئاوایەوە، ڕووبەری ئەو وڵاتە تەنها (163.610) کیلۆمەتر دووجایە، شاری تونسیش پایتەختی ئەو وڵاتەیە کە گەورەترین شارە.

لەکاری سیاسی کێشەمان نییە، بەڵام خەڵک برسییە

ئەکرەم جومەیعی کە ئەندازیارێکی تونسیە لە گفتوگۆیەکدا زۆر شتی لەبارەی تونسەوە پێ ڕاگەیاندم، ئەو باسی لەوە کرد کە لە وڵاتەکەیان 100 پارتی سیاسی هەیە، کە لەنێویاندا ژمارەیەک پارتی سیاسی ئۆپۆزسیۆنن و کاری سیاسی و ئێپۆزسیۆن ڕێڕەوێکی خۆی هەیە و ئازادییەک هەیە لە ڕەخنەگرتن لەیەکتر و بانگهێشتکردنی وەزیر و بەرپرسە باڵاکان بۆ سەر شاشەکانی تەلیفزیۆن و ئاراستەکردنی هەموو جۆرە پرسیارێک، لە میدیاکان ئازادی هەیە، دەتوانین بڵێین لەڕووی سیاسییەوە کێشە نییە بەقەد کێشەی ژیانی خەڵک، چونکە ژیانی خەڵک لێرە زۆر سەختە.

ئەو ئەندازیارە زیاتر دەڵێ: وڵاتی تونس بە پلە یەک پشتی بە گەشتوگوزارەوە بەستووە، ئەگەرچی ئەو سێکتەرەش وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و کەمتەرخەمی پیوە دیارە، پلەی دووەمیش پشت بە نادنی هەرێرو پاشانپشت بە پیشەسازی دەبەستیت و بۆ ئەمەش پرۆتۆکۆلاتی زۆر لەنێوان کۆمپانیاکانی تونس و کۆمپانیاکانی ئەوروپادا هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا باری گوزەرانی خەڵک لەئاستیکی خراپدایە و دەبینین ڕێژەی بێکاری لەم وڵاتە خۆی لە 20% دەدات و ئەمەش زۆرە، چونکە موچەی فەرمانبەرانیش لەو ئاستە نییە کە فەرمانبەر بتوانێت پێی بژێت، موچەی فەرمانبەران لەنێوان 400 تا 450 دۆلارە (هەر 100 دۆلارێک دەکاتە 273 دیناری تونسی)، ئەوەی کرێچیش بێت ژیانی سەختترە چونکە خانووی کرێ لەم وڵاتە بە 300 دیناری تونسیە.

ڕۆژانەمان تەنها 20 دینارە

لە لێواری شەقامێکی نزیک نەخۆشخانەی فەتوومە بورقیبە، پیاوێکی تەمەن 40 ساڵان بەدیار کۆمەڵێک وردەوالەی هەرزانەوە دانیشتبوو، دوو قۆری بچووکی چایشی لەبەردەم بوو دەیفرۆشت، یوسف عەبدولعەزیز بۆی باس کردم و گوتی: هیچ کارێک نییە بیکەم بۆ ئەوەی ڕۆژانەی زیاترم هەبێت و خۆم و خێزانەکەم کە دوو منداڵم هەیە بژیان دابین بکەم، ڕۆژانە من هەشت کاتژمێر لەبەر سێبەری ئەم دارە ئەوانە دەفرۆشم، ئەو ڕۆژەی بازاڕم باش بێت تەنها 20 دینار دەبەمەوە ماڵەوە، کە ئەمەش تەنها بەشی ئەوە دەکات بژیم.

کاسبکارێک: بە 20 دیناری تونسی ڕۆژانە 8 کاتژمێر کاردەکەم

پێش بەهاری عەرەبی ژیانمان خۆشتر بوو

هەر لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەم حەزم کرد هەموو چین و تۆێژەکان وەربگرم، بەو پێیەی بەئەرکێکی تر سەردانی تونسم کردبوو، بۆیە توانیم زۆرێک لەوان بدوێنم، کاتێک تەکسییەکم گرت بۆ گەڕانەوە بۆ هوتێل مونستێر سیتی کە تەنها 2 کیلۆمەتریک دووربووم، ئەو شوفێرم دواند کە باسی خۆی و وڵاتەکەیم بۆ بکات، ئەو گوتی: لێرە گەر باسی سیاسەت نەکەی کەس یەخەت ناگری، بەڵام من چیم لەسیاسەتە ئەگەر داوای نان نەکەم؟ گوزەرانی من و ئەو خەڵکە زۆر خراپە، جاران بەوشێوەیە نەبوو، سەردەمی زین العابدین شتێک نەبوو بەناوی سەختی ژیان، ژیانی ئەوکات زۆر خۆشتر بوو لەوەی کە ئێستا هەیە، ئەو بەتوندی حاڵەی ئێستامان بۆ دروست بوو کە ئومێد دەخوازین بگەڕێینەوە سەردەمی پێشووترمان.

لەنزیکەوە ئاگاداری کوردستانن

هەر لەمیانی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەم کاتێک لە مارکێتێک خەریکی کڕینی پێداویستییەک بووم، کچێک هەستی لە قسەکردنی من و خاوەن مارکێتەکە ڕاگرتبوو، زانی کە من خەڵکی تونس نیم، بۆیە لێمان نزیک بۆوە، خاوەن مارکێتەکە بەفەرەنسی قسەی دەکرد، واتە لەیەکتر نەدەگەیشتین، ئەو کچە هاتە لام و گوتی تۆ خەڵکی کوێی؟ گوتم خەڵکی کوردستانی عێراقم. گوتی ئاگاداری زۆر شتی ئێوەم، ئێوە لەگەڵ ئەمەریکا داعشتان لەناوبرد، ئێوە پێشمەرگەی ئازاتان

هاوڵاتییەک: دەزانین کوردستان و ئەمەریکا داعشیان لەناوبرد، ئێوە پێشمەرگەی ئازاتان هەیە

هەیە.

داوای چاکسازی

لەلایەکی دیکەوە ئەنجوومەنی شورای بزووتنەوەی (ئەلنەهزە) درکی بەوە مەترسیە کردووە و لە ڕاگەیەندراوێکیدا داوای لە حکوومەت کردووە کە هەنگاوی خێرا بهاوێژێ بۆ چاکسازی بەپێ دوودڵی و لەمەشدا هەماهەنگی بکات لەگەڵ ڕاوێژکار و پارتەکان و ئەو ڕێکخراوانەی پەیوەستن بە داڕشتنەوەی پێشنیارەکان لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە سەختە کە وڵات لەبارەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پێی سەرقاڵ بووە.

کێشەی بێ ئاوبی لە تونسیش هەیە..!

کێشەی بێ ئاوبی و کەرتی تەندروستی و ڕێژەی بێکاری دیارترین ئەو کێشانەن کە لە شەقامی تونسی قسەی لەبارەیەوە دەکرێت، ئەو هەفتەیەی من لەتونس بووم زۆرێک لەگەڕەکەکان لە شارە جیاجیاکان دووچاری کێشەی بێ ئاوبی ببون، ئەوکێشەیەش تا ئێستا چارەسەری بنەڕەتی بۆ نەدۆزراوەتەوە، هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی نوێ خوێندنیش، زۆرێک لەقوتابخانەکان مەترسی بێ ئاوبیان لەسەرە و تا ئێستا چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەگەر بەمونە باس لە شاری جندوبە بکەین دەبین لەو سنوورە 231 قوتابخانە هەیە، کە 40486 قوتابی وانەی لێ دەخوێنن، دەبینین 99 قوتابخانە لەڕێگای کۆمپانیایەکەوە ئاوی بۆ دابین دەکرێت و زیاتر لە 100 قوتابخانە کێشەی بێ ئاوی هەیە.

تەندروستی لەمەترسیدایە

کەرتی تەندروستی یەکێکە لە دیارترین کێشە زەقەکانی ئەم دوایییەی وڵاتی تونس، کە پزیشکان ئاماژەی بۆ دەکەن تا ئێستا وڵات بەخۆیەوە نەبینیووە، کار گەیشتە ئەوەی ئاڕەزایی پزیشکانی لێ بکەوێتەوە و هەڕەشەی داخستنی نەخۆشخانەکان دەکرێت، لەبەر ئەوەی هیچ خزمەتگوزارییەک بە نەخۆش ناکرێت و لەم ڕووەوە حکومەت هیچ هەنگاوێکی تازەی نەهاویشتووە و ئەوەی کاری لەسەر دەکرێت ئەو پلانەی پێشووە و کە پێویستی بە گۆڕانی گەورەوە هەیە، نەخشەی تەندروستی لە وڵاتی تونس لەکاتی سەربەخۆبونیەوە لەسەر بنەمای زوڵم و نادادپەروەری ڕێشتووە، ئێستاش کەرتی تەندروستی زیاتر لەجاران ئاڵۆزتر بووە، ئێستا زۆرێک لە نەخۆشخانەکان و بە نەخۆشخانەکانی تونسی پایتەختیشەوە لەبەر کەمی دەرمان و ئامێری پێشکەوتووی پزیشکی دەناڵێنن، هەر بۆیەشە دەبینین زۆرێک لە هاوواڵتیان پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە، بەڵام لەبەر ئەو گرفتانە پەنا بۆ نەخۆشخانەکان نابەن.





شوفێرێک: خۆزگە بە ژیانی پێش بەهاری عەرەبی دەخوازین





سوودە تەندروستییەکانی لۆبیا

لۆبیا لە پاقلەمەنییەکانە و پێکهاتەی خۆراکی گرنگی تێدایە بۆ جەستەی مرۆڤ وەک ڕیشاڵ و پڕۆتین و کانزاکان. بە پێی ڕاپۆرتێکی مالپەڕی (بۆڵد سکای) تایبەت بە تەندروستی بەکارهێنانی لۆبیا لە سیستەمی خۆراکیدا هاوکار دەبێت لە ڕێگانەدان بە سەرهەڵدانی کێشە تەندروستییەکان.
گرنگترین سوودەکانی لۆبیا بریتییە لە:-
یەکەم: باشکردنی بینین، لۆبیا بینین باشدەکات لە ڕێگای بەهێزکردنی شانەکانی چاو بەهۆی پێکهاتەکەی لە ڤیتامین A کە بەپرسیارە لە بەرهەمهێنانی بۆرەی تۆڕی چاو لە ئەنجامدا بینین تیژ دەبێت.
دووەم: پاراستنی تەندروستی دڵ، بەهۆی هەبوونی بڕێکی زۆر لە پۆتاس لۆبیا لە سیستەمی خۆراکیدا هاوکار دەبێت لە ڕێگانەدان بە سەرهەڵدانی کێشە تەندروستییەکان. گرنگترین سوودەکانی لۆبیا بریتییە لە:-
یەکەم: باشکردنی بینین، لۆبیا بینین باشدەکات لە ڕێگای بەهێزکردنی شانەکانی چاو بەهۆی پێکهاتەکەی لە ڤیتامین A کە بەپرسیارە لە بەرهەمهێنانی بۆرەی تۆڕی چاو لە ئەنجامدا بینین تیژ دەبێت.
دووەم: پاراستنی تەندروستی دڵ، بەهۆی هەبوونی بڕێکی زۆر لە پۆتاس لۆبیا لە سیستەمی خۆراکیدا هاوکار دەبێت لە ڕێگانەدان بە سەرهەڵدانی کێشە تەندروستییەکان.
یەکەم: باشکردنی بینین، لۆبیا بینین باشدەکات لە ڕێگای بەهێزکردنی شانەکانی چاو بەهۆی پێکهاتەکەی لە ڤیتامین A کە بەپرسیارە لە بەرهەمهێنانی بۆرەی تۆڕی چاو لە ئەنجامدا بینین تیژ دەبێت.
دووەم: پاراستنی تەندروستی دڵ، بەهۆی هەبوونی بڕێکی زۆر لە پۆتاس لۆبیا لە سیستەمی خۆراکیدا هاوکار دەبێت لە ڕێگانەدان بە سەرهەڵدانی کێشە تەندروستییەکان. گرنگترین سوودەکانی لۆبیا بریتییە لە:-



دوای سااڵێک لەیاریکردنی بۆ بەرشلۆنە
کۆتینهۆ شایستەی ئەم بڕە پارەیە بوو

لەساڵی رابردوو یانەی بەرشلۆنە لە 1/6دا رایگەیاند کە بۆندی ئەستێرەی بەرازیلی فیلیپی کۆتینهۆی دوای گفتوگۆیەکی درێژ لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول واژۆکرد، لەناوەڕاستی وەرزدا ناوبراو گەیشتە کاتەلۆنیا بەمەبەستی پرکردنەوەی شوێنی نیمار، کە بەر لەچەند مانگێک لەهاتنی ئەو یانەی بارسای جێهێشت. تێچووی گواستنەوەی کۆتینهۆ لەیانەی لیڤەرپوول بۆ یانەی بەرشلۆنە 120 ملیۆن یۆرۆ بوو، لەگەڵ 40 ملیۆن یۆرۆ پاداشت، بەمەش بووە گرانترین یاریزان لەمێژووی یانەکە، کە بەر لەچەند رۆژێک ساڵێکی تەواو بەسەر هاتنی بۆ سەر یاریگای کامپ نو تێدەپەڕێت، بەم بۆنەیەوەش هەڵسەنگاندنێکی سەرپێیی بۆ ئەنجام دەدەین:

مانگەکانی رابردووی کۆتینهۆ باش نەبوون، دوای ئەوەی بەهۆی پێکانەوە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لەیاریگا دوورکەوتەوە، خۆی لەدەرەوەی پێکهاتەی سەرەکی یانەی کاتەلۆنی بینیەوە، بەمەش راهێنەر ئارنستۆ ڤالڤێردی بەشێوەیەکی زۆر پشت بە عوسمان دیمبلی دەبەستێت، کە دووەمین گرانترین یاریزانی یانەی کاتەلۆنییە، کە تاکو ئێستا 15 گۆڵی تۆمارکردووەو 10 گۆڵی دیکەی دروستکردووە، واتا بەشداری 25 گۆڵی کردووە، ئەمەش ژمارەیەکی باشە بەو پێیەی ئەو هێرشبەری خێرا نییەو یەکەمین ساڵییەتی لەگەڵ یانەکەی. لەگەڵ ئەوەی کۆتینهۆ بەواتاییەکی ڕێژەیی سەرکەوتوو بووە لەسەر ئاستی ژمارەکان، بەڵم لەچێگای هیوای هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە نەبووە، لەسەر ئاست، کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ببێتە شایستەی ئەو بڕە پارەیەی پێی دراوە، هەروەها ئەو چانسی پاڵەوان و سەرکردەی نەبووە، هەروەکو لەیانەی لیڤەرپوول هەیبوو، کە هەندێکیان بەکارێکی سروشتی دەزانن بەهۆی بوونی میسی، بەڵم هەندێک یاریزانی دیکە هەن کە ڕۆڵی سەرکردە دەگێڕن لەسەر ئاستی کەسایەتی وەکو لویس سواریز و گیرارد پیکێ و هەتاکو نیماریش، بەر لەڕۆیشتنی، کە ئەمەش بەتەواوی لەلای کۆتینهۆدا تاکو ئێستا بەرجەستە نەبووە. هەروەها نەیتوانی ڕۆڵی ئەندریاس ئەنیستا بگێڕێ بە بەستنەوەی هێڵی ناوەڕاست و هێرشبردن، کە هێشتا میسی ئەم ڕۆڵە گرنگە دەبینێت لەدوای ڕۆیشتنی وێنەکێشی کاتەلۆنی. هەروەها ئەستێرەی بەرازیلی لەکاتی وەرگرتنی تۆپ مەترسییەکی ئەوتۆ نییە لەناو هێڵی سزا، ئەگەر بواری پێویستیشی هەبێت بۆ ئاراستەکردنی تۆپ. یاریزانی ناوبراو ئێستا کێشەی زۆری هەیە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەپێکهاتەکەی تیپەکەی نابیندرێت، عوسمان دیمبلێ لەم دواییەدا توانیویەتی هەنگاوێک پێشی کەوێتەوە، کاتێک ڤالڤێردی زیاتر لەهێڵی ناوەڕاست بۆ ئەرکی لەدەست نەدانی هاوسەنگی بەرگری پیشتی پێ دەبەستێت. دەتوانین بڵێین لەماوەی ساڵێکدا کۆتینهۆ یاریزانێکی ناوەڕاستی باشە، بەڵم بە گوێرەی بەهاکەی زۆر بەرزبووە، هێشتا زۆری لەبەردەم ماوە بۆ ئەوەی دڵی هاندەران و ڕۆژنامەوانان و ڕاهێنەر بەدەست بێنێت، دەتوانێت ئەنجامیشی بدات بەهۆی بەرزی توانای هونەری لەناو یاریگا و بچووکی تەمەنی کە هێشتا 26 ساڵە.

نەبەز ڕوستایی

میسی لەگەڕانەوەی بۆ هەڵبژاردەی تانگۆ نزیک بۆتەوە



مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی وادەی گەڕانەوەی یاریزانی نێودەوڵەتی لیۆنێڵ میسی هێرشبەری یانەی بەرشلۆنە بۆ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دیاریکردووە، ئەم سەرچاوەیە دەڵێت: سیسرکەی تانگۆ لەمانگی ئاداری داهاتوو دەگەڕێتەوە ناو پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی، ئەمەش لەمیانی یاری دۆستانەیان بەرامبەر هەڵبژاردەی ڤەنزوێلا دەبێت، بە ئامانجی ئامادەکاریان بۆ پاڵەوانێتی کوپا ئەمریکا کە لەبەرازیل بەڕێوە دەچێت، لیۆنێڵ میسی لەدوای مۆندیالی 2018 لەهەڵبژاردەی سەماکەرانی تانگۆ دوور کەوتۆتەوە، دوای ئەوەی لەقۆناغی 16ی مۆندیالی ڕووسیا لەقۆناغی 16 بەرامبەر فەرەنسا ماڵئاواییان کرد.

نوێر: ئامانجمان گەیشتنەوەیە بە دۆرتمۆند



مانوێل نوێر، گۆڵپارێزی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی دووپاتی کردەوە، ئامانجی تیپەکەی بەردەوامی بەدواکەوتنی بوروسیا دۆرتمۆند، یەکەمی ریزبەندی خولی ئەڵمانیایە، لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی دووەم لە نیوەی ئەو مانگەدا. نوێر لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەنااڵی یانەکەی وتی:"من دڵخۆشم بەوەی توانیم لەگەڵ هاوتیپەکانم بەشداریی لە ئامادەکارییەکان بۆ نیوەی دووەمی وەرز بکەم لە دەوحەدا، دوای ئەوەی بە هۆی پێکان لە کەمپی مەشقەکانی پارەکە نەمتوانی بەشداریی بکەم". هەروەها وتی:"ئێستا کاتی مەشقکردن و ئامادەکاریی تونده، تاکوو بۆ قۆناغی دووەم ئامادە بین، چونکە بە پێچەوانەی سالنی پێشوو، ئەمسااڵەکە ئێمە بە دوای یەکەمی ریزبەندی (دۆرتمۆند) کەوتووین". وتیشی:"ئەوەیان بۆ ئێمە هەڵوێستێکی جیاوازە، بەڵم وەرمان بەرزە و ئامانجمان بردنەوەی یارییەکانی داهاتوومانە، بەتاییەتی یاری یەکەمان بەرانبەر هۆفێنهایم، لە دەرەوەی یاریگەی خۆماندا".

ڕەمزی میرەکانی

یۆڤنتۆس گۆڕینەوەی بن عەتیەی بەرامسی ڕەتکردەوە

ڕاپۆرتە هەواڵەکانی ئیتاڵیا ئاشکرایان کرد کە یانەی یۆڤنتۆس پێشنیارێکی یانەی ئارسنااڵی ڕەتکردەوە، کە تیایدا داوای گۆڕینەوەی یاریزان ئارۆن رامسی بە بن عەتییە کردبوو بۆ گواستنەوەکانی زستانە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئەستێرەی وێڵزی بەمەرجەکانی یانەی یۆڤنتۆس رازیبووە، کە لە کۆتایی وەرز بە بۆندێکی ئازاد بچێتە یانەی خائم پیرەکە، هەر لەدوای کۆتایی هاتنی بۆندەکەی. بیانکۆنێری ئارەزووێکی زۆری هەبوو کە لەماوەی ئەم زستانەدا پەیوەندی بە پێکهاتەی سەرەکی تیپەکەی بکات، بەڵم ڕاهێنەر ئۆنای ئیمری نایەوێت تا بۆندەکەی کۆتایی دێت لەدەستی بدات. بەگوێرەی تۆڕی تۆتۆ میراکاتۆ وێپ ئارسنااڵ بەر لەکاتی دیاریکراو دەستبەرداری رامسی دەبێت، بەمەرجێک بن عەتییە ببێتە بەشێکی گۆڕینەوەی ئەم بۆنده. لەهەمان کاتیشدا یۆڤی نایەوێت بەرگریکارەکەی لەناوەڕاستی وەرزدا بڕوات، لەگەڵ ئەوەی ئارسنااڵ و شالکەو میلان گرنگی بەخزمەتەکانی دەدەن.



www.xebat.net
خەبات
سێ شەممە 2019/1/8 ژمارە (5667)



سۆلاری بۆتە هۆکاری دابەزینی بەهای 9 یاریزانی ریال مەدرید

بەهای بازاڕی یاریزانانی ریال مەدریدی ئیسپانیا لەدابەزیندایە، لەکاتێکدا هەندێکیان بەهایان بەرز بۆتەوە، لەمبارەیەوە مالپەڕی ترانسفێرت مارکێتی تایبەت بە بازاڕکردنی یاریزانان راپۆرتێکی بلوکردەوە و بەهای بازاڕی یاریزانانی ریال مەدریدی دیاریکردووە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی (ئاس)ی ئیسپانی ئەو ڕەوشە ناجێگیرەی ریال مەدریدی تیادا تێدەپەڕێت کاریگەری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبووە، کە بۆتە هۆی ژمارەیک شکست لە خولی یانە پاڵەوانەکان و لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆر لەخاڵەکانی خولی لالیگا، لەگەڵ ئەوەی نەیتوانیوە لەهەندێک یاریدا ئەنجامەکانی لەبەرژەوەندی خۆی یەکلایی بکاتەوە، کە دواینیان بەرامبەر یانەی ڤیاریال بوو، ئەمەش بەهۆی ئاستی لاوازی هەندێک یاریزانان و پێکانی هەندێکی دیکەیان و دووڕکەوتنەوەیان لەپێکهاتەی سەرەکی بۆتە هۆی دابەزینی بەهای ئەو یاریزانانە لە بازاڕدا، کە 9 یاریزان لەخۆ دەگرێت، تەنها 2 یاریزان بەهای بازاڕیان بەرز بۆتەوە.

- ریگۆلین و یۆرینتی:

لەدواین نوێکردنەوەی مالپەڕی ترانسفێر مارکێتدا بەهای هەردوو یاریزانی لاوی ریال مەدرید سێرگیۆ ریگۆلین و مارکۆس یۆرێنتی بەرز بۆتەوە، ئەمەی یەکەم لە 5 ملیۆن ب 7.5 ملیۆن یۆرۆ، یۆرێنتیش لە 12 ملیۆن بۆتە 15 ملیۆن یۆرۆ. فاکتەری بەرزبوونەوەی بەهای ریگۆلین توانی کێشە جەستەییەکانی یاریزانی بەرازیلی مارسێلۆ بقۆزێتەوە ئاستێکی باش لەشوێنی ئەو پێشکەش بکات، کە تاکو ئێستا 495 خولەک بەشداری کردووە لەگەڵ یاریبیە ئامادەکاریبەکانی سەرەتای وەرز.سەبارەت بە یۆرێنتی توانی هەلی پێکانی یاریزان کاسیمێرۆ بقۆزێتەوە خۆی لەشوێنی ئەو بسەلمێنێت کە بۆتە توخمێکی سەرەکی لەگەڵ ئەوەی لەدواینی مەشقی ساڵی 2018 تووشی پێکان بۆوە.

- بەهای 9یاریزان لەدابەزیندایە:

بەهای 9یاریزانی یانەی شاهانە لەدابەزیندایە بەهۆی ئەوەی هەندێکیان تووشی پێکان بوونەو هەندێکیشان زۆر بەکەمی بەشداری پێکهاتەی سەرەکی دەکەن، بەهۆی لەدستدانی بەشێکی ئاستیان کە پێشتر پێی ناسرابوون، ئەوانیش (کیلۆر ناڤاس کە بەهای لە 18 ملیۆن بۆ 15 ملیۆن یۆرۆ دابەزیوە، ئەمە بەهۆی دوورخستنەوەی لەپێکهاتەی سەرەکی، دوای هاتنی تیۆ کۆرتوا، هەروەها گۆڵپاریزی سێیەمی ریال کاسیا کە بەهای لە 6ملیۆن بۆ 3ملیۆن یۆرۆ دابەزیوە، دوای دوورخستنەوەی بەتەواوی لەیارییەکان، پاشان رامۆس دێت کە بەهای لە 40 ملیۆن بۆتە 30 ملیۆن یۆرۆ، ئینجا ناچۆ لە 35 ملیۆن بۆ 30 ملیۆن یۆرۆ بەهۆی پێکانە بەردەوامەکانی لەچەند مانگی رابردوودا، هەروەها ڤایێخۆ بەهای لە 12 ملیۆن بۆتە 10 ملیۆن یۆرۆ بەهۆی پێکانە دووبارەکانی و تەنها 90خولەک لەم وەرزەدا یاری کردووە، ئینجا ئیسکۆ دێت کە بەهای لە 90 ملیۆن گەڕاوەتەوە 75ملیۆن یۆرۆ، بەهۆی دەرچوونی لەپێکهاتەی سەرەکی سۆلاری، مارکۆ ئاسینسۆ بەهای لە 90 ملیۆن بۆ 80 ملیۆن دابەزیوە، کە هەمان کێشەی ئیسکۆی لەگەڵ سۆلاری هەیە. ئینجا گاریس بێڵ دێت کە بەهای لە 90ملیۆن بۆتە 80 ملیۆن بەهۆی پێکانە زۆرەکانی ئەم وەرزەی، ماریانۆ دەیازیش بەهای لە 22 ملیۆن بۆ 20 ملیۆن دابەزیوە، بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە پێکهاتەی تیپەکەی و پێکانی ئەم دواییەی، کە کۆی گشتی زیانەکانی ریال مەدرید لەدابەزینی نرخی یاریزانانی 60 ملیۆن یۆرۆیە.

- 13 یاریزانی شاهانە پارێزگاری لەنرخی خۆیان لە بازاڕەکاندا دەکەن:

سەبارەت بە نرخی ئەو یاریزانانەی ریال مەدرید کە هێشتا پارێزگاری لەنرخی پێشوویان دەکەن، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ترانسفێر مارکێت، بریتین لە کۆرتوای گۆڵپاریز کە بەهای 65ملیۆن یۆرۆیە، ئاودریۆزۆلا بەهای 30ملیۆن یۆرۆ ماوەتەوە، ڤینسیۆس 35ملیۆن یۆرۆ، رافائێل ڤاران 80ملیۆن یۆرۆ، مارسێلۆ 70ملیۆن یۆرۆ، کارڤەخال 60 ملیۆن یۆرۆ، کاسیمێرۆ 70ملیۆن یۆرۆ، کرۆس 80ملیۆن یۆرۆ، لۆکا مۆدریچ 25ملیۆن یۆرۆ، سیپایۆس 20 ملیۆن یۆرۆ، ڤالڤێردی 6ملیۆن یۆرۆ، ڤاسکێز 25ملیۆن یۆرۆ، بنزیما 40ملیۆن یۆرۆ.

نەهەز روستایی

فابریگاس بۆچی سەردانی فەرەنسا دەکات؟



میدیاکانی جیهانی لە یەک شەممەی ڕابردوو بلویان کردەوە کە یاریزانی ئیسپانی سیسک فابریگاس لەهێڵی ناوەڕاستی یانەی چێڵسی ئینگلیزی گەشتێکی بۆ ولتی فەرەنسا ئەنجامداوە، لەپێناو گفتوگۆکردن لەسەر گواستنەوەو پەیوەندیکردنی بەیانەی مۆناکۆی فەرەنسا ، تۆڕی (سکای سپۆرت)ی جیهانی بلویکردەوە کە ڕێککەوتن لەنێوان یاریزانی ئیسپانی فابریگاس و ئیدارەی یانەی مۆناکۆ هاتۆتە ئاراوەو یاریزانی یانەی چێڵسی بەفەرمی دەبێتە یاریزانی تازەی یانەی مۆناکۆ لەسەرەتای مانگی داهاتوودا، لەکاتی دەستپێکردنی بازاڕی گواستنەوەی زستانە. ڕۆژنامەنووسی ناودارى تۆڕی سکای سپۆرت (فابریزیۆ ڕۆمانۆ) دەڵێت: سیسک فابریگاس گواستنەوەی لەیانەی چێڵسی ئینگلیزی بۆ مۆناکۆی فەرەنسا بەخواستن نییەو بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوامە. هەروەها دەڵێت فابری رازی بووە بۆ ماوەی 3 وەرز لەگەڵ یانەی مۆناکۆ یاری بکات، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە سیسک مالئاوایی لەیاریزانە هاوڕێکانی لەیانەی چێڵسی کردووە، لەدوای دواینی دەرکەوتنی لەسەر یاریگای ستامفۆرد بریدیج، لەیاری ڕابردوویان بەرامبەر نۆتنگهام لەجامی یەکێتی ئینگلیزی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue, 8. Jan. 2019 No: (5667)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

فیقهی شۆڕش کەوتەبەردیدی خوێنەران

لێکۆڵینەوەیەکی فیکریی سیاسی بیرمەندی لیبرالی میسری (د . یوسف زیدان) ە و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی وەریگێڕاوە ، دەزگەی ڕۆشنبیری جەمال عیرفان لەم دواییانەدا بەقەبارەی 284 لاپەڕە چاپ و بڵاوی کردەوە ، نووسەر وەک لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەی پێدەدا { دەشێ وابزانرێ کەوشەی (فیقە)تەنیا لەبواری زانستی شەرعیدا نەبێ بەکارنایەت ، ئەوە ڕاستە کەزۆرتر بەزانستی ئایینی گوتراوە ، بەڵام بەڵای منەوە مانا ئەسڵییەکەی (زانین وحاڵیبوون لە شتێک) دەگەیەنێ .)


کتێبەکە بریتییە لە کۆمەڵە باسێکی شرۆڤەکاری و وردبوونەوە و تێڕوانین بۆ شۆڕشەکەی ئەم دواییەی گەلی میسر (25یەنایری 2011) کەلە ڕیزبەندی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی ولاتانی عەرەبییان گرتەوە و ناوزەدکران بە (بەهاری عەرەبی) . سەرنجدانێکی قوول و زانستیانە لەماهییەتی ئەو شۆڕسەی میللەت خۆی بەرپای کرد و چۆن هەندێ لایەن (وەک ئیخوانەکان و دەستەو تاقمە ئیسلامییە جۆر بەجۆرەکان) دور لەوانەی پێوەی ماندوبوون ، وەک حازرخۆری بەر سێبەر ، جڵەویان گرتە دەست و ڕێڕەوەکەیان گۆڕی بەمەبەستی لەباربردنی .

دیارە دزیننی شۆڕش لەخاوەنەڕەسەنەکانی ، کەخەڵکە زۆر لێکراوەکەیە ، لەلایەن تاقم و حیزبی ئەوتۆی دورلە مەینەتیەکانی خەڵکی ، خۆتێهەڵقورتاندنی کەسانی سەربە ڕژێمی پێشوو تالەسەردەمی تازەدا پێگەیە بۆخۆیان دەستە بەرکەن ، یان هەرنەبێ لەپلەو پایەی پێشوویاندا بمێننەوە، دیاردەیەکی تازەنییە .

نووسەر دێتەسەر گاڵتەجاڕی دیموکراتی کە ئەوانە مەبەستە خراپەکانیان تێیدا بەئیفلیجی پەیڕەو دەکەن ، ئەویش لەڕێی هەڵبژاردنێکی ساختەو پەرلەمانێکی دەهۆڵژەن بۆ ئامانجەکانیان ، بەدەر لە خزمەتکردنی گەل و ولات ، بەجۆری گشت ئەم بەلاڕێدا بردنانەی شۆڕشەکە لەخزمەتی هەوادارانی سیستەمەکەی پێشوودا نەبێ کەسیدی سوودمەند نابێ لێی . نووسەر لەم ڕوانگانەوە باس لەشۆڕشەکە دەکات تا ئاستی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی محەمەد مورسی کە هەرچۆنێکبی تێیدا سەرکەوت ، ئینجا سەرنجی نووسەر لەسەر ئەو بارو زرووفەی بە بالاپۆشییەکی ئاییننییەوە خولقاندیان.

ئەم بابەت و زانیاری و وردبوونەوانەی کتێبەکە بواریکن بۆ خوێنەر لەهەندێ ڕووەوە بەراوردکارییەک و تائەندازەیە لەیەکچوونێ بکات لەنێوان ئەو شۆڕشەو هەندێ لە بەسەرهاتەکانی دوای بەهاری 1991ی کوردستانی باشوور ، لەمەدا دەکرێ ڕاو بۆچوونەکانی نووسەر بۆلای ئێمەش سوودێکی باشیان ببێ.

بەگشتی کتێبەکە حەوت بەشی گرتۆتە خۆی ، بەشی شەشەمی دێتە سەر (لووتکە پڕشنگدارەکانی حیکمەی عەرەبی) کە شرۆڤەکردنی ڕێڕەوی ژیان و فیکری حەوت بیرمەندو حەکیمی ناوداری ناو میژووی هەزر و فیکری عەرەبییە و کاریگەریان لەسەر گۆڕانکاریەکانی بواری فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وژیاریی نەک تەنیا عەرەب بەڵکو گەلانی ڕۆژهەڵات ، تەمیە ، عەتاوڵای ئیسکەندەری ، ئیمامی سیووتی ، ئیخوان ئەلسەفا) لەپاینی وەرگێڕانەکەشدا بۆهەندێ وشەو زاراوە و دەستەواژەی وا کەتاڕادەیە نامۆیە بەزمانەکەمان یان حاڵیبوون لێیان پێویستی بەڕوونکردنەوەیە ، لە سیاقی خوێندنەوەدا دێنە بەر چاو ، فەرهەنگۆکێک بە پشتبەستن بە قاموسوسە عەرەبی و خۆمالییەکان ڕێکخراوە.





دەرهێنەر حەمە تاریق:

بەهیچ جۆرێک درامای بازرگانی خزمەتی بەبینەر و هونەری کوردی نەکردووە



دیمانە: بەرهەم شێخ عزەدین

من ناوم تاریق تۆفیق قادرە، ناسراوم بەحەمە تاریق، لە دایکبووی ساڵی 1981م لە شاری سلێمانی، لەساڵی 2010 یەکەم کاری هونەریم دەستپێکردووە لە درامای گە رمیان و کۆیستان، دواتر سالار سوڵتان بوو، پاشان درامای ئاکامی نهێنیەکان و درامای خانەکەی حاجی ئاغا و درامای غوربەت بوو. یەکەمجار وەک دەرهێنەرلە ساڵی 2013 کاری دەرهێنەرم بۆ فیلمی کێ دایکمە، ساڵی 2017 کردووەم کاری تریشم وەک دەرهێنەر ئەنجام دا،کە فیلمی هەنگاوە نادیارەکان بوو، ئەم فیلمە سنوورەکانی تێپەڕاندوگەیشتە فیستیڤاڵەکانی ئەوروپاو وڵاتانی عەرە بی و بەشداری لەفستیڤاڵی سلێمانی نێودەوڵەتی کردووە، پاشان چۆتە فستیڤاڵی بەڵجیکا ویەکێک بووەلەکاندیدەکان بۆ وەرگرتنی خەڵات،پاشان چۆتەوڵاتی سویدو لە فستیڤاڵی هۆگەکۆستین وخەڵاتی باشترین فیلمی فستیڤاڵی بەدەستهێناوە، ئێستا لەوڵاتی لیبیا لەفستیڤاڵی (مزدە)یە وەک نوێنەری کوردستان، بۆمانگی 10 و مانگەکانی دیکەلەفیستیڤاڵەکانی دیکەدابەشداوە. نوێترین کاریشم فیلمی(گوڵانە) کەلە فستیڤاڵی نێودەوڵەتی سلێمانی بەشداوە و یەکێکە لەکاندیدەکان بۆ وەرگرتنی خەڵات.



*** تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمی هونەریت؟**

- تا ئێستا سێ کاری دەرهێنەریم بۆ سێ فیلمی دیکۆمێنتاری کردووە

*** ئاستی دەرهێنەرانی کورد بە بەراوورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی چۆن دەبینی؟**

- ئاستی دەرهێنەرانی کورد لەئێستادالەئاستێکی زۆر باشدایە.گەربتوانرێ سپۆنسەر بکرێیت ، دڵنیام کاری زۆر باش دەکەن وڵەئاستی کاری دەرهێنەرانی جیهاندا دەبێیت، بەتایبەتی لەئێستادا کەکۆمەڵێک خوێندکاری باش لەهەردووکۆلێژی هونەر بەشی فیلمسازی لە سلێمانی و هەولێر دەخوێنن.

*** دەرهێنەرانی کورد تاچەند سوودیان لە تەکنەلۆژیا وەرگرتووە بۆ ئەوەی شانبەشانی هونەری وڵاتانی دی کاری جوان وبوغت پێشکەش بکەن؟**

- بەڵێ تا ڕادەیەکی زۆر باش، توانیویانەسوودوەربگرن لەتەکنەلۆجیا ئێستا زۆرجاران باس لەلاوازی کارەخۆمالییەکان دەکرێت ، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەقی باش،یان ئەکتەری بەتوانایان ئامێروتەکنەلۆژیای پێویست؟

* دەرهێنەری زۆر باشمان هەیە، ئەکتەری زۆر باشمان هەیە ، لەهەموویواڕە کاندا کادری هونەری زۆر پێیشکەوتومان هەیە، بەس بە داخەوە تا ئێستا لە هیچ لایەکەوە سپۆنسەرناکرێیت.هۆکاری پێشنەکەوتنی بۆ نەبوونی سپۆنسەر دەگەڕێتەوە.

*** دەرهێنەرانی کورد تا چ ئاستێ توانیویانە بە بەرهەمەکانیان چاوی بینەری کورد تێر بکەن و بەڵای بەرهەمی خۆمالییان ڕابکێشنەوە؟**

- بینەری کورد تامەزرۆی کاری کوردیە ، بەڵام بەداخەوە وەک پێشتر گوتم کار ناکرێت بەهۆی نەبونی سپۆنسەرەوە

*** هۆکارچیە کە بینەرلەدرامای کوردی تۆراوە؟**

- بینەری کورد نەتۆراوە لەسەیرکردنی درامای کوردی، بەس نەبوونی درامای کوردی وایکردوە کەبینەرسەیری درامای بیانی بکات ، هەندێکجار ڕاگەیاندنەکانمان هۆکارن بۆ دوورکەوتنە وەی بینەری کورد، بۆئەوەی بینەردرامای کوردی نەبینن.

*** تاچەند درامای تیجاری یان باشتر بڵێین ئەوفیلمانەی کە لەهەندێک کەناڵ یان لەسینەماکان دەکرێت خزمەتی هونەری کوردی دەکەن؟**

- بەهیچ جۆرێک درامای تیجاری خزمەتی بەبینەروهونەری کوردی نە کردووە.

*** وەکو ئەکتەرێک چی دەربارەی فیلمی دۆبلاژکراو دڵێی کە لەکەناڵەکاندا پیشان دەدرێت؟**

- باشتر وایەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەموو دراما بیانیەکان بە تایبەتی درامای تورکی ڕابگرن چونکە بەڕاستی خەریکە شیرازەی کۆمەڵگای کوردی تێکدەدەن

*** دەبێت چی بکرێت بەپێچەوانی ئێستا بینەر و درامای کوردی ئاشت بکرێتەوە؟**

- دەبێت وە زارەتی ڕۆشنبیری پاشان حکومەتی هەرێم و سەرمایەدارە کانمان بەجدی ئاوڕلەدەرهێنەرانی کوردبدە نەوە وهانیان بدەن بۆ ئەوەی درامای کوردی پێشکەش بکەن.

کێژان ئیبراهیم خەیات گۆرانییەکی تازەی بڵاوکردەوە



توانا زرار: خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ ، کێژان ئیبراهیم خەیات، بەبۆنەی ساڵی نوێووە تازەترین بەرهەمی خۆی بڵاوەدەکاتەوە. ئەم گۆرانییەی کێژان ئیبراهیم خەیات بڵاوی کردۆتەوە، تازەترین بەرهەمی هونەرییەتی و لەلایەن هەریەک حەمەسەعید حەسەن و ماهیر ئەمین و ڕۆزبی موسڵیح کاری بۆ کراوە. هونەرمەند ماهیر ئەمین سەبارەت بەم بەرهەمە تازەیەی کێژان ئیبراهیم خەیات گوتی: ئەو گۆرانییەی کێژان لەلایەن منەوە ئاوازی بۆ دانراوە و ئاوازێکی نوێیە.سەبارەت بەتێکستی گۆرانیەکەش هێمای بۆ ئەوەکرد ،تێکستی گۆرانیەکە لەلایەن حەمەسەعید حەسەنەوە نوسراوە، دەشڵێت سوپاسی مامۆستای گەورە حەمەسەعید حەسەن دەکەم کە لوتفی نواند و ڕازی بوو ڕێزبەندیی کۆپلەکان دەستکاریبکرێت.سەبارەت بەکاری میوزیکیش بۆ گۆرانیە تازەکەی کێژان خەیات ئامادەی بەوەدا کەلەلایەن ڕوزبی موسڵیح کاری میوزیکی بۆ کراوە.

هاووڵاتییەک لە شێخان ماوەی 42 ساڵە کەلوپەلی فۆلکلۆری کوردی لە ماڵەکەی خۆی دا دەپارێزێت



خەبات -ئالان شەهاب : یونس ڕەشید ناسراوە بە (ئەبو وەزیر) هاووڵاتییەکی بە تەمەنی شێخانە و ماوەی زیاتر لە 42 ساڵە لە ماڵەکەی خۆی کەل و پەلی فۆلکلۆری کوردەواری دەپارێزێت ، ئەو دەڵێت هەموو ئەو کەل و پەلانە فۆلکلۆری کوردین و دەیانپارێزم تا هەتایە دەبێت بمێنێتەوە ، لەم خانووە بە سەدان کەل و پەلی فۆلکلۆری کوردی هەیە ، هەروەها لە نێو ئەو کەل و پەلانە چەندین ئامێری موزیکی ئەو سەردەمەی هەڵگرتووە و لەگەڵ چەندین گۆرانی و بەرهەمی جۆراو جۆری هونەرمەندانی کۆنی کوردەواری پاراستوە ، ئەبو وەزیر داوا دەکات بۆ ئەوەی ئەو کەل و پەلە کوردەواریانە پارێزراو بێت و هەمیشە کلتور و فۆلکلۆری کوردی و ژیان و گوزەرانی کۆنی کوردەواری بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕوون دیار بێت.

هێدفۆنێک تایبەت بۆ چارەسەری کێشەی پرخە و ژاوەژاو

گەر کێشەی ئەوەت هەیە بە دەنگە دەنگ خەبەرت دەبێتەوە، بەتایبەتی بە دەنگی ئۆتۆمۆبیل و وەپینی سەگ و دەنگە بێزارکەرەکان، لە هەموشی گرنگتر دەنگی پرخەی کەسێک یان هاوسەرەکەت لە تەنیشتتەوە.

لە نوێترین داینناندا ئامێرێکی بچکۆلە دروست کراوە کە دەکرێتەوە گوێچکەوە و وادەکات دەنگە بێزارکەرەکانت گوێ لێنەبێت لەکاتی خەوتندا. ئەم ئامێرە نرخی ٢٥٠$ دۆلارە و بەم نزیکانە کەوێتەوە بازاڕەکانەوە. کۆمپانیاکان و شارەزایان هەمیشە هەوڵیان داوە داهێنانێک بکەن بۆ نەبێشتنی پرخە، بەڵام هەرگیز بیریان لەوە نەکردۆتەوە داهێنانێک بکەن بۆ ئەو کەسانەی لەتەنیشتیانەوە دەخەون، ئەم ئامێرەش دەبێتە یەکەمین داینان و پێشبینی دەکرێت سوودێکی زۆری هەبێت.